ڕێکخستنی یاسایی تاوانی

ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئاینییەکان

لە یاسای سزای عێراقیدا

(لیکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamotada.com



ئامادەکردنی
د. شاکر سلێمان مەحمود

چاپی یەکەم ٢٠٢٥

ڕێکخستنی یاساییی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە یاسای سزای عێراقیدا

د. شاکر سلێمان مەحمود

هەولێر ٢٠٢٥

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی تەبایی
©2025

ناوی کتێب: ڕێکخستنی یاساییی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە یاسای سزای عێراقیدا
ئامادەکردنی: د. شاکر سلێمان مەحمود
دیزاین: سۆران تاودەر
چاپی یەکەم: ٢٠٢٥
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانەی هێڤی
ژمارەی سپاردن: ٢٠٢٥/٢٨ – هەولێر – هەرێمی کوردستان

زۆر سوپاسی بەڕێز سۆران تاودەر دەکەین بۆ ڕێکخستن
و دیزاینی ئەم پەرتووکە هەمیشە قەرزاربارین...
د. شاکر

ناوەڕۆک

پێشەکی	٧
بەشـــی یەکەم: : چوارچێـــوەی تێگەیشـــتنەکان لە تـــاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	**١٧**
باسی یەکەم: : چۆنـایەتیی تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکان	٢١
خواسـتی یەکەم: : تێگەیشـتن لە تـاوانی ناوزڕانـدنی سیمبوڵە ئایینیەکـان و لەو بەرژەوەنـدیەی، کە لێـیەوە پەیدا دەبێت	**٢٣**
لقی یەکەم: پێناسەی تاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکان	**٢٤**
لقـی دووەم: بەرژەوەنـدییە پـارێزراوەکە لە تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	**٣٧**
خواسـتی دووەم: بنچیـنەی یاسـایی لە بە تـاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	**٥٠**
لقـی یەکەم: بنـاغەی دەسـتووریی بە تـاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	**٥٢**
لقـی دووەم: : بنـاغەی یاسـایی بـۆ بە تـاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	**٥٩**
باسـی دووەم: خـودێتی تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکان	٦٤

خواستی یەکەم: تایبەتمەندییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و سرووشتە یاساییەکەی	٦٦
لقی یەکەم: تایبەتمەندییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	٦٨
لقی دووەم: سروشتی یاسایی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	٨٩
خواستی دووەم: جیاکردنەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە هی دیکەدا	١٠٣
لقی یەکەم: جیاکردنەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە تاوانی دنەدان لە سەر ئازادیی هزری	١٠٤
لقی دووەم: جیاکردنەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە تاوانی وروژاندنی کووکە	١١٤
بەشی دووەم: حوکمە بابەتی و ڕێکاری و پاراستنەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	١٢٣
باسی یەکەم: حوکمە بابەتییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	١٢٧
خواستی یەکەم: کۆڵەگەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	١٢٨
لقی یەکەم: کۆڵەگەی ماددیی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	١٢٨
لقی دووەم: کۆڵەگەی واتایی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	١٤٦

خواستی دووەم: حوکمە سزاییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	١٤٥
لقی یەکەم: سزا بنەڕەتییەکانی تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان	١٥٧
لقی دووەم: سزا لاوەکییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و بارە توندکراوەکانی	١٦٢
باسی دووەم: حوکمە ڕێکاری و خۆپارێزییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	١٧٣
خواستی یەکەم: حوکمە ڕێکارییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	١٧٥
لقی یەکەم: ڕێکارەکانی داوای سزایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا	١٧٦
لقی دووەم: ڕێگاکانی سەلماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	٢٠٠
خواستی دووەم: حوکمە خۆپارێزییەکان لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	٢١٧
لقی یەکەم: میکانیزمە خۆپارێزییەکانی ناو یاسای ناوخۆ لە دژی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان	٢٣٠
سەرچاوەکان	٢٤٩
فەرهەنگۆک	٢٦١

پێشەکی

یەکەم: بابەتی لێکۆڵینەوەکە

هیچ گومانی تێدا نییە، کە ڕێزگرتن لە سیمبوڵە ئایینیە جیاوازەکانی تایەفەیەکی دیاریکراو بە یەکێک لە بەها کۆمەڵایەتی و ئایینیە بنچینەییەکان دادەنرێت، کە پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت و هەروەها نابێت ڕێگە بە لەکەدارکردنیان بدرێت. بۆیە هێرشکردنە سەر ئەو سیمبوڵانە بە پێشێلکردنی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانە دادەنرێت، لەمەشەوە دەبێتە دەستبردن بۆ سەر بەرژەوەندییە گرنگ و پێویستییەکانی ناو کۆمەڵگاکان، بۆیە پێویست دەکات، دەقی یاسایی تاوانیی هەبێت بۆ ڕێگری لێکردنی، ئەویش لە پێناو پاراستنی ئەو بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییانەدا، چونکە ئەو بەها ئایینیانە بەو بناغە گرنگ و پێویستییانە دادەنرێن، کە کۆمەڵگە جیاوازەکانی مرۆڤایەتییان لە سەر دامەزراوە. ئەوانە بریتین لەو پێوەرە گشتییانەی، کە ڕەفتاری مرۆڤەکان لە ناو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا جڵەو دەکەن، کە لەگەڵ تێپەڕینی کات بە سەریاندا لە سەری ڕێکدەکەون و دەکەونە ژێربارێ ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕانکارییە جیاوازەکاندا. ئەوەی هەبوونی ئەو بەهایانە دیاریدەکات ئەو چوارچێوە پەروەردەیی و هەروەها ڕۆشنبیریەیە، کە لەگەڵ ئەو ئاستە

هۆشیارییەی، کە خەڵکەکە لە کاتی ڕەفتارکردنیان لە ناو خۆیاندا لە کۆمەڵگاکان پێی گەیشتوون[1].

کەوابێت، هەرچەندە بابەتی ئازادی پەیوەستە بە تاک، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کاتێک، کە ئەو کارە پەیوەندیی بە مافی تاکەوە دەبێت لە پەیڕەوکردنی، ئەوەی کە بڕوای پێیە، لەگەڵ بیروڕایەکانی لە ناو بازنەی خەڵکانێکی دیکە و جیاواز لە خۆی، چونکە لێرەدا بابەتەکە لەو تاکە تێدەپەڕێت و دەبێتە تایبەتمەندیی هەموو کۆمەڵەکە، چونکە هەبوونی دەق لە سەر ئازادیی ڕادەربڕین و باوەڕداری، پابەندبوونە بە ئەگەری هەبوونی بیروڕایەک، کە سروشتەکەی فرەیی و باوەڕداریەک، کە سروشتەکەی جیاواز دەبێت و لەلای هەموواندا دانی پێدادەنرێت و پێویستە لە سەرەتاوە بیرۆکەیەکی سەرەتایی هەبێت، لەو جێیانەی، کە ئەو بیروڕا و باوەڕداریانەیان تێدایە، لە ژێر چەترێکی لێبووردەیی و ڕێزگرتنی یەکتری دابن. لەوەشەوە بە دوور بن لە ناوزڕاندنی هەر باوەڕداری و بیر و ئایینێک، چونکە بەپێی یاسا، ئازادیی گەیاندنی بیروڕایەکان ڕاگەیاندراوە. کە وابێت پێویستە ئەو ئازادییە، ناوزڕاندنی کەسانی دیکەی لە ناو کۆمەڵگادا تێدا نەبێت، چونکە ئەگەر وانەبێت، ئەوا بە پێشێلکردنی ماف و ئازادیی کەسانی دیکە دادەنرێت[2]. لە بەر ئەوەی پیرۆز

---

(١) مصطفى راشد عبدالحمزة الكلابي. دور القيم الاجتماعية في السياسة الجزائية. اطروحة دكتوراة. جامعة بغداد، كلية القانون، ٢٠١٧، ص٢٢٧.

(٢) د. حسان محمد شفيق العاني، نظرية الحريات العامة. منشورات جامعة بغداد، العراق. ٢٠٠٤، ص٧.

ڕاگرتنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە لایەن تایەفەیەکی دیاریکراوەوە و لەلایەن تاکەکانییەوە بە باوەڕداری دەژمێردرێت، بۆیە پێویستە لە لایەن کەسانی دیکەشەوە ڕێز لەو ئازادی و باوەڕداریەیان بگیرێت و پەلامار نەدرێت و ئەو گفتوگۆ زانستیانەشیان لە چوارچێوەی سنووریکی دیارکراودا بمێنێتەوە و نەبێتە هۆی بێزەوەرکردن و ناوزڕاندنیان، چونکە یاسای تاوانکاری لەو بارەدا دێتە ناوەوە و ئەو باوەڕ و ئازادییە دەپارێزێت، ئەویش لە ڕێی بەتاوانناساندنی دەستبردن و ناوزڕاندنی ئەو سیمبوڵانەی، کە تاکەکان لە ناو کۆمەڵگایەکدا باوەڕیان پێیانە.

لە ڕاستیشدا پاراستنی تاوانیانەی سیمبوڵە ئایینیەکان دەبێتە هۆی پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە درزتێکەوتن و هەڕەس هێنانی، چونکە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی، کە تاکەکان باوەڕیان پێیانە و یاساش دانی پێداناون، دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی بەرانبەر و بۆ ئاستێک تەشەنە دەکات، کە دەگاتە ئەوەی ببێتە دیاردەیەکی گشتی لە ناو کۆمەڵگادا، کە کۆنترۆڵکردنی زەحمەت دەبێت و لەوانەیە ببێتە هۆی شەڕی ناوخۆ. هەر بۆیە یاسادانەر لە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە بنەڕەتدا دەزانێت، کە ئەو لێکەوتە مەترسیدارانە چین، کە لە ئەنجامی پێشێلکردنی ئەو دەقانە دەکەونەوە، کە دەیانپارێزێت و بۆ ئەوە سیاسەتێکی تاوانکاریی خۆپارێزی دادەنێت لە پێناو خۆبەدوورگرتن لەو لێکەوتە مەترسیدارانەی، کە لە لادان لەو بەرژەوەندییانەوە دەکەونەوە.

لەڕاستیدا پرسی پاراستنی سیمبوڵەکان بایەخێکی گەورەی پەیداکردووە لە پێناو جێگیرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی. بە هۆی فراوانبوونی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ، ڕێگەکانی دەستدرێژیکردنە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان پەرەیسەندووە، چونکە لەگەڵ هەبوونی سەکۆ ئەلیکترۆنییەکان (پێگەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی) لەلای هەر یەکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا، کردە تاوانکارییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبوونەتەوە. لەوانەش ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بۆیە ئەو پەرەسەندنە ئەلیکترۆنییانە پێویستیان بە یاسای پێشکەوتوو و چارەسەری ڕاستەقینە هەیە لە سەر ئاستی تاوانی. ئەوەش لە ڕێگای پەیدابوونی دەقی ڕوون و ڕاشکاو، کە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە تاوان دەناسێنێت و دادپەروەریی تاواناسی دێنێتە کایەوە، لە ڕێی هەبوونی سزای تونەوە، کە لەگەڵ مەترسیداریی ئەو تاوانانە بگونجێت. لەگەڵ هەبوونی حوکمێکی ڕێکاریی کاریگەر، کە لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی ئەوڕۆ بگونجێت، ئەویش لە پێناو نەهێشتنی کورتهێنانی یاسایی لە بواری پاراستنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە ناوزڕاندن و خراپەکردن بەرانبەریان.

دووەم: گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگیی لێکۆڵینەوەکە لەوەوە دەردەکەوێت، کە یەکێکە لەو بابەتە وردانەیە، کە بەم شێوەیە لێی نەکۆڵراوەتەوە، چونکە لە باری ئاساییدا هەر لە ناو بازنەی ئازادیی ئایینی و پاراستنی باوەڕدا هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووناکی بخرێتە سەر بەرپرسیاریەتییە تاوانکارییەکەی لە ڕووی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بۆیە گرنگیی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەوەوە دێت، کە لایەنە ناتەواو و کورتهێنانەکانی ناو دەقە یاساییەکان دیاریدەکات، کە لە سەر پاراستنە تاوانکارییەکانی سیمبوڵە ئایینیەکان دانراون لە ناو یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩. هەروەها گرنگیی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە شێوەکانی ئەو ناوزڕاندنانە ڕوونەدەکاتەوە، بەوەی کە ژمارەیەک لە کردەوەکان لەخۆدەگرێت، کە سیفەتەکانی تاوانە جیاوازەکان هەڵدەگرن لە بواری یاسای تاوانکاری، کە بەجیاوازیی سیمبوڵە ئایینیە جیاوازەکان لە کەس و شوێنەکان دەگۆڕێت، لەوانەی وەکوو کتێبە ئاسمانییەکان و خاچەکان. هەروەها گرنگیەکەی لەوەشدایە، کە سنووری جیاکەرەوەی نێوان بەتاوانناساندن و ڕێگەپێدان ڕوونەدەکاتەوە لە بواری گفتوگۆیە زانستی و هزریەکاندا. ئەو سنوورانەی، کە ناڕوون بوون، بە تایبەتی لەگەڵ باوبوونی پەیوەندییەکان و پەرەسەندنیان. هەروەها گرنگیی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە بەرژەوەندیە نزیک و دوورەکان

ڕووندەکاتەوە لە پاراستنی سیمبوڵە ئایینیەکانەوە و ئەوەی کە لە پێشێلکردنیانەوە پەیدادەبن لە لێکەوتە مەترسیدارەکانی. بەو شێوەیە تا چ ڕادەیەک دادپەروەریی تاوانکاری لەو دەقانەدا دێتەجێ، کە ئەو کێشەیە چارەسەردەکات لە ڕووی پێویستیی هەبوونی یاسای توند بۆیان، کە لەگەڵ مەترسیداریەکەیاندا بگونجێن. هەروەها گرنگیەکەی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەوەشدایە، بەوەی کە پاراستنێکی تاوانکاری دێنێتە دی بۆ پاراستنێکی کاریگەر و ڕاستەقینە بۆ سیمبوڵە ئایینیەکانی ناو کۆمەڵگا.

سێیەم: کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

کێشەی لێکۆڵینەوەکە خۆی لەو کورتهێنانە یاساییەدا دەبینێتەوە، کە لە بواری بەرپرسیاریەتیی سزاییدا هەیە، بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە ڕووی نەبوونی دەقی یاسایی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو تاوانانە. سەرباری کاریگەرنەبوونی ئەو دەقانەی، کە پەیوەستن بە پاراستنی هەستی ئایینی لە ناو یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بۆ پاراستنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە ناوزڕاندن و دەستدرێژی. هەروەها دیارینەکردنی یاسادانەر بۆ سروشتی سیمبوڵەی ئایینی. هەروەها ئەو ناڕوونیەی، کە لەناو ئەو دەقانەدا هەیە، لەوانەی کە پەیوەستن بەتاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. چونکە ئەو شێوە تاوانکارییانەی دیارینەکردووە، کە دەکەونە سەر ئەو سیمبوڵانە و سروشتی

ئەو سیمبولانەشی دیارینەکردووە. لەگەڵ نەبوونی دەقی سزایی تەواو، کە بگونجێن لەگەڵ ئەو تاوانانە لە ناو یاسای چۆنیەتییەکانی دادگاییکردنی سزادانی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو. بۆیە هەوڵدەدەین کورتهێنانە یاساییەکانی ناو یاسای تاوانکاریی عێراقی نیشانبدەین. ئەوانە هەموویان دەبنە کێشەیەکی سەرەکی و دەبنە تەوەرێک بۆ وەڵامدانەوەی ژمارەیەک لە پرسیار، لەوانە

١- ئەو سیاسەتە چی بووە، کە یاسادانەری عێراقی چارەسەری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکانی پێ کردووە و ئایا سیاسەتەکە سەرکەوتوو بووە لە بواری پەرەسەندنی لە ڕووی واقیعیەوە؟

٢- ئایا ئەو شێوانەی، کە یاسادانەری عێراقی هێناویەتییەوە لە تاوانەکانی ناوزڕاندنی هەستی ئایینی، بەشی ئەوە دەکەن بۆ لەخۆگرتنی شێوازە تاوانکارییەکانی، کە خۆیان لە ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکانەوە لەو بوارەدا دەبینەوە ؟ و ئایا یاسادانەر پێوەرێکی وردی بۆ دیاریکردنی سیمبولە ئایینیەکان لەو ڕووەوە داناوە؟

٣- ئایا یاسادانەری عێراقی سیستەمێکی ڕێکارانەی داناوە، کە لەگەڵ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکاندا بگونجێت، بەتایبەتیش، کە ئەو تاوانە وای لێهاتووە بە شێوەیەکی فراوان لە سەر پێگەکانی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدەدرێت؟

٤- ئایـــا یاســـادانەری عێراقـــی لە بـــواری پاراســـتنی ئەو بەرژەوەندییانە سەرکەوتوو بووە، کە تاوانەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەیانبەزێنن؟ و ئایا بەشی ئەوەی کردووە سنوورێک بۆ ئەو تاوانە دابنێت؟

چوارەم: ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە

ئەو لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات، کۆمەڵێک ئامانج بپێکێت، کە ئەوانیش بەو شێوەیەی خوارەوەن:

١- ئاگاداربوون لە ڕاگەیاندنی هەر ڕەفتارێکی تاوانکارانەی، کە دەبێتە هۆی وروژاندن بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. لەگەڵ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی تۆژینەوەکە و سەلماندنی دانانەکانی لە ناو ئەو ئەنجامانەی، کە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانەوە دەکەونەوە. سەرباری ڕۆشنایی خستنە سەر شێوەکانی ڕەفتارکردنی تاوانکارانەی، کە یاسادانەری تاوانان دیاریکردوون و ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی جۆراوجۆربوونی لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو. لەگەڵ دیاریکردنی هەر تایبەتمەندیەکی، کە هەر یەک لەو شێوانە هەیەتی لە چۆنیەتیی هاتنەجێی بەرپرسیاریەتیی سزایی لێیەوە لەگەڵ سزا گونجاوەکەی.

٢- گەڕان بەدوای ئەو پێوەرەی، کە لێیەوە ئەو سیمبوڵە ئایینیە دیاریدەکرێت، کە پاراستنی سزایی دەیگرێتەوە، یان

نـــایگرێتەوە. هەروەهـــا گەڕان بە دوای ئەو پێـــوەرەی، کە ڕاگرتنـی هەر شـکۆیەک دیاریـدەکات و دەچێـتە نـاو بـازنەی ئـازادیی هـزری و گفتوگـۆی زانسـتی، بەوەی کە کردەیەکـی ڕێگەپێـــدراوە. ئەوەشـــی، کە دەکەوێـــتە نـــاو بـــازنەی بە تاواناسـاندن، بەوەی کـردەیەکە، کە بە ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکان دادەنرێت.

٣- هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئامانجیەتی، کە کاریگەریی سیاسـەتی یاسـادانەری عێراقـی ڕووبکـاتەوە لە بـواری چـارەکردنی بـۆ تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان. هەروەهـا سیاسـەتی بەراوردکـــاریی یاســـادانەر لەو ڕووەوە. لەگەڵ دیـــاریکردنی چەنـــدێتی ســـەرکەوتنی ئەو ســـزایانەی، کە بـــۆ ئەو تـــاوانە دانراون.

٤- هەروەهـــا ئەم لێکـــۆڵینەوەیە ئامـــانجیەتی ڕووبکـــاتەوە، کە بزانێـت، ئایـــا ڕێکـــارە تاوانکـــارییە گشـــتییەکان بـــۆ تـــاوانی ناوزڕانـــدنی ســـیمبوڵە ئایینیەکـــان بەشـــی ئەوە دەکەن؟ وئەو تـــاوانە چەنـــدە پێویســـتی بە ڕێکـــاری تـــایبەتی هەیە، لێـــرەدا باسیدەکەین.

٥- هەروەها ئەو لێکۆڵینەوەیە ئامانجیەتی کاریگەریی ڕێوشـوێنە نیشـــتمانی و نێودەوڵەتییەکـــانی ئەو تـــاوانەی ناوزڕانـــدنی سیمبوڵە ئایینیەکان ڕووبکاتەوە، بەوەی کە لەو تاوانانەیە، کە ســـنوور دەبەزێنێـت و لێـیەوە پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان درزیان تێدەکەوێت.

پێنجەم: پەیکەری لێکۆڵینەوەکە

لە میانەی نیشاندانمان لە پێشەکیەکە و بە مەبەستی ئاگاداربوون لە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، پەیکەرەکەی لە سەر شێوەی دوو بەش دەبێتلەبەشی یەکەمدا چوارچێوەی تێگەیشتن لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، کە لە باسی یەکەمدا باسی چەند و چۆنیی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەکەین، بەڵام لە باسی دووەمدا خودی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان باسدەکەین. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ حوکمە بابەتی و ڕێکاریەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەخەینە ڕوو، کە لەوێ باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ حوکمە بابەتیەکانی تاوانی نازڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بەڵام باسی دووەم تەرخان کراوە بۆ حوکمە ڕێکاری و پارێزگاریەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و بەم شێوەیە نامەکە بە پوختەیەک کۆتایی دێنین، کە تێیدا ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان دەگرێتە خۆ.

بەشی یەکەم

چوارچێوەی تێگەیشتنەکان لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

هەموو گەلێک لە گەلانی جیهان ئایینێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە پێیەوە پابەندە. ئایینە ئاسمانییەکانیش، هەرچەندە وا دەردەکەون، کە جیاوازن لە بەرنامە و باوەڕپێبوونەکانیان و لە ڕێوشوێنی بانگخوازی و ئەو بەرنامە یاسادانانەی، کە لەسەری بنیادنراون، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر بانگهێشتکردن بۆ یەکتاپەرستیی (خوای گەورە) و سەروەربوونی یاسایەکەی لە ناو هەموو خەڵکدا. هەروەها کۆکن لە سەر بانگکردنی مرۆڤ بۆ ڕەوشت بەرزی و ڕێنوێنی بۆ ڕێگای سەرکەوتن لە ژیاندا و ڕزگاربوون لە ڕۆژی دواییدا. ئەو ئایینە ئاسمانییانە سیمبوڵەی پیرۆزی خۆیان هەیە، کە لەڕێی ئەوانەوە ڕێوشوێنەکانی خواپەرستی ئەنجامدەدرێن، چونکە هەر گەلێک سیمبوڵەی ئایینیی خۆی هەیە، کە گرنگیی پێدەدات و پیرۆزی دەکات و دەیپارێزێت لە هەموو شکاندن و ناوزڕاندن و گاڵتەپێکردن و پێ پێکەنینێک...هتد، چونکە ئەوانە هەستی خاوەنەکانی ئەو ئایینانە بریندارەدەکەن و لەوانەیە ببنە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگا و ڕوودانی زۆرێک لە کووکە لە ئەنجامی ناوزڕاندنی ئەو سیمبوڵە ئایینیانەوە[1].

بۆیە یاسادانەری تاوانان لە وڵاتە جیاجیاکاندا مکوڕ بوونە لە سەر بەتاوانناساندنی هەر کردەوەیەک، کە لەگینە (لێیدێ) ببێتە هۆی ناوزڕاندنی ئەو سیمبوڵە ئایینیانە، چونکە ئەو بەرژەوەندییانەی، کە دەیپارێزێت لە میانەی دەقە سزاییەکانەوە،

---

(١) عزة عبدالقادر حسن خلف، حرية العقيدة بين فلسفة القانون وتاريخه، اطروحة دكتوراه، جامعه عين شمس – كلية الحقوق، مصر. ٢٠١٥، ص ١٤٠-١٤١.

که دەستنیشانیاندەکات، بەوەی کە کردەی ئەوتۆن، سیفەتەکانی تاوانیان تێدایە، کە بیانکاتە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بەرژەوەندییەکی گشتین و لە هەمان کاتیشدا بەرژەوەندیی تایبەتیشن، بۆیە ئەو تاوانە سەربەخۆییەکی بەدەستهێناوە لە ناو سیاسەتی تاوانانداا، ئەویش لەڕێی تەرخانکردنی یاسادانەری سزادان بۆ دەقی تایبەت بە خۆی، چونکە ئەو سیمبوڵە ئایینیانە، وەکوو بناغەیەک وان بۆ باوەڕداریی لە هەندێک لە ئایینەکان. لەمەشەوە دەستدرێژی کردنە سەر ئەو سیمبوڵەانە دەبێتە دەستدرێژی بۆ سەر ئایینەکە بە تەواوی، وەکوو ئەوەی کە لە دەستدرێژیکردنە سەر پێگەی پێغەمبەر موحەممەدەوە (درودی خوای لێ بێت) پەیدا دەبێت[1].

بۆیە ئەو تاوانە تێگەیشتنێکی تایبەت بە خۆی هەیە. لەبەر ئەوە بنچینەی ئەو تاوانە تەنیا ناوەستێتە سەر ئەو دەقانەی، کە لە یاسا ئاساییەکاندا هەیە، بگرە بنچینەیەکی لە ناو دەقە دەستوورییەکانیشدا هەیە. هەروەها خودداریەکی جیاکەرەوە بەدەستدێنێت لە میانەی تەنیابوونی بەو تایبەتمەندییانەی، کە پێیەوە پەیوەستە، لەگەڵ سەربەخۆییەک لە بەرانبەر هەندێک تاوانی دیکە، کە لێی نزیک دەبنەوە و بۆ ئەوەی لە پێویستییەکانی ئەو بەشە شارەزا بین، بەسەر دوو باس دابەشیدەکەین:

---

(١) محمد سعيد عبدالفتاح، الحماية الجنائية لحرية العقيدة، المركز القومي للاصدارات القانونية، مصر، ٢٠٠٥، ص ١٥.

باسی یەکەم

چۆنایەتیی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

لە ئازادیی باوەڕداریی ئایینیەوە باوەڕبوون بە سیمبوڵە ئایینیەکان هەڵدەقوڵێت، کە بە یەکێک لە ئازادییە بنچینەییەکان دادەنرێت لە ناو ڕێکخستنی یاساییی هەر کۆمەڵگایەک، کە تێیدا تاکەکانی ئازادیی باوەڕداریان بۆ ڕەخسابێت. ئەو ئازادیەش لە ژێریەوە کۆمەڵێک پرەنسیپ لەخۆدەگرێت، کە تاکەکان باوەڕیان پێیەتی و خۆیانی پێ دەبەستنەوە و گیانیانی پێوە دەلکێنن و هەروەها باوەڕیان پێیان دەبێت و لە پێناویدا خۆیان بەختدەکەن، کە لە دیارترینیان پێویستیی ڕێزگرتنە لە باوەڕەکانییان، کە لە پێشەوەی هەموویان ڕێزگرتنی سیمبوڵە ئایینیەکان دێت. و لە بەر ئەوەی ئەو باوەڕداریە لە ڕاستیدا کارێکی هزریە، بۆیە ئەو باوەڕە ئایینیە بوونی نابێت تەنیا بە کارەکانی ڕامان و هزر و گوزارشتکردن نەبێت، چونکە ئەو باوەڕداریە پرسێکی شاراوەیە لە ناو دڵ و دەروونـدا و ڕێگـای دەربڕینیشـی بە ئەنجامـدانی

ڕێوشوێنی تایبەت دەبێت بە باوەڕداریيەکەی تاکەکان[1]. هەر لەسەر ئەو بناغەیەوە ئازادیی باوەڕداری بریتیە لە ئازادیی کەسەکان لەوەی باوەڕبوونێکی دیاریکراو لەئەستۆبگرێت، یان باوەڕی بە سیمبوڵەی ئایینێکی دیاریکراو هەبێت. ڕێوشوێنە ئایینیەکانیش بەو پێیەوە ئەنجامدەدرێن، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو ئەنجامدانانە بە ئاشکرابن، یان بە نهێنی[2].

ئەوەش وا پێویست دەکات، تێگەیشتنی سیمبوڵە ئایینیەکان دیاریبکرێت، ئەوانەی کە لە باوەڕداریی تاکەکانەوە پەیدادەبن، چونکە تێگەیشتنی سیمبوڵەی ئایینی، نەک هەر تێگەیشتنێکی تایبەت بەخۆی هەیە و هەموو باوەڕدارێکیش بە سیمبوڵەی ئایینی دانانرێت. هەروەها یاسا جیاوازەکان، چ یاسای ئاسایی بن، یان یاسای دەستووری، لە ناو خۆیاندا جیاواز بوون، لەوەی کە پەیوەیستە بە پاراستنی سیمبوڵەی ئایینیەوە و بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ئەو بابەتە شارەزابین، بە سەر دوو خواست دابەشیدەکەین، کە تێیاندا لە خواستی یەکەم تێگەیشتنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان باس دەکەین و لە خواستی دووەم بنچینەی یاسایی بۆ بەتاوانناساندنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

---

(١) احمد عزت، دراسة في قضايا ازدراء الاديان، مؤسسة حرية الفكر والتعبير، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٩.

(٢) د. منير حميد البياتي، الدولة القانونية والنظام السياسي الاسلامي، (دراسة دستورية وشرعية وقانونية مقارنة). منشورات جامعة بغداد، العراق، ١٩٧٨، ص ١٨٠.

خواستی یەکەم

تێگەیشتن لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و ئەو بەرژەوەندیەی، کە لێیەوە پەیدا دەبێت

ڕاگەیاندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان پێویست بە لێکۆڵینەوە دەکات لە تێگەیشتنی ئەو سیمبوڵانە بەشێوەیەکی فراوان، چونکە ئەو سیمبوڵانە شوێنێکی تایبەتی لە ناو سینەی باوەڕدارانیاندا داگیردەکەن و بەهایەکی بەرزیان دەبێت، کە نابێت دەستدرێژیی بکرێتە سەر، چونکە بریتین لە باوەڕی چەسپاو و دەستدرێژی کردنە سەر باوەڕی هی دیکە، وەکوو ئەو سیمبوڵانەی کە باوەڕیان پێیانە، دەستدرێژیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی[1]. و ئەو ناوزڕاندنە دەبێتە دەستدرێژیەکی مەترسیدار بۆ سەر ئەو بەرژەوەندییەی، کە یاسادانەر دەیپارێزێت، چ پەیوەندی هەبێت بە بەرژەوەندی گشتی، کە بریتیە لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، یان

---

(١) ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەوە پێناسە دەکرێت، کە سەلامەتیی تاکەکان و کۆمەڵەکانە لە مەترسییە ناوەکی و دەرەکییەکانی، کە بەرەنگاریان دەبێتەوە، وەکوو مەترسیی سەربازی و ئەوەی کە تاک تووشی دێت لە کوشتن و ڕفاندن و دەستدرێژی بۆ سەر موڵک و مااڵی بەتێکدان، یان دزیکردن. تێکڕای ڕووداوی تاوانەکان گوزارشت لە هاتنەجێی ئەو ئاسایشە کۆمەڵایەتییە و بڵاوبوونەوەی تاوان و پتربوونی دەکات، واتە بارێکی نەمانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. بڕوانەعلی اسعد برکات، الامن الاجتماعی، منشورات وزارة الثقافة السوریة، دمشق، ٢٠١١، ص١٤٥.

بەرژەوەندیی تایبەتی، کە پاراستنی بیروباوەڕ و هەستی خەڵکانی دیکەیە و بۆ ئەوەی شارەزای بواری بە تاوانکردنی بین لەو چوارچێوەیەوە، پێویستە ئەو زاراوانە ڕوونبکەینەوە، کە تاوانەکەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی لێ پێکدێت، لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییە پارێزراوە لەو تاوانەدا، ئەوەش لە میانەی دوو لقەوە دەکەین، کە یەکەمیان تەرخانکردنەوەی بۆ ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. و لقی دووەم تایبەت دەکەین بە ڕوونکردنەوەی بەرژەوەندییە پارێزراوەکە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

لقی یەکەم

پێناسەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە شێوەیەک لە شێوەکانی ئەو تاوانانە دادەنرێت، کە بەر هەستی ئایینی دەکەوێت[1] و بەزۆریش لە ژیاندا ڕووەدات بە هۆی

(١) هەستی ئایینی بەوە پێناسە دەکرێت، کە ئەو هەستە گشتییە، یان باوەڕەیە، کە پاراستنەکەی مەبەست و ئامانجی جۆراوجۆری هەیە. گرنگترینیان پاراستنی ئاسایش و سیستەمی ناوەوەی کۆمەڵگای دەوڵەتە، چونکە هەستی ئایینی ئەگەر تووشی دەستدرێژیەکی دیاریکراو هات، ئەوا ئەو مەترسییەی لەوەوە پەیدا دەبێت، دەبێتە هۆی داڕمانی سیستەمی بەهاکانی کۆمەڵگا. د. نورس الموسوي، معيار تجريم الاعتداء على العقيدة والشعور الديني، مقال منشور على الموقع الرسمي لكلية المستقبل الجامعة. الموقع

دەستدرێژییە جیاوازەکان بۆ سەر سیمبوڵە ئایینیەکان، بۆیە دەبێت ئەو تاوانە بناسرێت لە میانەی ڕاگەیاندنی تێگەیشتنە زاراوەییەکەی، هەرچی ڕوونکردنەوەی جیاوازیی لە هێرشکردنەسەر و دەستدرێژییە، ئەوا لەکۆڵەگە ماددییەکەی تاوانەکەدا ڕوونیدەکەینەوە، ئەویش بەم شێوەیەی، کە لەخوارەوەیە:

تێگەیشتنی زاراوەیی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان[1]

ئەو زاراوەیە بە یەکێک لە زاراوە ئاوێتەکان دادەنرێت، بەو واتایەی، کە پارچەکردنی لە لایەنی زمانەوانییەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی مەبەستەکەی، چونکە داڕشتنی زاراوەی یاسایی بە تایبەتی لە چوارچێوەی یاسای تاوانکاری[2] بە شێوەیەکی گشتی، دوور نییە لەو ڕێکخستنە بەرنامەییانەی، کە بەسەریاندا دەسەپێت، چونکە ئەو یاسایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەر ماف و ئازادیە کەسییەکان دەکەوێت. لەبەر ئەوە دەبێت زاراوەسازی بۆ هەر زاراوەیەک بە وردی و هۆشداریەکی گەورەوە دابڕێژرێت. لە بەر ئەوەی زاراوە، وەکوو دەزانرێت بریتیە لە

الالكترونی:
https//uomus.edu.iq/newdep.aspx?depid=7&newid=12372

(١) احمد بن خليل الفراهيدى، كتاب العين معجم لغوي تراثي، تريب و مراجعة د. داود سلوم و د. داود سلمان العنبكي ود. انعام داود سلوم، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، ٢٠٠٤، ص٦٢١.

(٢)

کۆمەڵە دەربڕینێک، کە کەسانی خاوەن پسپۆڕ دروستیاندەکەن، ئەویش بەمەبەستی دانانی تێگەیشتنێکی دیاریکراو. لەمەشەوە بە ڕێکخستنێکی دیاریکراوەوە دەلکێنرێت لە تێگەیشتن و وێناکردن، چونکە ئامانج لە زاراوە بە شێوەیەکی گشتی و زاراوەی یاسایی بە شێوەیەکی تایبەت، دۆزینەوەی پەیوەندیی بەیەکەوە بەستنەوەیە لە سیستەمێکی دیاریکراو بۆ پەیداکردنی جۆرێک لە پێوەنووسان لە نێوان پەیوەندییەکانی، کە سروشتێکی زمانەوانییان هەیە، لە نێوان بابەتی دیاریکراودا[1].

بۆیە داڕشتنی زاراوەی لەم جۆرانە (تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان) لە ئامانجی ئەو فەلسەفەیە دەرناچێت، کە حوکم لەسەر بنیادنانی دەربڕینی دەق و حوکمە سزاییەکانی دەدات، بە شێوەیەکی گشتی دەبینین، جارێک زاراوەکە سروشتێکی ڕێکخەریانەی دەبێت و جارێکی دیکە زاراوەکە سروشتەکەی گشتی دەبێت و جارێکی دیکەش زاراوەکە خاوەنی سروشتێکی تایبەتی دەبێ لە ناو سیستەمی یاسایی تاوانکاریدا. بۆیە دەبێت بە ناچاری هەر زاراوەیەک لە ناو زاراوەکاندا بە تەنیا ڕوونبکرێتەوە، لەوانەی کە ئەو ناونیشانە پێکدێنن، ئەویش لە پێناو پێدانی پێناسەیەکی تەواو بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

(١) د. سعيد احمد بيومي، لغة القانون في ضوء علم لغة النص (دراسة في التماسك النصي)، ط١، دار الكتب القانونية – دار شتات للنشر والبرمجيات القاهرة، مصر، ٢٠١٠، ص٢٤١.

١- پێناسەی زاراوەیی بۆ تاوانەکە:

یەکێک لەو بەراییانەی، کە دانراوەکانی زانایانی یاسای تاوانکاری تێیاندا دەبێت، ئەوەیە کە پێناسەیەک بۆ زاراوەی تاوان پێشکەشبکەن. و لە بەر ئەوەی بیر و بۆچوونەکانی، کە ئەوانە بڕوایان پێیەتی جیاوازن، بۆیە ئەو پێناسەیەی تاوانیش جیاواز دەبێت. دەبینین یاساناسانی ئیتاڵی بەو شێوەیە پێناسەی دەکەنتاوان پێشێلکردنێکی یاسایەکە لە یاسایەکانی دەوڵەت لە ڕێی کردەیەکی دەرکیی هەستپێکراو، کە لەکەسێکەوە دەبینرێت، کە هیچ پاساوێکی بۆ ئەنجامدانی نییە، یان وەکوو مافێکی خۆی بێت، لەکاتێکدا یاسا ئەو مافەی سزاداوە[١].

هەروەها تاوان بەوە پێناسەکراوە کە(کردەیەکی ناڕەوایە، کە لە ئیرادەیەکی تاوانکارییەوە دەرچووە، کە یاسا سزایەکی بۆ داناوە، یان ڕێکاری خۆپارێزیی لێکردووە)[٢].هەروەها بەو شێوەیەش ناسێنراوە کە(کردەیەکە، یان نەکردنی کردەیەکە، کە لەمرۆڤێکی بەرپرسەوە دەردەچێت و یاساش سزای لە سەر داناوە، یان ڕێکاری خۆپارێزی بۆ داناوە)[٣]. هەروەها بەوەش

---

(١) د. عبود السراج، شرح قانون العقوبات القسم العام، ج١، منشورات الحلبي، بيروت، ١٩٩٧، ص٨٣.

(٢) د. عبود السراج، شرح قانون العقوبات القسم العام، ج١، منشورات الحلبي، بيروت، ١٩٩٧، ص٨٣.

(٣) د. محمود نجيب الحسنى، شرح قانون العقوبات اللبناني، القسم العام، ط٢، دار النقري للطباعة، بيروت، ١٩٧٥، ص٤٩.

پێناسەکراوە کە(هەر ڕەفتارێکی دەرەکی، چ ئەرێنی بێ، یان نەرێنی، کە یاسا بە تاوانی دانابێت و سزای بۆ تەرخانکردبێت، ئەگەر لە کەسێکەوە بێت، کە بەرپرسیارە)[1]. لەو پێناسانەی پێشەوە بۆ تاوان تێبینی بکە، کە لە پێناسەی یەکەمدا کردەی تاوانکارییەکە بە وردی وەسفکراوە، چونکە یاسا بەوە دادەنرێت، کە ڕەوایەتی بە ڕەفتارە جۆراوجۆرەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دەدات و بە بەرژەوەندییە جیاواز و کاروبارەکانیشیان، بۆیە یاسادانەران پتر لە یەک یاسایان داهێناوە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە و ئەو ڕەفتارانەشی، کە لێیەوە پەیدادەبن، یان کاتێک کە دژی دەبن، وەکوو ئەو یاسایانەی، کە سروشتی سیڤیلی و تاوانکاریی گشتی و تایبەتییان هەیە. ئەو کردانەش هیچ پاساوێکی ڕەوایەتیان نییە، وەکوو ئەوەی کە لە یاسای سزادانی عێراقی و یاسای دیکەدا هاتوون، وەکوو هۆکارێک بۆ ڕەوابوونیان[2].

هەرچی پێناسەی دووەمە ئەوا ئیرادەی تاوانکاریی سەپاندووە بە شێوەیەکی پێشوەختە، هەرچەندە بارودۆخی

---

(١) د. علي حسين الخلف، و د. سلطان عبدالقادر الشاوي، المبادىء العامة في قانون العقوبات، شركة العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة، ٢٠٠٦، ص١٣٤.

(٢) ماددەی (٣٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی سالی ١٩٦٩ی هەموارکراو، دەقەکەی دەڵێ (هیچ تاوان نیە ئەگەر کردەوەکە ڕوویدا وەکو بەجێگەیاندنی ئەرکێک کە یاسا سەپاندوویەتی)، هەروەها ماددەی (٤١) دەقەکەی دەڵێ (هیچ تاوان نیە ئەگەر کردەوەکە ڕوویدا وەکو بەکارهێنانی مافێک کە بەپێی یاسا بڕیاری لێدراوە...).

دیاریکراویش هەبن، کە پێیانەوە تاوانەکە ڕوویداوە، بەبێ هەبوونی مەبەست، وەکوو کوشتنی بەهەڵە، کە ئەمە لەو پێناسەیەوە بە کەموکوڕی دادەنرێت. هەردوو پێناسەکەی سێیەم و چوارەمیش وای دادەنێتن، کە کردە تاوانکارییەکە لە مرۆڤێکی بەرپرسەوە پەیدابووبێت، هەرچەندە ڕێگریەکی بەرپرسیاریەتیشی تێدابێت، وەکوو لەدەستدانی تێگەیشتن (ادراک) و ناچارکردن و پێویستی و گچکەیی و شێتی و هەبوونی کۆڵییەکی عەقڵی. پێناسەی دوایئەویش لە پێناسەکانی دیکە جیاواز نییە تەنیا مەرجی داناوە، کە سزای تاوانکار بدرێت، دوای کردەکە و لە سەری ڕێککەوتبن و لەکەسێکی بەرپرسیارەوە پەیدابووبێت. ئەوەی کە لە یاسای ئیتاڵییەوە هاتووە لە لایەنی وشە زمانەوانییەکەوە، گوزراشتێکی زۆر ورد بووە، چونکە وشەی تاکەکەسی بەکارهێناوە، کە گوزارشت لەهەموان دەکات. هەر ئەو پێناسەیە مەرجی داناوە، کە کردەکە پێشێلی یاسابێت، یان ژمارەیەک یاسا هەبن، کە یاسادانەر دەینابن بە مەبەستی پاراستنی ڕێکخستنە گشتییەکان و دەسەڵات دەتوانێت ئەو کارانە ئەنجامبدات، کە پێی سپێردراوە.

٢- پێناسەی زاراوەیی بۆ ناوزڕاندن:

یاسادانەری عێراقی نە لەیاسای سزادان و نە لەیاسا سزاییە تایبەتەکاندا پێناسەی زاراوەی ناوزڕاندنی نەکردووە، بەڵام لەزۆر شوێندا ناوی بردووە و ئاماژەی بۆ ناوزڕاندنی مافی

خەڵکانی دیکە کردووە بە شێوەیەکی فەرمی[1] و هەروەها بۆ ناوزڕاندنی ناوبانگی وڵاتیش[2]. ناوزڕاندن جیاوازە لە دەستدرێژی و هێرشکردنە سەر و شێوەکانی دیکە کە لە کۆڵەگەی ماددیدا لە ناو ئەو تاوانە ڕووندەکەینەوە.

بەڵام یاسادانەری عێراقی زاراوەی سووکایەتیکردنی بەکارهێناوە لەگەڵ سیمبوڵە ئایینیەکان لە ماددەی (٥/٣٧٢). ئێمە وای دەبینین، کە ئەو زاراوەیە ورد نیە، چونکە دەبووایە یاسادانەر زاراوەی ناوزڕاندنی بەکارهێنابا، نەک سووکایەتی پێکردن. هۆکارەکەش لەوەدا بە تێڕوانینی ئێمە، ئەوەیە سووکایەتیکردن بەسەر کەسە زیندووەکاندا دەسەپێت، لە کاتێکدا ناوزڕاندن زیندوو و مردووەکان و هەروەها شوێن و کەسە واتاییەکانیش (اعتباری) دەگرێتەوە. بۆیە زاراوەی سووکایەتیکردن لەو بوارەدا کورت دێنێت. هەروەها زاراوەی ناوزڕاندن پتر ڕێکدەکەوێت لەگەڵ دەستدرێژیکردنە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان. هۆکاریش لەوەدا ئەوەیە، کە سیمبوڵە دەکەوێتە ناو مافی ڕادەربڕین، کە بریتییە لە گفتوگۆی زانستییانە، چونکە دوورکەوتنەوە لە گفتوگۆی زانستییانە دەبێتە هۆی خراپ بەکارهێنانی ماف لە ڕادەربڕیندا و لێرەدا زاراوەی ناوزڕاندن، زاراوەی سووکایەتیکردنیش دەگرێتەوە. بۆیە دەبوو یاسادانەری عێراقی ئاوڕێکی لەو کێشەیە بدابایەوە.

---

(١) المادده (١/٤٣٨) من قانون العقوبات العراقى رقم (١١١) لسنه ١٩٦٩ المعدل.

(٢) الماده (٢١٥) من قانون العقوبات العراقى رقم (١١١) لسنه ١٩٦٩ المعدل.

بەڵام لە ڕووی فیقهـیەوە ژمـارەیەکی زۆر لە پێناسـە بـۆ زاراوەی ناوزڕاندن هاتۆتەوە. وەکوو دەبینین ناوزڕاندن بەچەند شێوەیەکیش پێناسەکراوەهەموو دەستدرێژیەک لەسەر شێوەی سـووکایەتیکرن، لەڕاستیشـدا ئەو پێناسـەیەش کـورت دەهێنێت، چونکە ڕوونینەکردۆتەوە، کە ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر کێیە و سروشتەکەشی چۆنە، بەڵکوو تەنیا جودای کردۆتەوە بەوەی، کە دەستدرێژییەکی سووکایەتیکارە.

هەروەهـا هەیە ناوزڕانـدنی بەوە پێناسـە کـردووە کە(زاراوەیەکـی جـۆرییە هەمـوو دەسـتدرێژیەک دەگـرێتەوە، کە دەکرێتتە سـەر خـاوەن سـیفەتێک، چ بەر شـەرەف بکەوێت یـان شـکۆی بشـکێنێت). هەر چەندە ئەو پێناسـەیە لەوانەیە سروشـتی ئەو دەسـتدرێژیەی ڕوونکـردبێتەوە بەوەی، کە دەکەوێـتە سـەر شـەرەف، یـان شـکۆ، بەڵام پێناسـەکە جێـی ڕەخـنەیە، چـونکە دیـارینەکردووە ئەو دەسـتدرێژیە دەکـرێتتە سـەر کـێ و بـۆ ناوزڕاندنیش تایبەتمەندییەکی دانەناوە لەوەی، کە پەیوەندیی بەو کردەوانەوە هەیە، کە دەبنە تاوان بۆ سەر سیمبوڵە ئایینیەکان.

هەروەها بەوەش پێناسە کراوە(هەر گۆتەیەک، یان کردەیەک، کە بەپێی نەریت بەوە دابنرێت، کە جۆرە بێزلێکردنەوەیەک، یـان شکۆشکاندنێکی تێدایە لە بەر چـاوی خەڵک، هەرچەندە جوێن و پلاڵر و تۆمەتبەخشینەوەش نەبێت و هی دیکەی لەو وشانەی، کە لە ناو بازنەی دەستدرێژیکردن و هێرشبردنە سەردا دادەنرێن).

هـــی وا هەیە، بەو جۆرەشـــی پێناســـەکردووە(کردەیەکی دیـاریکراو نییە، کە لەوانەیە ئەنجامبـدرێت بە شـێوازی جیـاواز و

شەرەفی کەسەکە بشکێنێت، یان لە شکۆی بدات). لە ڕاستیدا ئەو پێناسەیەش ڕەخنە لێگیراوە و ئەوەی کە لە پێناسەکەی پێشتر بەسەریدا سەپا، بەسەر ئەوەشدا دەسەپێت.

هەروەها هەیە ناوزڕاندنی بەوە ناساندووە کە(هەر دەربڕینێک، کە بەر شەرەف، یان ناوبانگ و شکۆ بکەوێت). چونکە زاراوەی (دەربڕین) ئەوەندە فراوانە، کە هەموو کردەوە و گۆتە و ئاماژە و ڕەفتارکردنەکان دەگرێتەوە.

هەروەها ئەوەش پێناسە کراوە(بریتیە لە هەر کردەوە، یان ئاماژەیەک، کە لە ڕووکاری دەرەوەیدا بە کەمزانین و سووککردن ببینرێت) . هەروەها پێناسەکراوە بەوەی کە (هەموو دەستدرێژیەک بە قسە، یان بە کردەوە، کە بەر شەرەف، یان ناوبانگ بکەوێت بە شێوەیەکی دیار، یان نادیاریش بێت) . ئەو پێناسەیەش لێی دەگیرێت، بەوەی کە ناوزڕاندن بەشێوەیەکی نادیار وێنادەکات. هەرچەندە ئێمە پشتگیریی فراوانکردنی بازنەی پاراستنی تاوانکاری بۆ سیمبولّە ئایینیەکان دەکەین، بەڵام ئەوە دەبێت بەپێی دیسپلینی دیاریکراو و ڕوون بێت، چونکە ڕەفتاری نادیار لە لایەن یاسای سزادانەوە سزای لە سەر نییە.

هەروەها ناوزڕاندن بەوەش پێناسەکراوە کە(هەر کردەوەیەک، یان قسەیەک، یان ئاماژەیەک، کە لە ڕووی دەرەوەیدا بە کەمزانین و شکاندن و سووکبینین ببینرێت، کە بەر شەرەفی ئەو کەسە بکەوێت، کە ئاڕاستەی کراوە، وەکوو دەنگ بەرزکردنەوە بەسەریدا، یان جووڵەیەک بە سەر، یان پێکەنین بەدەنگێکی بەرز).

لە پێناســـــەیەکی دیـــــکەدا ناوزڕانـــــدن بەوە دانـــــراوە کە(هەرچییەکی بەر شـەرەف و ناوبانگ بکەوێت، یـان لە ڕێزی کەسـەکان کەمکـاتەوە و مەرج نیـیە شـووڕەییەکی دیـاریکراوی بداتە پاڵ). هەروەها ناوزڕاندن واتە(تانەلێدان، یـان بێزلێکردنەوە، یـان بە هـیچ دانـان، یـان پێهەڵبەسـتن و ئەوانەی لەسـەر ئەو شێوەیەن لەو وشانەی، کە واتای دەستدرێژی و دەست بۆبردن دەگەیەنن).

دەکرێت ناوزڕاندن بەوەش بناسێنرێت(هەر ڕەفتارێک، کە لە کەسێکەوە دەردەچێت بە چاوپۆشـی لە سروشـتەکەی، کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی شکۆی بەرانبەرەکەی، یان نەهێشتنی).

٣- پێناسەی زاراوەیی بۆ سیمبوڵە ئایینیەکان

یاسـادانەری عێراقی، نە لەیاسـای سـزادان و نە لە یاسـاکانی تاوانکـــاریی تایبەتـــدا پێناســـەی زاراوەی ســـیمبوڵەی ئـــایینی نەکـردووە، بەڵکـوو ئامـاژەی بـۆ وەسـفی سـیمبوڵە جێگەیـی و کەسییەکان کردووە، کە دەڵێتشوێن، یـان سـیمبوڵەێک، کە ڕێزی ئـایینی هەبێت، بەڵام بە کەسـەکان دەڵێتسـیمبوڵە، یـا کەسـێک، کە مـایەی بەرزڕاگـرتن و ڕێزگـرتن و پیرۆزکـردن بێـت لە لایەن تایەفەیەکی ئایینیەوە[1].

لێـرەدا ڕووونـدەبێتەوە، کە سـیمبوڵە ئایینیەکـان ئەو کەسـانە دەگـــرێتەوە وەکـــووپێغەمبەران و هـــاوەڵانی و پیاوچاکـــان و

---

(١) المادة (٣٧٢) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩.

شەهیدەکانی، کە لەو ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەیان بۆ کراوە(ومن یطع الله والرسول فاولئک مع الذین انعم الله علیهم من النبیین والصدیقین والشهداء والصالحین وحسن اولئک رفیقا)[1]. لێرەدا خوای گەورە پیرۆزی و بەرزیی ئەوانەی ڕوونکردووتەوە. لەبەر ئەوە، ئەو ناوە پیرۆزانە لە لای موسڵمانان لەو سیمبوڵانەن، کە نابێت دەستدرێژییان بکرێتە سەر. بە پێداچوونەوە بەو ئایەتە قورئانییە پیرۆزانە دەبینین، ئاماژە بۆ سیمبوڵە جێگەییەکان کراوە کە دەڵێت(اني انا ربک فاخلع نعلیک انک بالوادي المقدس طوی) [2] .

سەعیدی کوڕی جوبێر دەڵێت وەکوو، چۆن پیاو فەرمانی پێدەکرێت، پێڵاوکانی لە پێ بکاتەوە، ئەگەر ویستی بچێتە ناو کەعبە، و گوتراوەخاکە پیرۆزەکە بە پێیەکانیەوە، واتا پێڵاوی لە پێدا نەبێت. سەبارەت بە گوتەی (طوی)، عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە کوڕی عەباس دەگێڕێتەوە، کە ناوی ئەو دۆڵەیە[3].

هەروەها دەکرێت، پێناسەی سیمبوڵە ئایینیەکان بەوە بکرێت، کە(ئەو سیمبوڵانەن، کە پێگەیەکی پیرۆزیان هەیە و ئەو وشەیە تەنیا بۆ سیمبوڵە کەسییەکان نییە، بەڵکوو سیمبوڵەی شوێنیش (جێگەیی) هەیە، کە ئەو شوێنە پاک و پیرۆز و بەبەرەکەتانەن، لە بەر ئەوە سیمبوڵەکان مایەی پاراستنن، چ سیمبوڵی کەسی، یان

---

(١) سورة النساء الاية (٦٩).

(٢) سورة طه، الاية (١٢).

(٣) تفسير ابن كثير، ج٦، ط١١، دار ابن حزم للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٤٣-١٤٤.

سیمبولّی شوێن بن)[1]. هەروەها سیمبولّەکان کەسایەتیی ئایینی پیرۆزن لە ئەنجامی ئەو پێگەیەی، کە ئایینی تایەفەیەکی دیاریکراو هەیەتی. کە وا دەکات ئەو ناوزڕاندنەی، کە پێی دەکرێت، ناوزڕاندنێکی ئایینیە، نەک ناوزڕاندنێکی ئاسایی)[2].

سیمبولّ هەموو کەسێک، یان شوێنێکە، کە مایەی پیرۆزڕاگرتن و بەرزڕاگرتن و ڕێزلێگرتن بێ لە لایەن تایەفەیەکی ئایینی. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر ناوونانێرە و وەسفکردنەک بگاتە پێگەی کەسێکی دیاریکراو، کە سیفەتی بەرزڕاگرتن و ڕێزی تێدا نەبێت، وەکوو ئەوەی لە ناو خەڵکی ئاساییدا بێت، بۆ نموونەلە کوڕانی ئەو تایەفە، یان تایەفەیەکی دیکە بێت، ئەوا ئەمە نابێتە هۆی جووڵاندنی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری[3].

ئەو زاراوەیەی، کە دەبێت بەشێکی زۆر لە تۆێژینەوەی بۆ بکرێت، ئەوە زاراوەی سیمبولّە ئایینیەکانە، چونکە دەگاتە بیروباوەڕ، هۆکارەکەش لەوەدا تێڕوانینی تۆێژەکە خۆیەتی. پاراستنی بیروباوەڕ ناکرێت بە شێوەیەکی ورد بزانرێت، چونکە

---

(١) الاء بهاء عمر، الحماية الدولية الجنائية للرموز الدينية، ط١، المؤسسة الحديثة للكتاب، بيروت، ٢٠١٩، ص١٨.

(٢) د. عمار تركي السعدون الحسيني، الجرائم الماسة بالشعور الديني، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٣، ص٩٠.

(٣) القاضي سالم روضان الموسوي، التكييف القانوني لفعل التطاول على الرموز الدينية. مقال منشور على الموقع الالكتروني https://m.ahewar.org/s.asp?aid=52493&0.

بیروباوەڕی خەڵکانی دیکە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە و لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆیە پاراستنەکەی هەڕەمەکی دەبێت و ڕێسا ناتوانێت لە زۆر باردا پەی بەو هەموو بیروباوەڕانە ببات. لەبەر ئەوە دەبێت ئەوەی لەو بارەدا مایەی پاراستن بێ سیمبوڵەکەیە، چونکە پاراستنی سیمبوڵ بریتیە لە پاراستنی بیروباوەڕەکە و سیمبوڵەکەش دەتوانرێت بە ئاشکرا و بە وردی دیاریبکرێت. لەمەشەوە بەو پێیە بیروباوەڕەکەش بە دوایدا ڕوونـدەبێتەوە. ئەوجا بە شێوەیەکی ئەرێنیی گەورە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر چالاکیی ڕێسا تاوانکارییەکان لە پاراستنی بیروباوەڕە ئایینیەکە لە لایەن خەڵکەوە. چونکە مەرج نییە هەموو بیروباوەڕێک سیمبوڵ بێت و پێویست بە پاراستنی بکات، چونکە لەوانەیە خەڵک وا باوەڕ بکەن، کە دەبێت کەسێکی دیاریکراو بەرزڕاگیرێ و پیرۆز بکرێت، یان شوێنێک، کە پێویست نییە لە ڕێکخستنی تاوانکاریدا بپارێزرێت.

دەکرێت، سیمبوڵی ئایینی بەوە بناسێنرێت(ئەو کەسە، یان شوێنە، یان شتەیە، کە مایەی بەرزڕاگرتن و پیرۆزکردنە لە لایەن تایەفەیەک، ئەو پیرۆزڕاگرتنەشی لە ڕەگوڕیشەی ئایینی و فەلسەفی زۆر دوور و لە ناو ویژدانی خەڵکی ئەو تایەفەیەوە هاتبێت. ئەو کاتە دەست بۆ بردنی دەبێتە دەست بردن بۆ پیرۆزیەکەی و هەستی ئەوانەی پیرۆزە لایان).

لقی دووەم

بەرژەوەندییە پارێزراوەکە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

ئەو مەبەستە بنەڕەتییەی، کە هەموو سیستەم و یاسا ئاسمانییەکانی پێوە بەندە، لەگەڵ یاسا دانراوە کۆنەکان و نوێیەکانیش، ئەو پاراستنە بنەڕەتییەی بەرژەوەندییە، کە بوون و سەقامگیریی کۆمەڵگا و بەردەوامبوونی لە سەر وەستاوە لە ناو بازنەی بە تاوانناساندن[1] و سزادانی، ئەوا ئەو بابەتە گرنگیەکی گەورەی دەبێت لە بەر ئەوەی لێکەوتەی وای لێدەکەوێتەوە، کە لە نموونەی تایبەتیی یاسای تاوانکاری خۆی دەبینێتەوە، وەکوو کاردانەوەیەک بۆ پێشێلکردنی ڕێسای بە تاوانناساندنی. بەرژەوەندیی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە ناو یاسای سزادان و پەیوەستە بە فەلسەفەی دەوڵەت لە ڕێگەی ئەو سیاستەتە تاوانکارییەی، کە پەیڕەوی دەکات و بەو بیروهزرەوە

---

(١) بەتاوانکردن یان بەتاوان ناساندنبریتیە لەدانانی کردەوەی دیاریکراو وەکو تاوان کە فەرمانی پێدەکرێ یان نایەڵێ بکرێ. چونکە لەکردنی یان لە نەکردنیدا زیانێک بە سیستەمی کۆمەڵ یان بیروباوەڕەکەی یان بە ژیانی تاکەکانی یان بەماڵ و موڵکیان یان بەناموسیان یان بەهەستیان یان بەهیدیکەی زۆری لەو جۆرانە دەگەیەنێ، کە باری کۆمەڵ وا پێویست دەکا چاکی بکاتەوەو وازی لێ نەهێنێ. عبدالقادر عودة، التشريع الجنائي الاسلامي مقارنا بالقانون الوضعي، ج١، دار الكتب العربي، بيروت، ١٩٩٦، ص٦٨.

بەستراوەتەوە، کە لە بنچینەدا پشتی پێ دەبەستێت، لە ڕێی هاوشانبوونی لەگەڵ کاروبارەکانی ژیان لە لایەنە جیاوازەکانیەوە، وەکوو ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی. هەر لەڕێی دیاریکردنی بەرژەوەندی بابەتی پاراستنی یاسایی، دەکرێت، بگەینە نموونەی یاسایی بۆ تاوان. لەویشەوە دیاریکردنی ئەو ڕەفتارەی، کە بە پێشێلکردنی بەرژەوەندی دادەنرێت . ئەوەی کە ئەو کردەیە بۆی دەچێت لە ئەنجامی زیانبەخشی و مەترسیداری و گەیشتن بەو ئامانجەی، کە یاسادانەر پشتی پێ دەبەستێت لە بە تاواننناسانیدا[1].

یاسادانەری تاوانکاری لە خۆیەوە دەق دانانێت، بەڵکوو لەمەوە مەبەستیەتی بگاتە بە جێگەیاندنی ئامانجەکە و ئەو ئامانجەش خۆی لە پاراستنی بەرژەوەندییەکان دەبینێتەوە لە واقعی کۆمەڵایەتیدا، چونکە بەجێهێشتنی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە بۆ تاکەکان، دەبێتە هۆی ڕوودانی پشێویەکی گەورە لە ناو کۆمەڵدا، بۆیە ئەرکی یاسای تاوانکاری پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە و ڕێکخستنیانە، وەکوو ئەوەی لەو بەرژەوەندیە دیارەدا دەبینرێت لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. دیارترین ئەو بەرژەوەندییانە ئەو پارێزراوانەن، کە لە

---

(١) د. مامون محمد سلامة، جرائم الموظفين ضد الادارة العامة في ضوء المنهج الفاني، مجلة القانون والاقتصاد، العدد الاول، مصر، ١٩٩٩، ص١٣٣، و د. عادل عازر، مفهوم المصلحة القانونية، المجلة الجنائية القومية، العدد الثالث، مصر، ١٩٧٢، ص٣٩٦.

ناو دەقەکانی پەیوەست بە تاوانەکانی کۆمەڵایەتییەوە دان، کە ئەوانەش دەگرێتە خۆ، وەک ئەو تاوانەی لەو لێکۆڵینەوەدایە. ئەو کێشەیە بەم شێوەیەی خوارەوە لێی دەکۆڵینەوە:

یەکەم/ تێگەیشتنی بەرژەوەندیی پارێزراو:

لە یاسای تاواناسیدا زۆر پێناسەی جیاواز بۆ بەرژەوەندی کراوە. هەیە بەوە پێناسەی کردووە، کە بریتییە لە حوکمێکی خەملاندن و ئەو حوکمەی خەملاندنەش خاوەن پێویستیەک دەیخاتە سەر ئامرازێک، کە تێربوونی بەو پێویستیە بۆ فەراهەم دەکات بە شێوەیەکی ڕەوا. ئەوە بریتیە لە پەیوەندیەک لە نێوان کەس و دەستکەوت (مال، یان دارایی) [1]. فەقیە (بنتام) [2] بەوە

---

(١) د. حسنين ابراهيم، المصلحة في قانون العقوبات، بحث منشور في المجلة الجنائية القومية، المجلد السابع عشر، العدد الثاني، مصر، ١٩٧٤، ص٢٤٠.

(٢) (بنتام) فەیلەسووفێکی ئینگلیزیە بیرۆکەکانی لەسالّی ١٧٤٨ دەرکەوتن، بنتام قوتابخانەی سوودبینینی (نفعی) دامەزراند کە بیرۆکەکانی لە فەلسەفەی چێژ و ئازار ورد دەکرێنەوە. واتە ئەو ئازارەی کە دەبێ بەتاوان لای بیەی سوودی پترە لەوەی کە لە کردەوەکەوە دەست دەکەوێ. (بنتام) یاسای سرووشتیی ڕەتکردەوە و بەتوندی هێرشی کردە سەر هەموو بیرۆکە نموونەییەکان. لەدیارترین ڕەخنەکانی (بنتام) بۆ یاسای سرووشتی ئەوەیە کە زانیاریی فرچکی (غریزی) ناتوانێ یاساکانی سرووشت بزانێ و بیرۆکەی یاسای سرووشتی و ئەوەی تێیدایە، بریتیە لەوێناکردنێکی کەسی، بۆیە بیرۆکەکە حوکمکەرە و بناغەیەکی جێگیری نیە. ئامانجی یاسا لە فەلسەفەی (بنتام) دابینکردنی خۆشیی ماددیە، کە تاکەکان هەستی پێدەکەن. لەلای ئەو یاسا ئامانجی دادپەروەری نیە، بەڵکو ئامانجەکەی سوودە، واتە بەدیهێنانی دەستکەوت. لەڕاستیدا (بنتام) یەکەم کەس نەبوو کە بانگی بیرۆکەی دەستکەوتی دا، چونکە

پێناسەی کردووە، کە ئەو تاموچێژەیە، کە مرۆڤ لە تێرکردنی پێداویستیەکانییەوە دەستی دەکەوێت، بە جۆرێک، کە ئەوەی حوکمی مرۆڤەکە دەکات یاسایەکە پەیوەستە بە تام و ئازار، چونکە مەبەستی سەرەکی بۆ مرۆڤ دەستکەوتنی تاموچێژ و خۆبەدوورگرتنە لە ئێش و ئازار. ئەو یاسایەش لە لای بنتامەوە جێی چاکە و دادپەروەری دەگرێتەوە، بەوەی کە لە ستەم و تووانەوەی ناو خراپەکاری و ڕیسوابوونی رزگاری دەکات[1].

هی وا هەیە، لە تێڕوانینی فەلسەفیی یاسای تاواناسیەوە بەرژەوەندیی بەوە پێناسەکردووە، کە ئەو بنچینەیە، کە یاسادانەری تاواناس پشتی پێ دەبەستێت لە بە تاواناساندنی کردەوەکان بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە لێکپچڕان، لە میانەی خوێندنەوەی چەندێتی ئەو سوودەی، کە لە بە تاواناساندنی ئەو کردەوەیەوە دەستدەکەوێت، لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆی. بەمەش ئەو بەرژەوەندییەی بە لێدانی نابێتە هۆی هەڕەشە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گەورە و کۆمەڵگاش تەماشای ئەو کردەوانە ناکات،

(ئەبیقۆر) و قوتابخانەی (ئەبیقۆری) سااڵی ٣٧٠ پێش زایین داوای بیرۆکەی دەستکەوتی کردووەو بیرۆکەکانی چێژی گۆڕیوە بۆ دەستکەوت، بەاڵم ئەو دەستکەوتە تاکەکەسی بووە، نەک وەکو ئەوەی (بنتام) داوای کردووە. د. توفیق الطویل، مذهب المنفعة العامة في فلسفة الاخلاق، ط١، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٥٣، ص٢٨،٧٨. و د. فايز محمد حسين، فلسفة القانون، دار المطبوعات الجامعية، مصر، ٢٠٠٩، ص٢٤٩، وما بعدها.

(١) د. احمد محمد خليفة، النظرية العامة للتجريم، دار المعارف، مصر، ١٩٥٩، ص١٠٢.

که لێیان دەدرێت بەوەی، کە دەبنە هۆی ڕووشاندنی وێژدانی کۆمەڵایەتی و لێیانەوە بێزراوبوونی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە، ئەوا پێویستە لە پاراستنی تاوانکارانە نەگلێنرێت، لە بەر ئەوەی ئەو بەرژەوەندییانە دەکرێت بە ڕێگای دیکە بپارێزرێن، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە تێکدان دەپارێزن و لەگەڵ سروشتی ئەو بەرژەوەندییانەش دەگونجێن[1].

دووەم/خودی بەرژەوەندییەکە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ خودی ئەو بەرژەوەندییە دیارە بکەین لەو تاوانەدایە، چونکە خودی بەرژەوەندییەکە لێرە پاراستنی سیمبوڵەکانی ئایینین لەگەڵ هەست و بیروباوەڕی پەیڕەوکاران و باوەڕداران پێیەوە، لە میانەی بە تاوانناساندنی دەستدرێژیکردنە سەر ئەو سیمبوڵانەی ناو ئەو ئایینانە. یاسادانەری عێراقی لێرە بەهایەکی گرنگی ناو کۆمەڵگا دەپارێزێت، ئەوەیش ئایین و سیمبوڵە ئایینیەکانە، کە ڕەگیان داکوتاوە لە ناو کۆمەڵگادا و دەبێت ئەو پاراستنەش لە میانەی ڕێزگرتن بێ بۆ ئەو سیمبوڵە ئایینیانە و گاڵتەیان پێ نەکرێت، یان هێرشیانە نەکرێتە سەر. ئەو بەرژەوەندییە خۆی لە ناو پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتییەوە دەبینێتەوە، لەگەڵ

---

(١) اكرم كريم خضير، المصلحة المعتبرة في جرائم المخالفات، رسالة ماجستير، جامعة ميسان، كلية القانون، ٢٠٢١، ص١٣.

پاراستنی سیستەمی گشتی. کەوابێت، دەبێت دەستدرێژیکردنە سەر سیمبولّە ئایینیەکان ببێتە هۆی پەرچەکرداری تونـد، کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاساییشی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریەکەی تێکدەدات. هەر بۆیە پاراستنی سزایی لێرەدا وا لەو پاراستنی سیمبولّە ئایینیەکان دەکات، کە هێڵێکی بنەڕەتی بن و بەرز ڕابگیرێن، کە پاساوە بۆ سیاسەتی بە تاوانناساندن، کە خۆی لە ناو ئەو بەها واتاییانەدا دەبینێتەوە، کە ڕەگیان داکوتاوە لە ناو دڵ و دەروونی کەسەکاندا، سەبارەت بەو سیمبولّە ئایینیە. لەمەشەوە نوێنەرایەتی ئەو بەرژەوەندییە دەکات، کە دەیپارێزێت، لەگەڵ ئەو پێداویستییانەی، کە پێویستە تێربکرێت و لە سەر بنچینەی گرنگی ئەو پێداویستییانە و پێویستبوونی ئەو بەرژەوەندییانەیە بۆ کۆمەڵگا، بۆیە یاسای تاوانناسی ئەو وەڵامەی هەبووە بۆ پەرژینکردنی بە پەرژینێکی گەورە لە جۆری دەقی تاوانکاری بە مەستی پاراستنی[1].

بۆ نموونە دووبارەبوونەوەی ڕووداوی سووتاندنی قورئانی پیرۆز، کە بووەتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بووەتە هۆی پچڕانی پەیوەندی لە نێوان عێراق و سوێد دا، کە تێیدا ڕووداوی دەستدرێژیکردنە سەر قورئانی پیرۆز ڕوویدا، دوای ئەوەی حکوومەتی سوێد ڕێگەی دایە یەکێک لەو لادەرانەی بیروباوەڕ، کە ئەو کردەوەیەی ئەنجامدا. سەرباری ئەوە

---

(١) د. عمار تركي السعدون الحسيني، الجرائم الماسة بالشعور الديني، المرجع السابق، ص٥٣، وما بعدها.

ڕووداوی شەڵەژان لە ناو عێراق، کە بووە هۆی ڕووداوی هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەی سوێد لە عێراق، کە وای لە حکوومەتی عێراق کرد، کە بە پەلە کۆبوونەوەیەک بکات لە پێناو پیادەکردنی چەند هەنگاوێک بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە عێراق[1]. ئەمە بەڵگەیە لەسەر بوونی لێکەوتەی مەترسیدار، کە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانەوە پەیدادەبن و کاریگەرییان لە سەر تێکدانی ئارامی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

مەبەستی دەقە تاوانناسیەکانی[2]، کە چارەسەری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەکەن، بەجێگەیاندنی دادپەروەرییە، چونکە تێیاندا کۆمەڵگا ئاڵای دادپەروەری بەرزدەکاتەوە، کاتێک کە لە ئاستی بیروباوەڕێکی دیاریکراودا دەژیت. چونکە نابێت یاسای تاوانکاری نکوولی لە ویژدانی کۆمەڵایەتی بکات، ئەوەی کە ئەو جۆرە کردەوانە قبووڵ ناکات، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی تێکدەدەن، چونکە پاراستنی کۆمەڵگا پێویستی بەوەیە کە هەر مرۆڤێک بەشێک لەو ئازادیەی هەیە، کە بڕواداریی خۆی هەبێت و یاسای تاوانکاریش مافی ئەوەی نییە ئەو باوەڕداریە باوانانەی ناو کۆمەڵگا بڕووخێنێت. بۆیە شێوەی

---

(١) قناة الغد الاخبارية، العراق يبلغ السويد بقطع العلاقات اذا تكرر حرق المصحف، منشور على الموقع الالكترونيتاريخ الزيارة ٢٠/٢٠٢٣/٩ وقت الزيارة ١٠:٢٣ صباحا.

(٢) سيف سعد سرهيد، سياسة تجريم الاساءة الى الرموز الدينية، دراسة مقارنة بين القانون العراقي والفقه الاسلامي، اطروحة دكتوره مقدمة الى جامعة المصطفى العالمية، كلية العلوم والمعارف، قسم القانون الجنائي، ٢٠٢١- ص٥٨٧.

بەرژەوەندییەکە لە بە تاواناساندنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بە شێوەیەکی ئاشکرا، لە ناو پاراستنی دۆخە گیانی و واتاییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، لە لایەن بڕوادار و پەیڕەوەکاندا. چونکە لایەنی گیانی یان واتایی پەیوەندییەکی توندی بە لایەنە ئایینیەکەوە هەیە. لەمەشەوە سەپاندنی پاراستنی ئەو سیمبوڵە ئایینیانە دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و هەروەها پاراستنی ئازادیی بیروڕا، بۆ ئەوەی چین و تایەفە و گەلە جیاوازەکان لە ناو کۆمەڵگادا بە ئاشتی و ئارامی بژین[1].

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە سەر پێویستی بە تاوانناساندنی جێگیر و چاودانە سەر بە تاوانکردن و سزادانداو ڕاوەستاوە، لە کۆڵەگەی یاسادانانداو، کە ئەوانیش هۆکار و ئامانجن. بۆیە ئەو پێویستییەی، کە یاسادانەری سزایی بۆی دەچێت لە بە تاوانناساندنی کردەوەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و هێشتنەوەی مافی تاکەکان و ئازادیان دەرناچێت، کە تێیدا بەرژەوەندی بە پلەیەکی بەرز دێت لەو بایەخەی، کە پەیوەستە بە کاروباری کۆمەڵگا، بە شێوەیەکی گشتی، چونکە ئەوە پێویستییەکەیە، کە چوارچێوەی بە تاوانکردن دیاری دەکات، بەبێ ئەوەی بۆ سزایەکی دیکە بچێت، بۆ پاراستنی، چونکە پێویستیی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە دەبێ، بە جۆرێک کە پاراستنی سیڤیلی، یان کارگێڕی پێی

---

(١) محروس نصار الهيتي، النظرية العامة للجرائم الاجتماعية، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١١، ص١٤٤ وما بعدها.

نـایەتەجێ، بەڵگـوو پاراسـتنی تاوانکـاری بەجێـی دەگەیەنێـت، لەوەی، کە بـایەخێکی هەیە سـەبارەت بەو بـابەتە. لەمەشـەوە پێویسـتییەکە دەبێـت بگونجێـت لەگەڵ هـاوڕێژەییەکەی، چـونکە هەنـدێک کـردەوە پێویسـتیی ناوێـت بـۆ ئەوەی پاراسـتنەکەی لە یاسای سزادانداا تەواو بێت[1].

ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی بیروباوەڕی تاکەکان و بڕوادارییی ڕەگ داکوتـاو و لەمەوەشـەوە لێکەوتەی مەترسـیدار دێنە کـایەوە، کە دەبنە هۆی گڕدانی هەست و هەڵگیرساندنی ناکۆکی و لێکترازان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایەک و هی دیکەش.، کە ئەمەش دەبێتە هۆی شەڕی ناوخۆ، یان یەکترکوشـتنی تایەفەکان، بە تـایبەتیش، کە ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان دەچێـنە نـاو چوارچێـوەی هاندانی تایەفەگەری، کە بە زۆری سیفەتی تیرۆری دەدرێتە پاڵ، چـونکە ئەنجـامەکەی، کە تـاوانەکە لێی دەکەوێتەوە، هاوشـێوەی ئەو ئەنجـامەیە، کە تـاوانی تیرۆر پەیدای دەکات. ئەمەش دەبێتە هـۆی ڕەنگـدانەوەی مەترسـیدار بـۆ سـەر ئاسایشـی نـاوخۆی دەوڵەت[2].

---

(١) د. احمد فتحي سرور، الوسيط في قانون العقوبات القسم العام، ط٦، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر، ٢٠١٥، ص٣٣١-٣٤١.

(٢) رحمة جاسم محمد، المسؤولية الجزائية الناشئة عن التحريض الطائفي، رسالة ماجستير، جامعة الكوفة، كلية القانون، ٢٠١٨، ص٥٩ وما بعدها.

هەروەها ئەو بەرژەوەندییە دیارە لەو تاوانەدا بریتیە لە پاراستنی کۆمەڵگاکان لە دەمارگیریی ئایینی، چونکە دەستدرێژی کردنە سەر ئەو پێغەمبەرانەی، کە نموونەی سیمبوڵی ئایینین، کارێکە کە دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی دەمارگیری و پترکردنی لەناو کۆمەڵگادا. چونکە سووکایەتیکردن بە (پێغەمبەرێکی دیاریکراو)، ئەوا سووکایەتیکردنە بە ئایین و پەیڕەوانی ئەو ئایینە، وەکوو ئەوەی، کە ڕوویدا لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو لەسەر کەسایەتیی پێغەمبەری گەورە (د.خ) لە زۆر ڕۆژنامە، یان نیشاندانی فیلمی وا لە دەوڵەت ئاوروپاییەکان، کە لە پێگەی پێغەمبەران کەم دەکەنەوە، کە بووە هۆی ورووژاندنێکی تووڕەیی لە لایەن تایەفە ئیسلامییەکان لە هەموو جیهاندا و تووڕەبوونی پەیڕەوکارانی[1].

هەروەها بەرژەوەندییە دیارەکە لە ناو تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە پاراستنی یەکێتیی قەوارە کۆمەڵایەتییەکەوە خۆی دەبینێتەوە، چونکە ئەو جۆرە تاوانانە قەوارە کۆمەڵگا دەروروخێنن و دەبنە هۆی پچڕاندنی تەونە کۆمەڵایەتییەکە، چونکە وێنەیەکە لە وێنەکانی تاوانی ڕقلێبوونەوە، کە کار لە سەر داخووڕانی بنیادی کۆمەڵایەتی دەکات و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان تێکدەدات لە نێوان کۆمەڵە ئایینیەکاندا لە ناو یەک کۆمەڵگادا. هەروەها هەڕەشە لە ئاسایشی

---

(١) شروق خلف سلطان العامري، المسؤولية الدولية عن استعمال حرية التعبير في الاساءة الى الاسلام، رسالة ماجستير، جامعة البصرة، كلية القانون، ٢٠١٤، ص٤٧.

کۆمەڵایەتیش دەکات و لێکەوتە نەرێنیەکانی هەموو هەرێمەکانی سنووری دەوڵەتەکە دەگرێتەوە[1].

لە بەجێگەیاندنی ئەو کارە، ڕووداندنی شڵەژانێکی گەورە هاتەکایەوە لە قەزای مەدینەی سەر بە پارێزگای بەسرە، دوای ئەوەی ئەفسەرێکی سەربازی ناوی ئیمام ئەلحوسەینی (سەلامی خوای لێبێت) زڕان و لایەنە سەربازییە باڵاکان دەستوەردانیان کرد لە پێناو سووککردنی تۆندوتیژیەکەی، کە بەو هۆیەوە پەیدابوو. ئەفسەرەکە گیرا و ڕێکاری یاسایی بەرانبەر کرا[2]. ئەوە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەبێتە هۆی هەڕەشەیەکی بە ترس بۆ ئاسایشی گشتی، چونکە نموونەی دەستدرێژیەکەی ئاشکرایە بۆ سەر بیروباوەڕی خەڵک، لە بەر ئەوە ئەو بەرژەوەندییەی، کە دەستدرێژیی دەکرێتە سەر بەرژەوەندییەکی بنەڕەتییە.

بەرژەوەندییە دیارەکە لەو تاوانەدا ناوەستێتە سەر ڕاستی، یان ناڕاستیی ئایینەکە، یان سیمبوڵە ئایینیەکە، یان بیروباوەڕەکە و تێڕوانین لە ئایینەکە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکوو ڕاستییەکەی دەوەستێتە سەر بە هەای ئەو سیمبوڵانە، بەوەی کە بەهایەکی

---

(١) صباح سامي داوود، جرائم الكراهية، بحث منشور في مجلة العلوم القانونية، المجلد ٨، العدد، ٢٨، ٢٠١٣، ص٢٤١ وما بعدها.

(٢) هەواڵێک بەناونیشانی هێمنی دەگەڕێتەوە بۆ قەزای (ئەلمەدینە) دوای گرتنی ئەو ئەفسەرەی کە سووکایەتیی بە ئیمام حوسێن (س) کردبوو. لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنیی ئاژانسی هەواڵی (براثا) بڵاوکرابۆوە.

کۆمەڵایەتییان هەیە، لە بەر ئەوە بە بەرژەوەندییەک دادەنرێت، کە پاراستنی ئەرکە و ئەو تێڕامانانەی، کە وای لێدەکەن بەرکەوتنەکانی ئەو ئایین و سیمبوڵە ئایینیانە بە تاوان بناسێرێن، تەنیا بریتین لە تێڕوانینی سوودبەخشی کۆمەڵایەتی، کە خۆیان لە بەها واتاییەکانی ئەو ئایینانە دەبینەوە، لە ناو دەروونی خەڵکەکەیاندا و لە سەر بناغەی گرنگی و گەورەیی ئەو بەهایانەوە، وەڵامدانەوەی یاسای سزایی دێت، چونکە پاراستنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەبێتە هۆی بەجێگەیاندنی جۆرە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و هەروەها هێنانەجێی ئاسایش لەناو کۆمەڵدا[1] . ئەو قسەیەش تایبەتە تەنیا بەو ئایینانەی لە ڕووی یاساییەوە دانیان پێدانراوە، هەرچی ئەوانەی کە دانیان پێدانەنراوە، وەکوو ئایینی بەهائییەکان، ئەوا بەسەریاندا ناسەپێت.

لە بەر ئەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە مەترسیدارترین تاوان دادەنرێن، کە لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە ئەنجامدەدرێن و دەکەونە سەر پیرۆزیی ئەو سیمبوڵانە و پیرۆزیی ئایینە ئاسمانییەکان، چونکە بەرژەوەندییە دیارەکە لەو تاوانەدا لە ناو دەوڵەتە ئیسلامییەکاندایە و خۆی لە پاراستنی بیروباوەڕی تاکەکاندا دەبینێتەوە و هەروەها پاراستنی ئایینی ئیسلامی و هی دیکەش لە ئایین و بیروباوەڕی ئایینیی جیاواز.

---

(١) د. عبدالحميد الشواربي، جرائم الصحافة والنشر، دار المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٤، ص٥٨.

سـەرباری ئەوەی، کە ڕێگە بەتاکەکان دەدات، کە ئەرکە ئایینیەکانیان ئەنجامبدەن. هەروەها پاراستنی پیرۆزیی ئەو سیمبولانە و نەهێشتنی شێوە جیاوازەکانی جیاکاری و ڕەتکردنەوەی وتاری ڕق و کینە لە ڕێی هۆکارە جیاوازەکانی دەربڕینی ڕادا[1] .

لە وەی ڕابرد روون دەبێتەوە، کە بەرژەوەندییە پارێزراوەکە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکان زۆر ڕووی هەیەدیارترینیان بریتیە لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەلایەتی لە داڕمان، چونکە سیمبولی ئایینی، وەکوو بەهایەکی ئایینی ڕەگ داکوتاو لە دەروونی خەڵکدا، دەستدرێژی کردنە سەری، دەبێتە هۆی کاردانەوەی توند لە ناو کۆمەڵگادا و ئەوەش دەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتیی ناو کۆمەڵ.

---

(١) د. محمد امين الخرشة، الحماية الجنائية لحرمة الاديان من الازدراء في المرسوم بقانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٥، بشان مكافحة التمييز والكراهية الاماراتي، بحث منشور فى مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والقانونية، المجلد ١٤، العدد٢، الامارات، ٢٠١٧، ص٣٢٥.

خواستی دووەم

بنچینەی یاسایی لە بە تاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

پاراستنی یاسایی بە شێوەیەکی گشتی و سزاییش بە شێوەیەکی تایبەت، لە سەر ئاستی نیشتمان بۆ مرۆڤ، پەیوەندییەکی توندی هەیە بە ئایین و ئەوەی کە باوەڕی پێیەتی و ئەو بیروباوەڕە ڕاستەی، کە هەڵیدەگرێ بۆ تەواوکردنی ئەو پاراستنە یاساییە نێوەدەوڵەتییە هاتووە، بۆیە وڵاتان بە شێوەیەکی زۆر بایەخ بەو کارە دەدەن، ئەویش لە میانەی دانانی دەق لە سەری لە ناو یاسا ناوخۆییەکانیان لەوەی، کە لە سەر شێوەی دەستوور دێن[1] یان یاسای ئاسایی، کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچن و بەپێی ئەو پارێزگارییە، دەوڵەت بەرکەوتن بەو مافە، یان ڕاگرتنی قەدەغە دەکات، هەرچەندە دەکرێت، کە ڕێکیبخات و دیاریبکات لە ناو سنووری ڕێکخستنی گشتی و باشی ڕەفتارکردندا[2].

---

(١) المادة (٢) من الدستور المصري لسنة ٢٠١٤ والمعدل سنة ٢٠١٩ والمادة (٣٢) من الدستور الاماراتي لسنة ١٩٧١ المعدل.

(٢) د. عمار تركي السعدون الحسيني، الجرائم الماسة بالشعور الديني، المرجع السابق، ص٩٣.

چونکه دەوڵەت ڕێگە دەدات بە کەسەکان، کە خواپەرستی و ڕێگایەکانی بیروباوەڕیەکانیان پیادەبکەن، بەڵام نابێت لە کاتی ئەو پیادەکردنانەی هەر ئایینێک دەست بۆ ئایینێکی دیکە ببەن بە ڕەخنەگرتن بێت یان بریندارکردن، یان ببنە هۆی هەڵگیرسانی کووکەی تایەفەگەری، یان ناکۆکی لە جۆری مەزهەبگەرایی بوروژێنێت[1] بۆیە ئەو دەقە دەستووری، یان یاساییانە دەبنە بناغەیەکی یاسایی بۆ پاراستنی سیمبوڵە ئایینیەکانی، کە تاکەکان بڕوایان پێیانە. بۆ ئەوەی بە پێداویستییەکانی ئەو بابەتە ئاشنابین، ئەوا بە سەر دوو لق دابەشی دەکەین. لە لقی یەکەم بناغە دەستووریەکەی بە تاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان وەردەگرین و لە لقی دووەمدا بناغە یاساییەکەی بە تاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان وەردەگرین.

---

(١) اسماعيل بدوي، دعائم الحكم في الشريعة الاسلامية، موسوعة القضاء والفقه، الدار العربية للموسوعات، مصر، ١٩٨٣، ص١٣٤.

لقی یەکەم
بناغەی دەستووریی بە تاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

بۆ ئەوەی شارەزای پێداویستییەکانی ئەو لقە بین، بناغە دەستووریەکەی لە دەستووری عێراقی وەردەگرین و بەراوردی دەکەین بە میسر و ئیمارات، یەک لە دوای یەک و بەم شێوەیەی کە دادێت:-

یەکەم/ناوزڕاندن لە دەستوورەکانی عێراقدا، دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ی بەرکار:

ئەو دەستوورە کێشەیەیوەندارەکان بە ئایین و بیروباوەڕەکان لەخۆدەگرێت، لە ناو زۆر لە دەقەکانی. بۆ نموونە لەمادەی ئەوە هاتووە(یەکەم) ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە و بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی یاسادانان دادەنرێتأ- نابێت هیچ یاسایەک دەربکرێت کە دژی حوکمە جێگیرکراوەکانی ئیسلام بێت. ب- نابێت یاسایەک دەربکرێت، کە دژی بنەماکانی دیموکراتی بێت. ج- نابێت یاسایەک دەربکرێت، کە دژی ئەو ماف و ئازادیە بنچینەییانە بێت، کە لەو دەستوورەدا هاتوون.

(دووەم)ئەو دەستوورە گەرەنتیی پاراستنی ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی عێراقە و هەروەها گەرەنتیی تەواوی مافە ئایینیەکان دەکات، بۆ هەموو تاکەکان لە ئازادیی بیروڕا و

پیادەکردنی ئایینی، وەکوو دیانەکان و ئێزیدیەکان و سابئەی مەندائی[1].

لە میانەی ئەو ماددەیەوە ڕوون دەبێتەوە، کە یاسادانەری دەستووری، پاراستنی دەستوورییی درێژکردۆتەوە بۆ ئایینەکان و هەروەها ئەوەی لەو ئایینەوە دەکەوێتەوە لە ئایینپارێزی و باوەڕبوون بە سیمبولّی ئایینیی دیاریکراو و نابێت دەستیان بۆ ببردرێت. چونکە ئایین لە ئایینداری جیاوازە، چونکە ئایین سیستەمێکی ڕووحانیە کە لە سێ شت پێکدێت، کە بیروباوەڕ و ئەحکامەکان و ڕەوشتن، کە لێیانەوە سیستەمێکی تەواو بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەرچی ئایینداریيە (خواپەرستی) تەنیا قۆناغێکە لە دوای ئایین دێت و ئەو کاتە جێبەجێ دەبێت، کە مرۆڤ بڕوای بە بیروباوەڕە ئایینیەکە دەبێت و یاساکانی جێبەجێ دەکات و دەبێتە خاوەن ئەو ڕەوشتەی[2] کە لێیەوە هەڵدەقوڵێت. لە بەر ئەمە ئایین کردەوەیەکی خودایيە، بەڵام ئایینداری کردەوەیەکی مرۆڤانەیە[3]. لە بەر ئەوە

---

(١) المادة (٢) من دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥.

(٢) ڕەوشتبەوە پێناسە دەکرێ کەزانینی جوانی و ناشیرینیە لەسەر یەک ڕوو. وە ئەو دەستەیە کە پێیەوە دەروون خۆی ئامادە دەکا بۆ ئەوەی لێیبگرێتەوە یان بیدا. واتە بریتیە لە باڕێکی خاوەن سرووشتێکی واتایی کە شێوەکەی لەناوەوەیە و دیار نیە. د. حسن فالح حسن الهاشمي، دور قواعد الاخلاق في القانون الجنائي، اطروحة دكتوراة، جامعة كربلاء، كلية القانون، ٢٠٢٠، ص١٦.

(٣) ضياء السيد عدنان الخباز، الدين والجدليات المعاصرة، دار المرتضى للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٢٢، ص١٤.

دەستووری کۆماری عێراق بە شێوەیەکی ورد ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لە ئایینداریيەوە پەیادەبێت، کە ئازادیی بیروباوەڕ و بەجێگەیاندنە ئایینیەکانە.

جێی ئاماژەیە، کە هی وا هەیە وای دەبینێت، کە ئەو ماددەیە باسی ئازادیی ئایینی، یان بیروباوەڕی نەکردووە، بەو شێوەیەی کە دۆکیومێنت و ڕێککەوتن و چەکە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، هەرچەندە دەقی ماددەی [1] بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دانی ناوە بەوەی، کە عێراق دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و ئایینە، و دیسان وای دەبینین، کە دەوڵەت کەسایەتییەکی واتایی هەیە، لەو کاتەی، کە ئایین پەیوەستە بە کەسایەتیی سروشتی و ڕاست، کە زۆرینەی عێراقییەکان موسڵمانن، بەڵام نابێت ئەحکامەکانی ئایینی ئیسلام بە سەر ئەوانەدا بسەپێنرێت، کە موسڵمان نین. سەرباری ئەوەی، کە نەگۆڕەکانی ئیسلام لە لایەن فەقێیە موسڵمانەکان ڕێککەوتنیان لە سەر نەکراوە و ئەو ماددەیە لە یاسای کارگێڕیی دەوڵەت بۆ ماوەی گوزاروەوە هاتووە، لێی وەرگیراوە، کە لەساڵی ٢٠٠٤ دەرچووە، لە کردەوەیەکدا، کە تێیدا

---

(١) ماددەی لەدەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دەقەکەی دەڵێن (عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزایە و ئەندامێکی دامەزرێن و چالاکی کۆمکاری عەرەبیە و پابەندە بە ڕێکەوتنەکانی و بەشێکە لەجیهانی ئیسلامی). هەروەها ماددەی (٢/ب) لەو دەستوورە دەڵێ (لەناو ئەو دەستوورەدایە پارێزگاری لە شوناسی ئیسلامی بۆ زۆرینەی عێراقیەکان بکا، هەروەها تێیدایە کە هەموو مافە ئایینیەکانی هەموو تاکەکان بە ئازادیی بیروباوەڕ و ئەنجامدانی ئەرکە ئایینیەکانیان، وەکو کریستیانەکان و ئێزیدیەکان و سابیئەی مەندائیەکان).

ویستراوە هاوسەنگیەک لە نێوان ئاڕاستەی ئیسلامی و ئاڕاستەی سێکیولاریی لیبرالی بێننە کایەوە[1].

ئەوەشی بۆ زیاد دەکەین، کە یاسادانەری عێراقی باشتر بوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەقی هێنابایە لە سەر پاراستنی دەستووریانەی سیمبولّە ئایینیەکان، بەڵام ئەو کارە ڕەها نییە، چونکە دەستووری کۆماری عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ پاراستنی دەستووریی داناوە بۆ سیمبولّە ئایینیە جێگەییەکان، کە ئاماژەی کردووە بۆ (عەتەبە پیرۆزەکان، پێگە ئایینیەکان لە عێراق، قەوارە ئایینی و شارستانییەکان و دەوڵەت پابەند دەبێت بە جەختکردن و پاراستنی پیرۆزییەکانیان و گەرەنتیی پیادەکردنی جێبەجێکردنە ئایینیەکان بە ئازادی)[2]. یاسادانەری عێراقی باشی کردووە لە هێنانەوەی دەقێکی ڕاشکاوی وا، کە پەیوەستە بە سیمبولّە ئایینیە جێگەییەکان، بەڵام سیمبولّە ئایینیە کەسییەکانی پشتگوێ خستووە. هەروەها یاسادانەری دەستووری پاراستنی سیمبولّە ئایینیە جێگەییەکانی دووبارە کردۆتەوە لە شوێنێکی دیکەدا، ئەویش کاتێک، کە قسە لە سەر ئازادی پیادەکردنی جێبەجێکردنە ئایینیەکان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە

---

(١) منذر الفضل، العلمانية، الدين والاسلام السياسي، بحث منشور على موقع الحوار المتمدن، العدد (٢٢٦٩) في ٢٠٠٨/٥/٢.

(٢) المادة (١٠) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

(دەوڵەت ئازادیی خواپەرستی گارانتی دەکات و جێگایەکانی دەپارێزێت)[1].

هەروەها ئەو دەستوورە ئاماژەی بۆ پرەنسیپی یەکسانبوونی لە پێش یاسا کردووە و پرەنسیپی یەکسانی بە گرنگترین پرەنسیپەکان دادەنرێت، کە دەبێت دۆکیومێنتی دەستووریی لەو دەوڵەتەی لە سەر دامەزرێنرێت، کە تێیدا ئایین و تایەفەکانی زۆرن. چونکە دەبێت یەکسانی لە ئایین هەبێت، چونکە ئەو دەستوورە ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی کە(عێراقییەکان لە پێش یاسا یەکسانن بەبێ جیاکاری بە هۆی ڕەگەز، یان ڕەگوڕیشە، یان نەتەوە، یان بنەچە، یان ڕەنگ و ئایین، یان ئایینزا، یان ڕادەربڕین، یان باری ئابووری، یان کۆمەڵایەتی)[2]. لەمەوە دەردەکەوێت، کە تاکەکان یەکسانن لەوەی، کە بڕوایان پێیە لە سیمبوڵی ئایینی لە ئایینە جۆراوجۆرەکانی کە ماددەی ئاماژەی پێیان کردووە لە ناو دەستووری کۆماری عێراق. ئەوەش بە درێژکردنەوەی ماوەی چوارچێوەی پاراستنی دەستووری دادەنرێت بۆ سیمبوڵە ئایینیەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

هەروەها ئەم دەستوورە دەقی هێناوە لە سەر پاراستنی تاکەکان لە تیرۆری هزری[3] ئەوەی کە پەیوەندیی بەزۆرلێکردنە

---

(١) المادة (٤٣/ثانيا) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

(٢) المادة (١٣) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

(٣) تیرۆری هزربەوە پێناسە دەکرێ کە (هەر کردەوەیەک کە مەبەستی سەپاندنی را یان هزر یان ئایینزا یان ئایین یان هەڵوێستێکی دیاریکراو بێ، بە بەکارهێنانی ڕێگای واتایی، یان هەر ڕێگایەکی تاوانکاریی دیکە کە ببێتە هۆی ترس و تۆقاندن زراوبردن

لە سەر بیروباوەڕی خەڵکانی دیکە، یان ئەو ئایینە دیاریکراوەی، کە بڕوایان پێیەتی[1]. هەر لە سەر ئەو بناغەیە دەستووری کۆماری عێراق پاراستنێکی دەستووریی داناوە بۆ سیمبوڵە ئایینیەکان لە میانەی قەدەغەکردنی ئەو تیرۆرە هزرییەی، کە دەست بۆ بیروباوەڕی خەڵکانی دیکە دەبات. لێرەدا یاسادانەری عێراقی لەو خاڵەدا باشی کردووە، چونکە چوارچێوەی پاراستنی دەستووریی بە شێوەکی گەورە فراوان کردووە. ئەوەشی بەوە بەهێزتر کردووە لەوەی، کە یاسادانەری دەستووری لە ماددەی (٤١)دا هێناویە کە دەڵێت(عێراقییەکان سەربەستن لە پابەندبوونیان بە باری کەسێتیی خۆیان بە پێی ئایین، یان ئایینزا، یان بیروباوەڕ، یان هەڵبژاردنیان و ئەوەش بە یاسا رێکدەخرێت). هەروەها لە ماددەی (٤٢)دا کە دەقەکەی دەڵێت(بۆ هەر تاکێک سەربەستیی هزری و ویژدان و بیروباوەڕ هەیە).

لەو دەقە دەستووریانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە یاسادانەری دەستووریی عێراقی ئاماژەی بۆ پاراستنی سیمبوڵە ئایینیەکان کردووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و هی دیکەی ناڕاستەوخۆ. سەبارەت بە یەکەمپاراستنێکی ئاشکراو

لەناو دڵی تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی مەبەستی تیرۆری). علي قاسم فياض، الارهاب الفكري، رسالة ماجستير، جامعة النهرين، كلية الحقوق، ٢٠١٦، ص٧٠.

(١) ماددەی (٣٧/ئانیا) لە دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دەقەکەی دەڵێ (دەوڵەت گەرەنتیی پاراستنی تاکەکان دەکا لە زۆرلێکردنی هزری و یاسی و ئایینی).

جیاکەرەوەی بۆ سیمبولّە ئایینیەکان داناوە، بەڵام ناوی سیمبولّە کەسییەکانی نەهێناوە. هەرچی لە دووەمیانە ئەوە یاسادانەری دەستووری جۆرە پاراستنێکی بۆ سیمبولّە ئایینیە جۆراوجۆرەکان دیاریکردووە لە میانەی ئەو ماددانەی، کە پەیوەستن بە پاراستنی بیروباوەڕ و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان.

ئێمە ئومێدمان بە یاسادانەری دەستووریی عێراقی وایە، کە چارەسەریەکی کاریگەر لە ناو دەقە دەستوورییەکان دابنێت، چونکە چارەسەری دەستووری ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ڕێوشوێنی بەجێگەیاندنی دەقە سزاییەکان لە پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە ناو کۆمەڵدا، لە بەر ئەوەی ئەوە دەقە دەستووریەکانن، کە ڕێوشوێنی سەپاندنی دەقە سزاییەکان دیاریدەکەن و هەروەها سیفەتی ڕەوایەتیان بە سەردا دەسەپێنن. ئەگەر ئەو دەقە دەستووریانە لە ناو جغزی دەستووری دەرچوون، ئەوا دادگای دەستووری بەوە دادگاییان دەکات، کە ناڕەوان. لەبەر ئەمە، کاریگەریی دەقە سزاییەکان بەندە بە کاریگەریی ئەو چارەسەریانەی، کە دەقە دەستووریەکان لەو لایەنەوە دایدەنێن[1].

---

(١) د. احمد فتحي سرور، القانون الجنائي الدستوري، ط٢، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٢٥-٢٦.

لقی دووەم

بناغەی یاسایی بۆ بە تاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

لێکـۆڵینەوە لەو چوارچێـوەیە پێویسـت بەوە دەکـات دەقە یاساییە جۆراوجۆرەکان بخوێنینەوە، کە بناغەی یاسایی دادەنێتن بـۆ تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان. بـۆیە لەو لـقەدا ئەو یاسا ئاساییانە وەردەگرین[1]، کە چارەسـەری ئەو تـاوانە دەکەن، ئەوجا چ یاساکانی سزادان بن، یان یاسـاکانی تاوانکاریی تـایبەت بن لە عێراق و لەو دەوڵەتـانەی، کە بەراوردیـان دەکەیـن. ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ بنـــاغەی یاســـایی بـــۆ بە تـــاوانکردنی ناوزڕانـــدنی ســـیمبوڵە ئایینیەکـــان لە عێراقـــدابناغەی یاســـایی بـــۆ تـــاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان لە یاسـا ئاسـاییەکانی عێراقـدا چوارچێوەکەی تەسکە، چونکە تەنیا ئەو ماددە کەمانە دەگرێتەوە کە لە ناو یاسای سزادانـدان و هەندێک دەقی دیکەی یاساییش.

---

(١) دکتور اميل جبار عاشور. سارا حسن بدل، الاساس التشريعي لتجريم الاساءة لرموز الدينية، بحث نشر في مجلة جامعة ميسان لدراسات القانونية المقارنة العدد ١٠ مجلد ١، ص١٨٢.

لە پێش هەموو ئەو سیمبولانەی، کە یاسادانەری عێراقی پاراستنی تاوانکاریی بۆ داناون لە ناو یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، ئەو سیمبولە ئایینیە جێگەییانەن، کە پاراستنی تاوانکاری دەیانگرێتەوە لە جۆرەها دەستدرێژیی، کە لەوانەیە بکرێتە سەریان. ئەوەش لە ماددەی (٣٧٢) لەیاسای سزادانداا هاتووە. هەر لەسەر ئەو بناغەیەش سیمبولە جێگەییەکان بەو شوێنە دیارە ئایینیانە دادەنرێن، کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکان تەرخانکراون. ئەوانەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەندن بە هەستی ئایینیەوە، چونکە لە ناو دڵ و دەروونی خاوەنەکانیان ڕێز و پیرۆزییەکی گەورەیان هەیە[1]، لە بەر ئەوە پێویستە لە هەموو دەستدرێژیەکی سەری بپارێزرێت، چونکە لە لایەنی دەستوورییەوە گارانتی کراوە، وەکوو لە بناغە یاساییەکەی دەستووردا بینیمان.

یاسادانەری عێراقی لە یاسای سزادانداا ئاماژەی بۆ بناغەی یاسایی بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیە جێگەییەکان کردووە، لە میانەی ئەوەی کە لە ناو ماددەی (٣٧٢) هاتووە و لەوێ لە پەرەگرافی لەو ماددەیە ئاماژەی کردووە بۆ(هەرکەسێک بنیادەک تێکبدا، یان لە ناوی ببات، یان بیشێوێنی، یان پیسی بکات، لەوانەی کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکان ئامادەکراون لە لایەن تایەفەیەکی ئایینی، یان سیمبولێک، یان

---

(١) د. نوال طارق ابراهيم العبيدي، الجرائم الماسة بحرية التعبير عن الفكر، المرجع السابق، ص٥٠.

هەر شتێکی دیکە، کە ڕێزێکی ئایینی هەبێت). لەوانەیە یەکێک بپرسێت چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان ئەو پەڕەگرافە و پەڕەگرافی ، کە ئاماژەی بۆ سیمبوڵی ئایینی کردووە؟ وەڵامی دەدەینەوە بەوەی، کە پەڕەگرافی لەو ماددەیەدا ئاماژەی بۆ پیسکردنی سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکان و سیمبوڵی دیکەش کردووە، کە لە هەموو بارێکدا دەبێتە تەواوکەر بۆ ئەو سووکایەتیکردنەی، کە پەڕەگرافی لە ماددەی (٣٧٢) ئاماژەی بۆ کردووە.

چونکە ئەو بناغە یاساییەی، کە یاسادانەری عێراقی لەو ماددەیەدا هێناویەتیەوە، مەبەست لێی پاراستنی بیروباوەڕی ئایینیە لە عێراقدا لە پێناو دەست بۆ نەبردنیان. ئەوەش بەندە بە پیرۆزیی ئەو سیمبوڵە و هەروەها هەستی خەڵکەکە[1]. هەروەها بە ناوزڕاندنی ئەو سیمبوڵە ئایینیە کەسیەش دادەنرێت، کە پێیەوە بەندە. یاسادانەری عێراقی دەقی وای داناوە، کە بەندە بەو کارەوە، لەوانە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی (هەڵوەشاوە) ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ٢٠٠٠ بە شێوەی سزادانی هەر کەسێک، کە بەساختە خۆی دابێتە پاڵ ئیمامی عەلی (س)، کە لە ماددەی لەو بڕیارەدا هاتووە(بەزیندانی کردن، یان بەندکردن بۆ ماوەیەک، کە لەحەفت ساڵ پتر نەبێت و لە سێ ساڵیش کەمتر نەبێت، هەر کەسێک بەساختە و درۆ خۆی دابێتە پاڵ مەزنەکانی سەر بە

---

(١) د. محروس نصار الهيتي، النظرية العامة للجرائم الاجتماعية، المرجع السابق، ص١٤٥ وما بعدها.

بنەماڵەی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب و وەچەکانیەوە، یان خۆی خزاندبێتە ناو درەختی بنەماڵەکەیانەوە، یان خۆی دابێتە پاڵ هۆزێک لە هۆزەکانیەوە یان ناوبانگیانی هەڵگرتبێت، یان خۆی بە نەوەی ئەوانەوە ژماردبێت و لە ڕاستیشدا وانەبێت، ئەوا ماڵە گوازراوە و نەگوازراوەکانیشی دەستیان بەسەردا دەگیرێت)[1]. لە نموونە واقیعیەکانی پەیوەست بەجێبەجێکردنی دەقەکانی ئەو ماددانە، دەستگیرکردنی یەکێک لە خاوەن پێگە ئەلیکترۆنییەکانە، بە هۆی زماندرێژی کردنە سەر مەرجەعە ئایینیەکانی نەجەفی پیرۆز، کە تێیدا ئەو کەسە تویتێکی لە ناو پێگەی تویتەر بڵاوکردبووەوە، کە مەرجەعی سیستانی بە کەم دانابوو. لە بەر ئەوەی بە سیمبوڵێکی ئایینی لە عێراق دادەنرێت، بۆیە ڕێکاری یاسایی گیرایە بەر بەوەی ئەو بلۆگەرە بگیرێت[2] و لەوێوە ڕێکاری یاسایی لە دژی گیرایەبەر، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥/٣٧٢) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو زیانانەی لە تاوانەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانەوە دەکەونەوە، چ جێگەیی بن، یان

---

(١) القاضي عبدالحسين صباح صيوان الحسون، موسوعة نصوص التجريم والعقاب، ج٢، ط١، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٣، ص٢٧١ وما بعدها.

(٢) هەواڵێک بەناونیشانیبووە هۆی تووڕەیی لە عێراق و بڵاوکەرەوەکەی دەستگیر کرا، چیرۆکی ئەو تویتە سووکایەتیکردنە بە سیستانی کە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵی (ئەلحورە) بڵاوکراوەتەوە alhurra.com.

کەسی، لەوانەیە سروشتی ماددیان هەبێت یان سروشتی واتایی، چونکە زیانە ماددیەکە خۆی لەوە دەبینێتەوە، کە لەو دەستدرێژیکردنەوە گۆڕانێکی چوارچێوەی دەرەوەی لێدەکەوێتەوە، وەکوو ئەوەی لە تاوانەکانی تێکدان و لە ناوبردنی شوێنە ئایینیە سیمبولّەکانەوە دێنە کایەوە. لە کاتێکدا زیانە واتاییەکانی، کە لەو تاوانانە دەکەوێتەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی، خۆی لەو ئازارانە دەبینێتەوە، کە تووشی مرۆڤ دێن، لە ئەنجامی دەست تێوەردان لە پیرۆزیی بیروباوەڕە ئایینیەکان.

لەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بناغەی یاسایی بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان لە عێراقدا، چوارچێوەیەکی تەسکی هەیە. وای دەبینین، کە تاوانی دەستبردن بۆ هەستی ئایینی لە عێراق پێویستیی بە یاسای تایبەتی هەیە، بە مەبەستی فراوانترکردنی چوارچێوەی پاراستنی تاوانکاری و نەهێشتنەوەی ژمارەیەک لە کردەوەکان بەبێ بە تاوانکردن، بەتایبەتیش ئەو کردەوانەی، کە وەسفی تاوانیان هەیە، چونکە دەکەونە سەر سیمبولّە ئایینیەکان.

باسی دووەم

خودێتی تاوانی ناوزڕاندنی

سیمبوڵە ئایینیەکان

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان زاراوەیەکی فیقهی نیە، کە داهێنرابێت بۆ چارەکردنی ناڕێکییەکی یاسایی لە هەندێک لایەنی یاسایی سزایی، یان کۆکردنەوەی ژمارەیەک کردەوە بێ، کە سیفاتی تاوانکارانە هەڵدەگرن و لەژێر چەتری زاراوەیەکی گشتی یەکیان بخەین بۆ ئەوەی ئەو کردەوانە و بەرژەوەندییە پارێزراوەکان بگرێتەخۆ خۆ، بەڵکوو لەڕاستیدا یاسادانەری سزایی عێراقی چوارچێوەی ئەو تاوانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی دیاری کردووە لە ناو یاسای سزادان و لەمادەی (٣٧٢)دا، لەمەشەوە ئەو تاوانە قەوارەیەکی تایبەتی و چارەسەریەکی یاسایی تایبەت بە خۆی هەیە و لەژێر چەتری ئەو تاوانانە دادەنرێت، کە بەر هەستی ئایینی دەکەون. هەروەها دەکەونە ناو ئەو تاوانە کۆمەڵایەتییانەوە، لەمەشەوە ڕەهەندە

یاسـاییەکانی ئەو تـاوانە، بە شـێوەیەکی ڕوون دیـاری کـراوە لە لایەنی یاساییەوە[١][٢].

سـەرباری ئەوە ئەم تـاوانە خـودێتیەکی دیـاری هەیە و ئەو خـودێتیەی لە میـانەی ئەو تایبەتمەنـدییانەوەیە، کە ئەو تـاوانەی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان بە تەنیـا هەیـانە، کە بەنـدە بە سروشـــتی ئەو ئەنجـــامە و چوارچێـــوەکەی و هەڵوێســـتی یاسـادانەری سـزایی لێـی. هەروەهـا چوارچێـوەی ئەو تـاوانە و هەروەهـا ئەو خـودێتیەی، کە لە میـانەی جیـاکردنەوەی تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان جودای دەکاتەوە لەو تاوانانەی، کە لێی نزیک دەبنەوە، ئەوانیش تـاوانی هاندانە بۆ سـەر ئـازادیی هـزری و هەروەهـا وروژانـدنی کـووکەی تـایەفی. بـۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ئەو بابەتە بزانین، سەرەتا بە سەر دوو خواست دابەشـــیدەکەین کە لە یەکەمیانـــدا تایبەتمەنـــدییەکانی تـــاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان و سروشـتە یاســاییەکەی ڕوونەکەینەوە و لە دووەمیاندا جیاکردنەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و هی دیکە.

---

(١) القاضي سالم روضان الموسوي، التكييف القانوني لفعل التطاول على الرموز الدينية، المرجع السابق، ص١.

خواستی یەکەم

تایبەتمەندییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و سرووشتە یاساییەکەی

یاسادانەری سزایی لە هەموو دەوڵەتەکاندا بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵ دەدات ڕێسای یاسایی ئەوتۆ دەربکات، کە سروشتی تاوانکارییان هەیە، بە مەبەستی فەراهەمکردنی پاراستنی یاسایی بۆ بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان، لەوانەش (هەستی ئایینی)، کە لەوێ پاراستنی گونجاو فەراهەم دەکات بۆ ئایینەکان، بۆ ئەوەی بەجێیان بگەیەنن، لە بەر هەبوونی ڕۆڵی بنیادنەر لە ناو کۆمەڵگا و گەلاندا و بۆ پاراستنی سیستەم و هەروەها پاراستنی سەقامگیریی ئاسایشی گشتی، ئەویش لە میانەی فەراهەمکردنی پاراستنێکی سزایی بۆ ئازادیی بیروباوەڕ لە لایەن خەڵکەوە و هەبوونی مافی بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیە جیاوازەکانیان لە کەشێکی دڵنیایی و ئارام و بە ئاشکرا[1]. ئەوەش لە ڕێگای لێدان لە دەستی ئەوانەی گاڵتەجاڕی دەکەن و دەستی تێوەردەدەن، لەوانەی سووکایەتی و گاڵتە، بە شێوەیەکی ئاشکرا، بەو بیروباوەڕانە دەکەن، یان کتێبە

---

(١) د. احمد فاضل محمد الصفار، الجرائم التي تمس الشعور الديني (الشعائر الحسينية نموذجا)، بحث منشور في مجلة معهد العلمين للدراسات العليا، العدد١، العراق، ص١٦٩ وما بعدها.

پیرۆزەکانیان دەستکاری دەکەن، چونکە لەو ڕەفتارانەوە پشێوی پەیدادەبێت و ئەوەش بەشێوەیەکی نەرێنی بە سەر سیستەمی گشتی دەشکێتەوە و ئاسایش و ئارامی گشتی تێکدەدات. هۆکاریش لەوەدا ئەوەیە، کە ئەو بیروباوەڕانە ڕێز و پیرۆزی و پێگەی بالایان هەیە لە ناو دەروون و ویژدانی باوەڕدارەکانی دا[1].

بۆ هەر تاوانێک لەو تاوانانەی، کە بەر بیروباوەڕی ئایینی دەکەوێت، تایبەتمەندییەکی سەربەخۆی هەیە و هەروەها سرووشتێکی تایبەتیشی هەیە. لە ناو ئەوانەدا، تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان. وە بۆ ئەوەی شارەزای ئەو بابەتە بین، دابەشیدەکەین بەسەر دوو لق. لە لقی یەکەمدا تایبەتمەندییەکانی ئەو تاوانە و لە لقی دووەمدا سرووشتە یاساییەکەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان ڕوونەدەکەینەوە:

---

(١) د. عادل عبدالعال ابراهيم خراشي، جريمة التعدي على حرمة الاديان وازدرائها في التشريعات الجنائية الوضعية والتشريع الجنائي الاسلامي، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، مصر، ٢٠١٧، ص٣٤.

لقی یەکەم
تایبەتمەندییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی
سیمبوڵە ئایینیەکان

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دەکەوێتە سەر کۆمەڵگا و لەوێشەوە لە چەند کردەوەیەکی جیاواز و جۆراوجۆر پێکدێت، کە هەموویان بەر قەوارەی کۆمەڵایەتی دەکەون و هەڕەشە لە سەقامگیری و درز تێخستنی پەیوەندییە بنەڕەتییەکان دەکەن. لەگەڵ ئەو جیاوازیانەش کە لەو کردەوانەدا دەبنە هۆی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بەڵام تاکە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی، کە هەموو ئەو کردەوانە کۆدەکاتەوە لە چوارچێوەی گشتیدا و ئەو تایبەتمەندیانەش بەو شێوەیەی خوارەوەن:

یەکەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە تاوان هزرییەکانە:

بێگومان هزری مرۆڤ ئازاد و سەربەستە و ناکرێت بیرکردنەوەی لێ قەدەغە بکرێت، بە هەر شێوەیەک بێت، کە نەیەڵێ گوزارشت لە بیروباوەڕ و بیرۆکەیەکی دیاریکراو بکات، یان ڕێچکەیەک بگرێتە بەر، کە بڕوای پێیە و ڕەزامەندیی خۆی لە سەرە. ئازادیی هزری لە سروشتی مرۆڤەوەیە، کە خودا دروستیکردووە و هۆشێکی داوەتێ، کە بیری پێ بکاتەوە.

لەوانەیە ئەوەی کوشتن و دەستدرێژیەک بکات، کاتێک کە ئەو مافەی پیادەدەکات. ئەگەر تێڕوانینی فەلسەفی بۆ ئازادی، کاتێک کە بۆ هۆش زیاددەکرێت، کە بیربکاتەوە، ئەوا لە تێڕوانینی پیاوانی یاسا، یان تێگەیشتنی یاسایی لە دەورەی ئەو واتایە دەخولێتەوە، لەگەڵ فۆکەسکردن لە سەر ئەو وروژانەی، کە ئەو ئازادیانە دەیکەن لە بەرانبەر خەڵکانی دیکەدا[1].

لەوانەیە کردەوەکان شێوەی گوزارشت وەربگرن لە بیرۆکەیەک، یان ڕایەک، کە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت، ئەوەش، یان لە بەر سروشتەکەی، یان چۆنیەتیی گوزارشتکردن لێی، چونکە ئەو ڕایەی، کە بە سروشتی خۆی لە سنووری پیلەکە و ڕەخنەی هەزری دەردەچێت، ئەوە بە ڕا دانانرێت، بەڵکوو دەستدرێژی و هێرشە. هەروەها ئەو هزرەی، کە بە وروژاندنی، بەر هەستی خەڵکانی دیکە دەکەوێت، وەکوو بە درۆخستنەوەی پێغەمبەران و تۆمەت بەخشینەوە پێیان، بەبێ بوونی بناغەیەکی بابەتی. هەموو ئەو شێوازانە وێنەیەکی ناڕەوایەتی بە سروشتی ئەو کردەوانە دەبەخشن، لە بەر ئەوەی بەر هەستی خەڵکانی دیکە دەکەون، پتر لەوەی بەجێگەیاندنی بەرژەوەندیی گشتی بن. ئەو واتایەش بەزۆری ڕوون دەبێتەوە لە هەندێک لەو تاوانانەی، کە بەر هەزری ئایینی دەکەون، بە تایبەتیش ئەوانەی، کە بە

---

(١)د. شحاتة ابوزيد شحاتة، مبداء المساواة في الدساتير العربية، الناشردائرة الحقوق والواجبات العامة، القاهرة، ٢٠٠١، ص١٦٥ وما بعدها.

سروشتی خۆیان له تاوانەکانی ڕا، یان هزر نزیک دەبنەوە، وەکوو تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر بیروباوەڕە ئایینیەکان و هەروەها تاوانی سووکایەتی کردن بە حوکمەکانی کتێبە پیرۆزەکان، ئەگەر ئەو شێوازانەی کردەوەکان بەڕێگای قسە بن، یان بە نووسین[1]. هەرچی ئەوەی تایبەتە بە ڕێگەی گوزارشت لە ڕا و هزر، ئەوا لەبنەڕەتدا لە ناو شێوە و دیسپلینەکان و سنووری یاسادانە، بۆ ئەوەی ببنە مایەی پاراستن لە لایەن یاسادانەری سزاییەوە، چونکە تێگەیشتنی سەرپێچی تێیاندا دەبێتە هۆی ئەوەی بەتاوان بکرێت. هەر ئەوەشە، کە پیلەکە و هزر لە بارەی سیمبولّە ئایینیەکان و بەجێگەیاندنە ئایینیەکان بێت، چونکە بریتیە لە پیادەکردنێکی کردەیی ئەوەی، کە تایبەتە بە بڕوابوونە هزرییەکان و هەروەها ویژدانییە تایبەتەکانی تاکەکان. بۆ ئەوەی ئەو بەجێگەیاندنانە ببنە مایەی پاراستنی تاوانکاری، پێویستە لەگەڵ کۆت و بەند و دیسپلینە یاساییەکاندا بگونجێن، لە پێناو گەرەنتی بوونی پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانەی ناو کۆمەڵ[2]، گەرەنتیەک بۆ ئازادیی ڕا لە دەستووردا، چونکە ناوزڕاندن و سووکایەتیکردنی سیمبولّە ئایینیەکان ناچنە ناو

---

(١) د. عمار تركي السعدون الحسيني، الجرائم الماسة بالشعور الديني، المرجع السابق، ص٥٨ وما بعدها.

(٢) د. نوال طارق ابراهيم العبيدي، الجرائم الماسة بحرية التعبير عن الفكر، المرجع السابق، ص٦٠ وما بعدها.

تێگەیشتنی پیلەکە و لێکۆڵینەوەی زانستی، چونکە ڕێگە بەوە نادات ئەوەی، کە پیلەکە لە ئایینەکەی دەکات لە شکۆی بدا و بێزی لێبکاتەوە[1]. لە نموونەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لەکاتی ئێستادا، ئەو ناوزڕاندنەی دژی پێگەی پێغەمبەران و ئیمامەکان دەکرێتن لە هەندێک وڵاتاندا و لە عێراقیش. چونکە مەرجەعەکانیش لە لایەن هەندێک خەڵک پیرۆزیی خۆیان هەیە و بەرکەوتنی پیرۆزییەکانیان بە دەستدرێژیەک دادەنرێت بۆ سەر هەستی ئایینی بەشێکی زۆر لەو تاکانەی، کە سەر بەو تایەفەیەن، بە تایبەتیش ئەوانەی پەیڕەویان دەکەن لە کاروبارە ئایینیە جیاوازەکانیاندا[2].

زۆر پێویستە دەقێک دابنرێت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو دەستدرێژیانەی سەر پێغەمبەران و ئیمام و مەرجەعە ئایینیەکان بە دەقی ئاشکرا لە ناو یاسای سزادان، یان لە ناو

---

(١) محمد عبدالله، تنظيم المسؤولية الجنائية جرائم النشر، بحث منشور في مجلة القانون والاقتصاد، العدد ١٥، السنة ٧، ٢٠١٢، ص٥٣٠.

(٢) لەئەنجامی دووبارەبوونەوەی ڕووداوی ئەو تاوانانە بەشێوەیەکی گەورە، چەند دۆکیومێنتێک لەلایەنە پەرلەمانتارەکانەوە ڕۆژی دووشەم (١٧ی تەموز ٢٠٢٣) کە تێیدا ئیمزای پەرلەمانتاران کۆکراوەتەوە بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازی یاسای (بەتاوانکردنی ناوزڕاندنی سەرچاوگە ئایینیە مەزنەکان و سیمبۆڵە ئایینیەکان) و ناردنی بۆ لێژنە پەرلەمانیەکە بۆ بڕیاردان لەسەری، ئەویش لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەریەکی یاسایی ڕاستەقینە بۆ ئەو کردەوە بەترسانە. قانون لتجريم الاساءة الى المراجع والرموز الدينية على طاولة البرلمان قريبا. مقال منشور على الموقع الالكترونى baghdadtoday .

یاسا سزاییە تایبەتیەکاندا بە تاوان بناسێنێت، یان لە ناو حوکمە سزاییەکانی ئەو یاسایانەدا، کە لایەنێکی ئایینی لەخۆدەگرن، بۆ نموونە، چونکە هەبوونی ژمارەیەک دەق، کە شێوازەکانی ئەو دەستدرێژیانە بە تاوان دەناسێنێت دەبێتە هۆی پاراستنێکی گەورە بۆ سیمبولّە ئایینیەکان و بناغەیەکی یاسایی کاریگەریان بۆ فەراهەمدەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە دیارەکەی بە تاوانکردنی ئەو کردە تاوانکارییانە.

دووەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان لە تاوانەکانی دەستدرێژیی واتایی:

دەستدرێژیی واتایی کاتێک دەبێت، کە هەر کردەوەیەک، یان قسەیەک، یان ئاماژەیەک، کە لە ڕووی دەرەوەیدا بە سووکایەتیکردن و شکۆشکاندن دەبینرێت و بەرکەوتەی بە شەرەفی ئەو کەسەوە دەبێت، کە ئاڕاستەی کراوە، وەکوو بەرزکردنەوەی دەنگ، یان جوولّەی سەر و پێکەنینێکی بە قاقا[1].

هەروەها ناوزڕاندنی سیمبولّەی ئایینی بە ناوزڕاندنێکی واتایی دادەنرێت لە میانەی تانەلێدان، یان بێزلێکردنەوە،[2] یان

---

(١) محمد عصام الدين حسونة وحسن صادق المرصفاوي، التشريع واحكام القضاء في جرائم الصحافة والنقد والسب، ط١، مطابع عابدين، الاسكندرية، ١٩٥٢، ص١٦٦-١٧٢.

(٢) بێزلێکردنەوەبەوە پێناسە دەکرێ کە ڕەخنە یان سەرزەنشتکردنی رایەک یان بیرۆکەیەک یان کەسێک. وشەیەکە زۆر ڕووی هەیە و لەسەر واتا و کاتی گوتن و

بەکەمزانین،[1] یان بەگەمژەزانین،[2] یان شکۆشکاندن[3]. ئەوانەش، کە لەژێر چەتریدان لە جۆرەها وشە، کە واتای دەستدرێژی و زماندرێژیکردن دەگەیەنن، چونکە ئەو تاوانە لەوانەیە بە هەر کردەوەیەک، یان قسەیەک، یان بەنووسین بکرێت، کە لە جۆری شکۆشکاندن و ناوزڕاندن، یان بەر پایە، یان شەرەفی کەسایەتییە ئایینیەکە، یان سیمبوڵە ئایینیەکە بکەون. مەرجە ئەو شکاندن، یان ناوزڕاندنە بۆ سەر پێگە، یان سیفەتە پیرۆزەکە بکەوێت، کە ئەوانە لە ناو دەروونی خەڵکەکەدان، ئەگەرنا، کردەوەکە دەچێتە ژێر باری ئەو دەقانەی، کە بەندن بە جوێندان و پللارتێگرتن، ئەگەر بکەونە سەر تاکەکەسە ئاساییەکان، ئەوانەی، کە هیچ سیفەتێکی ئایینیان نییە. لە کردەوەیەکی، کە بەرجەستەی ناوزڕاندن دەکات، لەوانەیە ئەنجامی هەبێت، بە پێی واتای یاسایی، کە ئەویش بەر سیمبوڵە ئایینیەکان، یان کەسایەتییە ئایینیەکان دەکەون، ئەوانەی، کە پیرۆزیەکی ئایینیی

وەرگرەکەی دەوەستێ. تەماشای شوونم عبدالله مجید، ازدراء الادیان بین الحریة والتجریم، المصدر السابق، ص٦.

(١) بەکەمزانینبەوە پێناسە دەکرێ کەهەر گۆتەیەک یان نووسینێک یان وێنەیەک یان فۆتۆیەک یان ئاماژەیەک یان هەر دەربڕێنێکی کە لە رێزی ئەو لایەنە کەمبکاتەوە کە ئاڕاستەی کراوە. وە دەبێ بە ئاشکراش بێ. بڕوانەشاهر نوفل، الذم والتحقیر والتشهیر في القانون الاردني، مقال منشور علی الموقع الالکتروني nofal-lawfirm.com.

(٢) بەگەمژەزانینبەوە پێناسە دەکرێ کەبەسووککردن و کەمکردنەوە لەشکۆدایە. بڕوانەموقع مجمع الملک سلمان للغة العربیة الالکتروني.

(٣) شکۆشکاندنبەوە پێناسە دەکرێ کە بێزەوەری و سووککردن و ئەتکردنە. بڕوانەموقع ویکی فقە.

بەرزیان هەیە، لە لایەن تایەفەیەک، یان گەلێکی دیاریکراو و ئەو کردەوەیەی، کە لە تاوانکارەوە دەرچووە دەبێتە هۆی ڕووداتی ئەو جۆرە ئەنجامە، کە پێویستی کردووە بەتاوان بکرێت[1]. لە نموونەی دەستدرێژیی واتایی‌هەر وەکوو ئەوەی لە باری قسەی نەشیاو بەرانبەر سیمبولّە ئایینیەکان، یان جوێن و پلّار و ڕەفتاری دیکەی گۆتە، کە بە دەستدرێژیی واتایی دادەنرێن، نەک ماددی، و لێکەوتەی دەرەکیان دەبێت، چونکە دەستدرێژیی واتایی خۆی لەو کارە بریندارکەرانە دەبینێتەوە کە لە بەهای دەستدرێیکراوە سەر کەمدەکاتەوە و تووشی ڕقلێبوونەوەی خەڵک و بێزلێکردنەوەی دەکەن[2]. لە بەر ئەوە دەبین دەستدرێژی بۆ سەر پێغەمبەران، ئەوانەی نموونەی سیمبولّەی ئایینین، کارێکە کە دەمارگیریی ئایینیی لێ لانابرێت، بەڵکوو زۆرتری دەکات، چونکە سووکایەتیکردنی ئەوانە بە سیمبولّەی ئایینێکی دیاریکراو، بریتیە لە سووکایەتیکردن بە ئایینەکە و پەیڕەوانی، لە بەر ئەوە دەبین دەولّەتان خۆیان بە پابەند دەزانن بە هەنگاونانێک، کە گارانتی ڕاگرتنی ئەو سووکایەتیکردن و ناوزڕاندنانە بکات، بەو سیفەتەی کە پێشێلکردنی هەموو

---

(١) د. نوال طارق ابراهيم العبيدي، الجرائم الماسة بحرية التعبير عن الفكر، المرجع السابق، ص٧٠.

(٢) نوزاد احمد ياسين الشواني و د. كشاو معروف سيدة البرزنجي، التشهير عبر الانترنيت واشكالاته القانونية في العراق، بحث منشور في مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، المجلد٥، العدد١٦، العراق ٢٠٢٢، ص١٥٨ وما بعدها.

نەریت و دابێکی باوە و هەروەها بەو سیفەتەشی، کە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە.

سێیەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بەر ئازادیی ئایینی دەکەوێت:

سیمبوڵە کەسییەکان لە پێغەمبەر و ئیمام و مەرجەع و سیمبوڵەکانی تایەفە ئایینیەکانی دیکە، پیرۆزیەکی گەورەیان هەیە لە ناو دەروونی پەیڕەوکارانیان و لەمەشەوە دەستدرێژی کردنە سەریان بە ناوزڕاندن دەبێتە هۆی بەرکەوتن بە ئازادی ئایینی، بە شێوەیەکی گەورە، چونکە ئەو سیمبوڵانە دەکەونە ناو بیروباوەڕەکانی تاکەکان. هەروەها سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکان لە باڵەخانە پیرۆز و پەرستگاکان، ئەوانە ئەو شوێنانەن، کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکان ئامادەکراون، چ بەشێوەیەکی کاتی بێت یان بەردەوام. لێرەوە ئەو سیمبوڵانە پیرۆزیی و ڕێزی خۆیان بە دەست دێنن. ئەو شوێنانەش مزگەوت و پەیکەرە تایبەتەکان دەگرنەوە، کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو دانراون بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکان. لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانە بە گرنگترین سیمبوڵەی ئازادیی ئایینی دادەنرێن و بە شوێنی دیاری ئایینی دەژمێردرێن، کە ئامادەکراون بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکان، و بەهەستی ئایینیەوە بەندن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، چونکە لە ناو دەروونی خاوەنەکانیاندا پیرۆزی و ڕێزێک بەرجەستە دەکەن. کەوابێت سیمبوڵە ئایینیە جێگەیە پیرۆزەکان ئەو شوێنانەن، کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکان

ئاماده کراون، چ به شێوەیەکی بەردەوام بێت، یان کاتی. لێرەوە ئەو بنیادانە پیرۆزی و ڕێزی خۆیان بە دەست دێنن، کە مزگەوت و پەیکەری تایبەتکراو دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئایینیەکان تەرخانکراون، بۆیە هەرچیەکی بەر ئەو بنیاد و پەرستگا و سیمبوڵە پیرۆزانە بکەوێت لە زیان، ئەوا دەکەوێتە ژێر باری سزادان[1].

لەو نموونانەش بۆ ئەو مەبەستەهەستانی کۆمەڵێک لە لاوان بە دەستدرێژی کردنە سەر پێگەی ئەبو حەنیفەی نوعمان لە بەغداد، لە میانەی کۆمەڵێک لە ڕەفتار و قسە، کە بەر ڕێزی ئەو پێگە پیرۆزە دەکەون. بۆیە لە لایەن ئاسایشی نیشتمانیی عێراقیەوە دەستگیرکران، چونکە بوونە هۆی ناوزڕاندنی تایەفەیی. دەستدرێژی کردنە سەر ئەو جۆرە سیمبوڵە جێگەییە دیاریکراوانە، نموونەی دەستدرێژیە بۆ سەر ئازادیی ئایینی و ئازادیی بیروڕا لە لای ئەوان. چونکە ئەو جۆرە دەستدرێژیە لێکەوتەی ناکۆکیی نێوان تایەفەکانی لێدەکەوێتەوە لە ناو عێراقدا[2]. لە زۆر باردا ئەو سیمبوڵە ئایینیانە ئازادیی ئایینیان تێدا ئەنجامدەدرێت، بە تایبەتیش سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکان و

---

(١) سهيلة جاسم محمد، الحماية الجنائية الموضوعية لممارسة الشعائر الدينية في العراق، رسالة ماجستير، معهد العلمين للدراسات العليا، قسم القانون، النجف الاشرف، ٢٠١٨، ص٨٦ وما بعدها.

(٢) ڕووداوی دەستدرێژی کردنە سەر مەزاری (ابو حنيفة) لەبەغداد، هەواڵی ڕووداوەکە منشور لەسەر ماڵپەڕی ultrairaq.ultrasawt.com بڵاوکراوەتەوە.

لەبەر ئەوە دەستدرێژی کردنە سەر ئەو سیمبولّەانە دەستدرێژیە بۆ سەر ئازادیی ئایینی.

چوارەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان بەر سیستەمی گشتی دەکەوێت:

سیستەمی گشتی بەوە پێناسە دەکرێت کە(کۆمەلّێک بناغەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلّایەتی و ڕەوشتییە کە قەوارەی کۆمەلّگای لەسەر دەوەستێت)[1].

لەبەر ئەوەی کۆمەلّگا سەرچاوەی ئازادیی تاکە، ئەوا لەسەر تاک پێویستە، کە گوێڕایەلّی فەرمانەکانی ئەو کۆمەلّگایە بێت، چونکە لەو گوێڕایەلّیەدا بەجێگەیاندنێکی بەردەوامی ژیان دێتە کایەوە لە ناو کۆمەلّگادا، لەگەلّ سەقامگیری لە لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلّایەتییەوە. بەلّام ئەگەر ڕێگە بە ئازادیەکی بێ کۆتوبەند درا، ئەوا واتایەکەی لەدەست دەدات. بۆیە لۆجیکیە، کە ئەو کۆمەلّگایە دان بە مافەکانی دابنێت لە سنووردارکردنی ئەو ئازادیە. ئەوەیش کە ڕێگەپێدانی لە دەستە سنووردارکردنیشی بە دەستە. ئەگەر ئەو کۆمەلّگایە ئەو ئازادیەی بەخشیووە بە تاکەکان، ئەوا مافی ئەوەشی هەیە سنووردارى بکات بەپێی پێویستیی لە بەر سیستەمی گشتی[2].

---

(١) د. توفيق حسن فرج، مذكرات في المدخل للعلوم القانونية، منشاة المعارف، الاسكندرية، ١٩٩٨، ص٥٥.

(٢) د. محمد يوسف المشهداني، نظرية التعسف في استعمال الحق في القانون المدني العراقي، منشورات وزارة العدل العراقية، بغداد، ١٩٨٥، ص٣.

چونکه سیستەمی گشتی هەر چەندە سنووردارکردنی ئازادییەکان بە پێویست دادەنێت، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، کە لێی کەم بکاتەوە، بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان، بەڵکوو زۆر پێویستە پراکتیزە بکرێت. هەر ئەوەشە، کە رایدەکێشێت بۆ ئەو گۆتەیەی کە دەڵێتدژبەیەکیەک هەیە لە نێوان سیستەمی گشتی و ئازادی دا. ئەو گۆتەیە زێدەڕۆیی تێدایە، چونکە ئەو دژبەیەکیەی، کە ڕووەدات، ئەوە لە ڕاستیدا لە نێوان ئازادی لە لایەک و ئەو دەسەڵاتەیە، لە لایەکەی دیکەوە، کە بە هەنجەتی پاراستنی سیستەمی گشتی دەیکات، کە مەبەستە ڕاستەکەی بۆ دەسەڵات لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا لێی، کۆتوبەندکردنی ئازادی و دواییش لێسەندنەوەیەتی، بۆیە گوتراوە(سیستەمی گشتی واتای ئەوە نییە، کە ئازادییەکان فەرامۆش بکرێت، یان لێیان کەم بکرێتەوە، بەڵکوو توخمێکی بنەڕەتییە لە پێناسەکردنەکەیدا)[1]. ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە سیستەمی گشتی، چونکە ئەوە دەبێتە نانەوەی پشێوی لە سیستەمی گشتیدا، بە هۆی بەرکەوتنی بە هەستی خەڵک. لە بەر ئەوەی ئەو سیمبوڵانە بەهایەکی گەورەیان هەیە لە دەروونی خەڵکدا. لێکۆڵەر وای دەبینێت، کە دەستدرێژی بۆ سەر سیمبوڵە ئایینیەکانی، کە مایەی پیرۆزڕاگرتنن لە لایەن تایەفەیەکی دیاریکراوەوە، دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی ئەو

---

(1) د. محمود عاطف البنا، حدود سلطة الضبط الاداري، مجلة القانون والاقتصاد، كلية الحقوق، جامعة القاهرة، العدد ٢، السنة ٤٨، ١٩٧٨، ص٥٠.

تایەفەیەی، کە دەستدرێژیەکەی کردووە لە سەرەتاوە. ئەمەش لە باری ئاساییدا دەبێتە هۆی نانەوەی پشێوی لە ناو کۆمەڵگادا و ڕووبەڕبوونەوەی جیاوازییە ئایینیەکان فراوانتر دەکات و دەبێتە هۆی ململانێیەک، کە ڕەنگە پەرە بسێنێت بۆ ململانێی چەکداری و لەوەشەوە سیستەمی گشتی دەڕووخێت بە هۆی ڕەفتارێکی تاوانکارانەی کەسەکان.

پێنجەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە تاوانەکانی ئیرادەوەیە:

ئەو جۆرە تاوانانە کردەوەی مادیین، کە بە زۆری ناوەڕۆکەکەیان سروشتێکی دەروونیی هەیە، کە سەرچاوەکەی ئیرادەیە و گوزراشتی لێ دەکات و لێیەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ زانین، ئیرادە چالاکیەکی دەروونییە، کە لە بنەڕەتدا پشتی پێ دەبەستریت بۆ کارتێکردن لە دەوروبەر، لەوانەی، کە دەکەونە ناویەوە، وەکوو کەس و شت، بۆیە بە زۆر شێوە و ڕەفتار هەیە، کە سروشتی ماددیان هەیە، ئەوجا چ نەرێنی بن، یان ئەرێنی[1].

تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر سیمبوڵە ئایینیە پیرۆزەکان نزیکە لەو تێگەیشتنە لە ڕووی وەسفی تاوانەوە نەک هی دیکە. ئەو کردەوەیەی، کە تیایەتی، خودی ئیرادەکە دەنوێنێت، پتر لە

---

(١) د. مامون محمد سلامة، شرح قانون العقوبات القسم العام، دار الفكر للطباعة، القاهرة، ١٩٧٦، ص١٠٩ وما بعدها.

سەرچاوە دەروونییەکانی دیکە، چونکە ئیرادەی بۆ ئەوە بەرەو کردەوەکە چووە و جولاندوویەتی و لە ئەنجامی ئەو جوولەیەش، بووەتە ڕەفتار، کە گوزراشتی لێکراوە، پتر لە بەشەکانی دیکەی تـوخمە دەروونییەکـان لە تـاوانی بەشـداریکردن بە بڕێکـی دیاریکراو لەو جۆرە گوزارشت کردنەدا[1].

دەکرێـت تایبەتمەنـدیەکانی ئەو تـاوانە وا کـۆبکرێتەوە، کە تـاوانێکی گوزارشـتکردنە، لە سـەر ئەو کـردەوانە وەسـتاوە، کە سروشـتێکی ماددیـان هەیە و نـاوەڕۆکێکی دەروونـی. ئەوەش ڕەنگـدانەوەی دەبێـت لە سـەر ئەو سروشـتەی، کە بەنـدە بەو لـێکەوتەیەی، کە لەتـاوانەکەوە پەیـدادەبێت، کە ئەویـش هەمیشـە خـاوەنی سروشـتێکی دەروونیـی هەسـتییە، پتـر لەوەی خـاوەنی سروشتێکی ماددی بـابەتی بێت، و هەمیشـە وەکوو ڕووداوێکی دەڕوونـی بێت. لەسـەر ئەو بنـاغەیە، ئەو تایبەتمەندییە جیـاوازی تێدایە لە نێوان شـێوەکانی ئەو تاوانـانەی، کە بەر هەستی ئایینی دەکەون، بە پێی ئەو جیاوازییەی کە لە سەرچاوە دەروونیەکەوە دەبێت، کە زاڵە بەسەر ناوەڕۆکی ئەو کردە گوزراشتیەی تێیدایە، چونکە بەمە یـان تـاوانی هەسـت، یـان هـزر، یـان ئیـرادە دەبێـت، بەپێـی سروشـتی هەر یەکێـک لەو شـێوانەی تـاوان[2]. لە نـاو ئەوانەشدا دەستدرێژیکردنە سەر سیمبولّە ئاییـنیەکان، کە دەبـنە تـاوانی هـزر، یـان هەسـت، ئەگەر بـکەونە سـەر سـیمبولّە ئـاییـنیە

---

(١) سديد بلخير، الحماية الجنائية لحرمة الانبياء، اطروحة دكتوراه، جامعة الحاج لخضر – بتنة، كلية العلوم الاسلامية، قسم الشريعة، الجزائر، ٢٠٢٠، ص٢٢٥.

(٢) د. عمار تركي السعدون الحسيني، الجرائم الماسة بالشعور الديني، المرجع السابق، ص٦١.

کەسییەکان، بەڵام دەبنە تاوانەکانی هزر و تاوانی ماددی، ئەگەر بکەونە سەر سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکان.

شەشەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی، کە بەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەکەوێت:

هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵێک مرۆڤ پێکدێت، کە بە پێی پێویست لە یەکتر جیاوازن، بۆیە پێداویستیی ژیانی پڕ ئاشتی و ئاسایش کۆیاندەکاتەوە، ئەو پێداویستیەش لەوانەیە لە میانەی ڕێککەوتنێکی نێوانیان بێتەجێ، کە هەر لایەنێک پابەند دەکات بە کۆمەڵێک کاروبار و سنووری ڕەفتارکردنێکی دیاریکراو، کە هەر لایەک لە لایەکەی دیکەی چاوەڕوان دەکات، لە سەر ئەو بناغەی بەندبوون و ئەرکە جیاوازەکان، لە پێناو هێنانە کایەی باریک لە هاوسەنگی لە ناو بەرژەوەندییەکاندا، لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی ناویەوە، لەگەڵ توانا و هێز و ئیرادەیەک بۆ پاراستنی ئەو هاوسەنگییە لە هێزدا، نەک لە توندوتیژی، بەڵام هێزی یاسا دەبێتە سەرچاوە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ و جیاوازییە هەمەجۆرەکان و گارانتی کردنی دەستکەوتنی ماف و بەجێگەیاندنی ئەرکەکان. لە سەر ئەوە ئاشتیی کۆمەڵایەتی ڕێسای بنەڕەتی دادەڕێژێت، کە نابێت تێپەڕێنرێن[1].

ئاشتیی کۆمەڵایەتیش بەندە بە مانەوەی فرەئایینی، چونکە فرەئایین واتا گونجان و ڕێککەوتن لەگەڵ بوونی هەمەچەشنی و

---

(١) د. ثناء فؤاد عبدالله، الحزب والسياسة والديموقراطية. بحث منشور في مجلة الاسلام والديمقراطية، العدد٣، بغداد، ٢٠٠٣، ص٤٠.

جیاوازی لە پابەندبوونی مەزهەبی و ئایینی لە ناو کۆمەڵگاکاندا، بەو شێوەیەی، کە نەبێتە هۆی هەڵگیرسانی ململانێی ئایینی، کە هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی بکات و ببێتە هۆی نەهێشتنی دروستبوونی دەوڵەتی هاووڵاتی. هەر لە سەر ئەو بناغەیەوە فرەیی سیستەم تایبەتە بە بەڕێوەبردنی فرە بیروباوەری و ئایین و یاسا و پەیڕەو و ئەو ئایینزایانەی پێیانەوە بەندن، کە پێکەوە ناسنامەیەکی لقی (لاوەکی) پێکدێنن، کە دەکرێت، لەگەڵ یەکتریدا خۆیان بگونجێنن، لە ناو چوارچێوەی شوناسێکی نیشتمانی بااڵدا لە ناو کۆمەڵگایەکدا، کە تێیدا ڕێز لەمرۆڤبوونی هەموان دەگیرێت[1].

هەروەها ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەندە بەئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەوەی دوایی لەسەر کۆمەڵێک بنەما و بناغە دەوەستێت، کە بەبوونیان یەکگرتوویی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵەکەدا دێتەجێ و هەروەها هەستکردنێک بەبوونەناو کۆمەڵگایەکی تاک و نیشتمانێکی تاک و سازان لە سەر پرەنسیپی ڕەفتارکردن و ڕەوشتێک، کە دەکرێت یەکبن و گوزارشت لە شارستانیەتیان بکات. هەروەها سۆز لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگایەکە فەراهەم بکات، کە خۆی لە گەمارۆدانی خۆپەرستیی تاک دەبینێتەوە، ئەوەش بۆ بەرژەوەندیی سروشتیی مرۆڤەکان، کە لە زانینی پێویستیی یەکسانی ناو تاکەکانی کۆمەڵەکە دێتە بەرهەم. لەگەڵ

---

(١) حسن عزالدين بحر العلوم، التعددية الدينية في الفكر الاسلامي، المعارف للمطبوعات، بيروت، ٢٠١١، ص٦٧-١٩.

ڕێزگرتن لە بیروڕا ئایینیی سیمبوڵەکانی. هەروەها هەبوونی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پابەندبوونی دەوڵەت بە تاک و پابەندبوونی تاک بە دەوڵەتەوە، لە ڕێی حوکمڕانیەکی دادپەروەر، کە پرەنسیپە دەستوورییەکان پشتوانیی بکات، ئەوەی کە گەرەنتیی هاوواڵاتییەکانی کۆمەڵگا دەکا بۆ دەستکەوتنی مافە سەرەتاییەکانیان و پراکتیزەکردنی ئەو مافانەیان لە ژێر سێبەری یاسا و سیستەمێک، کە ئامرازەکانی حوکمڕانێکی چالاک و بێ تاوان و شارەزا جێبەجێیان دەکات و دەیانسەپێنێت و هەر هاوواڵاتییەک لە سەریەتی بەشداریی تێدا بکات و ماف و ئەرکەکانی دیاری بکات[1].

هەر لە سەر ئەو بناغەیە، ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی بارێک لە یەکترازانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە دەبێتە هۆی ورووژاندنی ڕق و کینە لە نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک، لە بەر ئەوەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، واتە؛ ناوزڕاندنی بیروباوەڕی بەشێک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە. ئەوەش لەوانەیە ببێتە هۆی پەرەسەندنی کێشەکان و لەدواییدا دەبێتە هۆی دابڕانی یەکڕێزی کۆمەڵگایی و ڕوودانی کووکەی تایەفی و لەوانەیە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی ململانێی تایەفیی زۆر فراوان. لەمەوە داڕمانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی مەترسیدار،

---

(١) د. مصطفى العوجي، الامن الاجتماعي، ط١، مؤسسة نوفل، بيروت، ١٩٨٣، ص٦٤.

که زەحمەت دەبێت جارێکی دیکە ئەو هاوسەنگییەی بۆ بگەڕێنرێتەوە.

حەفتەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان نوێنەرایەتی دەستدرێژیی سەر بەها کۆمەڵایەتییە باشەکانە:

دیاریکردنی چەمکی بەها کۆمەڵایەتییەکان جیاواز و هەمەجۆرن لە زاستێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەڵام بایەخە تایبەتییەکەی لە هەریەک لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی و فەلسەفە و ئایین دەردەکەوێت. هەروەها چەمکی پێشنیازکراو بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان، لە هەر یەک لەو بوارانەدا، هەرچەندە لە ناوخۆیاندا جیاوازن لە هەندێک لایەن و تەوەر و گرنگیدانیان، بەڵام هەر یەکەیان ئەودیکە تەواودەکات. یەکەم بەکارهێنانی زاراوەی بەرژەوەندییەکانی بەهایەکان لە زانستی ئابووریدا بوو. دوای ئەوە زانستە جیاوازەکان بۆ خۆیانیان ڕاکێشا، کە لە زاراوەی نرخ، یان نرخی خەملێنراو نزیک بووەوە، چونکە بەها بەوە جیادەکرێتەوە، کە ڕاستییە، بەڵام نرخ دانراوە و بە پێی ڕەزامەندیی نێوان ئەوانەی کەلوپەلەکە دەگۆڕنەوە دیاریدەکرێت. لە بەر ئەوە بەها گەورەتر، یان کەمتر دەبێت لە نرخ. وا دیارە ئەو جیهانە ماددییەی، کە ئاماژە بۆ بەها دەکات بە نرخەکان، ئەوا پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە و بەو بەشەی هۆش و هەستییەوەیە. چونکە لەوانەیە ئەو شتە بەهایەکی ماددی هەبێت، بەڵام لە لای کەسێک خەملاندنی دەبێ و لەمەوە بەها و گرانیەکی دەبێت، بۆ ئەو یەکتر شلکردنەی (بۆ ئەو ڕێککەوتنەی)

که له سەر کەلوپەلەکە بناغەی داناوە، لەگەڵ شێوەی وێژدانی مرۆڤ. لە بەر ئەوە بەها واتای زۆری هەیە، لەوانە جێگیری و ڕاستڕۆیی و بەردەوامی لە سەر شتەکە. ئەوەتا دەگوترێت بەهای مرۆڤ لە چاکەکردنەکانییەتی دایە و فڵانە کەس هیچ بەهایەکی نییە، واتە؛ هیچ جێگیریەک و بەردەوامیەکی نییە لە سەر شتێک[1].

لە بەر ئەوە ڕێزگرتنی سیمبوڵە ئایینیەکانی تایەفەیەکی ئایینیی دیاریکراو بە بەهای کۆمەڵایەتی و ئایینی دادەنرێت[2]، کە پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت و نابێت دەستیان بۆ ببرێت. بۆیە دەستدرێژی کردنە سەر ئەو سیمبوڵانە، بە پێشێلکردنی ئەو بەهایە دادەنرێت. لەمەشەوە بەرکەوتنە بە بەرژەوەندیی گرنگی ناو کۆمەڵگا، کە پێویست بە دەستوەردانی یاسای تاوانکاری دەکات بۆ پاراستنی بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، بەوەی، کە بەها ئایینیەکان لەو ڕاگرە گرنگانەن، کە کۆمەڵگا جیاوازەکانی مرۆڤایەتیی لە سەر وەستاوە و بە پێوەری گشتی دادەنرێن و دەبنە مایەی ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆڤەکان لە ناو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، بە پێی کات ڕێککەوتنیان لە سەر دەکرێت و دەکەونە ژێرباری ژمارەیەک لە گۆڕاو، کە هەبوونی ئەو بەهایانە دیاریدەکەن، ئەویش چوارچێوەیەکی پەروەردەیی و هەروەها

---

(١) نور بوحناش، اشكالية القيم في فلسفة برغسوت، ط١، دار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠١٠، ص٣٠ وما بعدها.

(٢) نور الهدى حسين رسن، المسؤولية الجزائية الناشئة عن ازدراء الاديان في التشريع العراقي، رسالة ماجستير، مقدمة الى جامعة كوفة، كلية القانون، ٢٠٢٣، ص٣٦.

ڕۆشنبیریە و لە سەر ئەو چەندیتیەی هۆشیاری وەستاوە، کە خەڵک پێیگەیشتوون لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ یەکتریدا لە ناو کۆمەڵگاکان[1].

گوزارشتکردن لەو بەهایانە بە کۆمەڵێک گوفتار و بە جوانیی کردار دەبێت. دەزانرێت بالایی سیستەمی بەهایەکان لە ناو کۆمەڵگادا، نیشانەی یەکگرتوویەکی گەورەی کۆمەڵ و بالابوونیەتی و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. لە سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆمەڵگاکان و نەتەوەکان، دامەزراندنی سیستەمی بەها و ڕەفتارەکانە. لە ڕۆشنبیریی ئازاد و ڕۆشنبیریی دیموکراتیی بالادا، نابێ جوێن و پەلار و تێپەڕاندن و دەست بۆ بردن هەبێت، چونکە ئەوانە ڕەفتار گەلێکن گوزارشت لە بەتاڵیی هۆش و کەمیی دەکەن. هەروەها نەتوانینی هزرییە بۆ چوونە ناو دیاردەیەکی، کە لە لێکۆڵینەوەدایە و لێکوپێکردنی و باسکردنی بابەتیانەی لە میانەی زانیاریی زانستیی بەر دەست. هەرچی بابەتی ڕەخنەیە، ئەوا کارێکی دیکەیە، چونکە هەموو دیاردەیەک مایەی ڕەخنە لێگرتنە و ڕەخنە لە خودە، بەبێ ئەوەی ئەوە ببێتە هۆی دەستدان لە پیرۆزیەکەی لە لای پەیڕەوکارانی. هەر ئەوەشە ڕێبازی پەرەسەندن و مانەوە و کارکردنی باشتر لە ئێستا و ئایندەدا و بۆ ئەوەی سنووریک دابنرێت بۆ پەرچەکرداری پێچەوانەی نەرێنیی ترسناک بۆ دەستدبردن بۆ

---

(١) مصطفى راشد عبدالحمزة الكلابي، دور القيم الاجتماعية في السياسة الجزائية، المرجع السابق، ص٢٣٧.

سیمبولەکان و بەتایبەتیش سیمبولە ئایینیەکان و دامەزراوە ئایینیەکان و لێکەوتە لە ناو بەرەکانی یەکێتیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئەوا لە ناو زۆربەی دەستوورەکاندا لە جیهانی دیموکراتی و دیکتاتۆریشدا و لە ڕژێمی دیکەش، هۆشداریی دراوە لە دەستبردن بۆ سیمبولە ئایینیەکانی هەر تایەفەیەک و هەروەها پیرۆزییە ئایینیەکانیان و دەست نەبردن بۆ سەر هی دیکە لە بیروباوەڕ و بڕوادارییە هەرچیەک بێ بڕوابوونەکانیان و بگرە دەقی وایشی تێدایە، کە سزای توند دەسەپێنێت بە سەر ئەوانەی ئەو ناوزڕاندنانە ئەنجامدەدەن، بەرانبەر سیمبولە ئایینیەکان، هەرچیەک بێ سروشتی ئەو ناوزڕاندنە[1].

لەبەر ئەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکان نموونەی دەستدرێژیکردنن بۆ سەر بەها کۆمەڵایەتییە باشەکان، لە میانەی کردەوەیەک، کە ببێتە هۆی تێکدانی ئەوەی، کە پێویستە ڕێزی لێبگیرێت و پیرۆزی بۆ سیمبولە ئایینیەکان بنوێنرێت، ئەوانەی کە ڕێزیان هەیە لە لایەن گەل و چەند تیمێکی خەڵک و ئەو کردەوەیەش لەوانەیە کردەوەیەکی ماددی بێت، وەکوو فڕێدانی قورۆ و خاشاک بە سەریاندا، کە وا دەکەن سیمبولەی تایەفەیەک لە تایەفەکان بوروژێنێت یان سووتاندن و دڕاندنی کتێبێک، کە ڕێزێکی پیرۆزی هەبێت، وەکوو سیمبولّ لە لایەن تایەفەیەکەوە. دەشبێت کردەوەیەکی واتایی بێت، ئەویش بە

---

(١) سيد شمخي الموسوي، الاساءة للرموز المقدسة حرية شخصية ام وقاحة اخلاقية، مقال منشور على الموقع الالكتروني adhwaa.net.

کردنی ڕەفتاری ئەوتۆ، کە بە سروشتەکەی شوێنێکی پیرۆز بریندار بکات، وەکوو سێکسکردن لە ناو ئەو شوێنانەدا. هەرچی کێشەی خەملاندنی ئەو دوو کردەوەیە (لەناوبردن و پیسکردن)، ئەوا کێشەیەکی ڕێژەییە، بە پێی جیاوازیی بار و نەریتە باوەکانی ناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا ئەو کردەوانەی تێدا ڕوودەدات. لەمەشەوە خەملاندنی کێشەیەکی بابەتییانەیە، کە دادوەر دەیخەملێنێت لە بەر ڕۆشنایی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکاندا[1].

تۆێژەر وای دەبینێت، کە پێشێلکردنی ئەو بەهایانە لە میانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانە، لە میانەی تۆمەتبەخشینەوە بە قسەی ناشیرین، یان جوێن و پللار، یان هەر شێوەیەکی دیکە لە شێوەکانی ناوزڕاندن بە قسە.

لەوەی ڕابورد ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو تایبەتمەندییانەی، کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە هەیەتی، جۆراوجۆرە. هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە ئەو تاوانە بەندە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەر تاک و کۆمەڵ دەکەوێت لە یەک کاتدا.

---

(١) مصطفى راشد عبدالحمزة الكلابي، دور القيم الاجتماعية في السياسة الجزائية، المرجع السابق، ص٢٢٣.

لقی دووەم

سروشتی یاسایی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

لە ڕاستیدا تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان سروشتەکەی ڕەخساوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بە سەر ئەو تاوانانەدا هاتووە، کە پەیوەستن بە ئایین، چونکە لە سەردەمەکانی پێشوو مەترسیدارترین تاوان ئەوانە بوون، کە سروشتی ئایینیان هەبووە و ئەویش پیسکردنی شوێنەکانی خواپەرستییە، چونکە لەو سەردەمدا ئایین کاریگەریەکی دیاری هەبووە لە ژیانی دەوڵەتداریدا، لە بەر ئەوە سزاکانی سەر ئەو تاوانانە زۆر توند و دڵڕەقانە بووە، مەبەستیش لێیان پاککردنەوەی گوناهەکانی تاوانبار بووە، لەگەڵ قایلکردنی خوداوەندەکان بەوەی، کە تۆڵەیان بۆ دەکرێتەوە. لە بەر ئەوە گوتراوە، کە بیرۆکەی سزا لەو سەردەمدا لە سەر بناغەی بیرۆکەی پاکبوونەوە بووە و ئەو تاوانانەش سروشتێکی ئەوتۆیان هەبووە، کە بەندبوونە بە پاکبوونەوە لە ئەنجامی گاڵتەکردن بە بیروباوەڕ[1]، تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لە خودێتیی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان پێویست دەکات، سروشتە

---

(١) د. علي حسين خلف، الوسيط في شرح قانون العقوبات (النظرية العامة) ج١، ط١، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٦٨، ص١٩.

تـایبەتەکەی ئەو تـاوانە ڕووبکەیـنەوە، ئەویـش وەکـوو ئەوەی لەخوارەوەیە:

یەکەم/تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان لە تـاوانە کۆمەڵایەتییەکانە:

تـاوانە کۆمەڵایەتییەکـان بەوە پێناسـە دەکـرێتن، کە (ئەو تاوانـانەن، کە دەبـنە هـۆی پێشـێلکردنی ڕێسـا کۆمەڵایەتییەکـانی پەیڕەوکـراوی نـاو کۆمەڵگـایەک و ئەوەی کە لە نـاو دەقەکـانی یاسـادان لە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەنـدییە کـۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان دان، کە یاسادانەر بە شایانی پاراستنی دانـاون لە میـانەی خەملاندنی سـزای گونجـاو بـۆ پێشـێلکاریی ئەو دەقە سـزاییانە) [1]. چـونکە تـاوانە کۆمەڵایەتیەکـان بـریتین لە ڕەفتارکردنێکی مرۆڤەکان، کە دەستدرێژییەکی لێدەکەوێتەوە، کە مافێـک پێشـێلدەکات و بەر بەهـا و ڕەوشـتە کۆمەڵایەتییەکـان دەکەوێت، ئەوانەی کە جێگیرن و ئەگەر ئەو پێشێلکردنە گەیشتە پلەیەکـی دیـاریکراو لە مەترسـی دا، ئەوا پێویسـت بە ڕێکـاری سزایی دەکات، کە بە سەر ئەو پێشێلکاریەدا دەسـەپێت لە ڕووی باویەتیی کۆمەڵایەتییەوە[2].

---

(١) د. نغم حمد علي الشاوي، مرتكزات السياسة الجنائية في مجال التجريم للجرائم الاجتماعية في التشريع العراقي، بحث منشور في مجلة جامعة تكريت للحقوق، الجزء الثاني، المجلد الخامس، العدد الاول، السنة الخامسة، العراق، ٢٠٢٠، ص٣٣٣.

(٢) د. علي راشد، القانون الجنائي (المدخل واصول النظرية العامة) ط٢، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٤، ص٢٧.

یاسادانەری عێراقی لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراودا، تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی خستۆتە ناو ئەو تاوانە کۆمەڵایەتییانەی، کە لە دەروازەی هەشتەمدا لەو یاسایەدا هاتوون و بە دیاریکراوی لە بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی ئەو تاوانانەی، کە بەر هەستی ئایینی دەکەون، چونکە ئەو دەقانەی، کە لەو بەشەدا هاتوون، ئامانجیان پاراستنی ئایین نیە، وەکوو ئایین، بەڵکوو ئامانجیان بەرژەوەندیی گشتییە، بە مەبەستی پاراستنی، لە بەر هەبوونی بەها واتاییە گەورەکەی لە ناو دڵ و دەروونی خەڵکدا. لە سەر بناغەی گەورەیی ئەو بەهایانە، پەرچەکرداری یاسایی دەبێت و لەمەشەوە ئەو ئامانجانەی، کە لە پشت ئەو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەدا هەن، لە ناو تاوانی بیروباوەڕدا، بریتییە لە پاراستنی بیروباوەڕ، ئەویش لە بەر حیکمەتێکی ماقوڵ، کە پێکەوەژیانە لە نێوان میللەتە جیاوازەکان و چینەکان بە ئاشتی و ئارامی. هەر ئەوەش وای لەو تاوانانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان کردووە، کە سروشتێکی کۆمەڵایەتییان هەبێت. پێوەری بە تاوانکردن لە تاوانی سیمبوڵە ئایینیەکان، بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەو بەرژەوەندییە بەهایەکی کۆمەڵایەتیی دیاری هەیە، بۆیە یاسادانەری عێراقی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی بە تاوانی کۆمەڵایەتی داناوە، چونکە تاوانێکن، کە سروشتی کۆمەڵایەتییان هەیە، بە پێی پۆلێنکردنی تاوانەکان لە ناو یاسای سزادانداا[1].

---

(١) مصطفى راشد عبدالحمزة الكلابي، دور القيم الاجتماعية في السياسة الجزائية،

دووەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە تاوانە زیانبەخشەکانە بە بەرژەوەندیی گشتی:

بناغەی ئەو سروشتەش هەر فیقهی نییە، بەڵکوو یاساییشە، چونکە یاسادانەری عێراقی ئەو تاوانانەی لە دەروازەی هەشتەم لە ژێر ناونیشانی (تاوانە کۆمەڵایەتیەکان)دا باسیکردوون و ئەو دەروازەیەش لە ناو کتێبی دووەمە لەو یاسایەدا، کە ناونیشانی (تاوانە زیانبەخشەکان بە بەرژەوەندیی گشتی)ە[1]. جێی ئاماژەیە یاسادانەری عێراقی، جودا لە هەموو یاسادانەرانی دیکە، بە تەنیا خۆی ئەو تاوانانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی لە ناو تاوانە کۆمەڵایەتییەکاندا داناوە، لە ناو چوارچێوەیەکی تایبەت و حوکمی تایبەتیی بۆ تەرخانکردووە و بناغەی سروشتی ئەو تاوانانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان داناوە، بەوەی کە تاوانی زیانبەخشن بە بەرژەوەندیی گشتی، لە بەر ئەوەیە، کە کردەوەکانی، کە لێی پێکدێن بە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێن و بەر کۆمەڵگا بە گشتی و هێشتنەوەی بناغە کۆمەڵایەتییەکەی دەوڵەت و پاراستنی قەوارەی ڕەوشتی و بەها ئایینیەکان لە ناو کۆمەڵگا دەکەون. ئەو کاروبارانەش بەر

المرجع السابق، ص٢١٧.

(١) الكتاب الثاني من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩.

بەرژەوەندیی گشتی دەکەون پێکەوە، نەک بە تەنیا بەر تاکەکان[1].

سێیەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە تاوانە بەترسەکانە[2]:

---

(١) د. عبدالوهاب عبدالرزاق التحافي، اتجاهات السياسية الجنائية لمواجهة الجرائم الاجتماعية، ص٦-٣، مقال منشور على الموقع الالكتروني azzaman.com.

(٢) تاوانی زیانئەو تاوانانەن کە یاسا لەکۆڵەگە ماددیەکەی دا داوای زیانێکی دیاریکراو دەکا لەمیانەی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیەک کە یاسا دەیپارێزێ و لێیەوە کەم دەکا یان لایدەبا، بەچاوپۆشی لە سرووشتی ئەو ماڵ و مووڵکەی کە سرووشتێکی ماددیی هەبێ یان سرووشتێکی واتایی. ئەو ماڵەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە پێداویستیەکانی مرۆڤ تێر دەکەن، ئەوجا چ ئەو پێداویستیانە ماددی بن یان واتایی. بۆیە تاوانەکانی زیان، لێکەوتەیەکی بەرجەستەیان هەیە لەواقیعدا و تەنیا وێناکردنێکی یاسایی نین، چونکە نموونە یاسایەکەی لەبۆشاییەکی گەورەی واقیعدا هەیە. تاوانەکانی زیان فراوانترن لە تاوانەکانی مەترسی. زۆر جۆریان هەیە کە ناژمێردرێن. یاسا دەبێ بڕیار لەسەر بوونی ئەو تاوانە بدا و لێیەوەش زیانێکی دیار بێتەجێ، بەوەی کە کۆڵەگە ماددیەکەیەتی و لەسەر داوەرە لەو بارەدا کە دڵنیابێ لەکەوتنی زیانەکە بەڕاستی و تاوانەکە کۆڵەگەکانی هەبوونی تەواوکردبێ. بڕوانەد. رمسيس بهنام، النظرية العامة للقانون الجنائي، ط٣، منشاة المعارف، الاسكندرية، مصر، ١٩٩٧، ص٥٦٧. تاوانە مەترسیدارەکان لەتاوانی زیان جیاوازن چونکە تاوانەکانی زیان دەبنە هۆی گۆڕانێکی ماددی لەواقیعێکی دەرەکی و ئەو گۆڕانەش لێکەوتەیەکی راستەوخۆی دەبێ لەسەر رەفتارێک کە پێکی هێناوە، چونکە هەردەبێ مافەکە تووشی زیان هاتبێ بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە ئەو گونجانە یاساییە بیانگرێتەوە. بۆیە بناغەی دابەشکردن لەنێوان تاوانی زیان و تاوانی مەترسی، بابەتە ماددیەکەیە بۆ رەفتارەکە، نەک بابەتە یاساییەکە، چونکە بابەتی یاسایی لەهەموو بارەکاندا دێتەجێ، لەبەر ئەوەی بەرکەوتن بە بەرژەوەندیەکی گشتی دەنوێنێ و ئەو بەرژەوەندیە لەتاوانەکانی مەترسی و زیاندا هەن، بەڵام جیاکردنەوەیان بابەتە ماددیەکەیە لەرووی ئەوەی تاوانەکانی مەترسی گۆڕانی لەواقیعدا تێدا نیە، بەپێچەوانەی تاوانی زیان کە گۆڕانی لەواقیعدا تێدایە لەمیانەی کەمبوونەوەی ماف یان نەمانی. بڕوانەرشا علي كاظم، الخطر واثره في التجريم والعقاب، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية القانون، ٢٠١٨، ص٤٤ وما بعدها.

ئەو سروشتە بە پێی تێگەیشتنی یاساییی تاوانکارییەوەیە کاتێک، کە یاسادانەری تاوانکاری تەنیا هەبوونی ڕەفتاری تاوانکارانەی لەلا بەسە، کە لە ناو یاسایەکەدا دەقی هەیە، بەبێ پێویستی بۆ هەبوونی ئەنجامێکی مادی، کە لەو ڕەفتارەوە دەردەچێت و یاسادانەر تەنیا نیەتی لەلا بەسە، ئەوەی کە دیاریدەکات بۆ ڕەچاوکردنی ئەو زیانەی، کە ئەگەری ڕوودانی هەیە بۆ سەر بەرژەوەندییە پارێزراوەکەی ناو دەقە سزاییەکان. بەو واتایەی، کە یاسادانەری عێراقی بەرەو دانانی پاراستنێک دەڕوا، کە سروشتێکی خۆپارێزیی هەیە بۆ بەرژەوەندییەکان، کە پێویست دەکات بپارێزرێن، ئەویش بە تاوانبارکردنی ئەو ڕەفتارەی، کە لەوانەیە ببێتە هۆی دەستدرێژیکردنە سەری، بە شێوەیەکی سەربەخۆ، بە پێویستبوون بە داواکردنی ڕوودانی دەستدرێژی بە شێوەیەکی کردەنی، یان هەبوونی زیانێک[1].

یاسادانەری عێراقی لەو تاوانانە تەنیا لایەنە شێوەییەکەی وەردەگرێت، کە ئەویش شتە زاڵەکەیە بە تێگەیشتنی تاوان، چونکە تاوانێک بە تاوانکاری دادەنرێت تەنیا لە بەر هەبوونی دەقێکی تاوانکاری، ئەوە ئەو ڕەفتارە کردنەی تاوانکارێکە، کە بەندە بە تێگەیشتنی ئەو تاوانە لە یاساکە خۆیدا، چونکە نموونەی تاوانکاریی ئەو ڕەفتارەی، کە ئەو تاوانانەی لێ پێکدێت، ئەوا لە

---

(1) د. عبدالرؤوف مهدي، شرح القواعد العامة لقانون العقوبات، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٣، ص١٨٥.

لایەن یاسادانەرەوە دیاریکراوە بە پێویستبوون بۆ چوونە ناو سروشتییە ماددییەکەی ئەو کردەوە تاوانکارییانە[1].

بە پێی سروشتەکانیان لەو تاوانەدا، هیچ ئەنجامێکی زیانبەخش ڕوونادات، هۆکارەکەشی نەبوونی ماددییە بۆ ئەنجامەکەی. واتە یاسادانەری تاوانکاری دەبینێت کە باشترین ڕێگا بۆ پاراستنی هەندێک بەرژەوەندی، پەیداکردنی نموونەیەکی تاوانکارانەی خاوەن سروشتێکی تایبەتە، هەر وەکوو لە باری هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەتدا. یاسادانەری عێراقی چاوەڕێی بەکارهێنانی ئەو چەکە و ڕوودانی تاوان ناکات، بەڵکوو هەر لە کردەی هەڵگرتنی چەکەکە بە تەنیا، تاوان دروستدەکات، کە سزای دەدات، بەبێ بوونی ئەنجامە ماددییەکە[2].

کەوابێت، ئەو ڕوودانەی، کە تاوانانی لێدەکەوێتەوە، دەبێت کردن، یان نەکردنی، یان جوولەیەک بێت، بەبێ چاوەڕێکردنی ئەنجامە زیانبەخشەکەی، چونکە یاسا سزای بۆ دادەنێت، بەبێ ئەنجامی تاوانکارانەی ماددیی زیانبەخش. لەڕاستیشدا ئەگەر ڕاستبێت، کە هەموو تاوانێکی ماددی زیانێکی لێ بکەوێتەوە لە واقیعدا، ئەوا بە تاوانی خاوەن ئەنجام دادەنرێت، نەک تاوانی بە ترس، ئەوا ئەوەی دوایی ڕاست نییە، کە هەموو تاوانێکی بە

---

(١) د. ماهر عبد شويش الدرة، الاحكام العامة في قانون العقوبات، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل، العراق، ١٩٩٣، ص١٧٥.

(٢) رؤى نزار امين، الركن المعنوي واثباته في الجرائم الشكلية، رسالة ماجستير، معهد العلمين للدراسات العليا، قسم القانون، النجف الاشرف، العراق، ٢٠١٦، ص٢٨.

ترس، که ڕەفتارێکی بێ ئەنجامە. بۆ نموونەتاوانی جوێن، کە تێیدا ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە تەنیا بە دەربڕینی قسە، کە دەبێتە تاوانێک، کە ئەنجامەکەی ڕووشاندنی هەست و شەرەف و پێگەیە[1].

هەروەها سروشتی تاوانی بە ترس لەگەڵ سروشتی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان ڕێکدەکەوێت، کە سیاستی یاسادانەری سزایی لە تاوانەکانی بە ترس، لە سەر ئەوە ترسەیە کە لە ڕووداني زیان لە ئایندەدا، کە ڕەفتارە پێکهێنەرەکەی تاوانەکە پێی دەگەیەنێ، بۆیە ئەوە خۆپاراستنە لە ئەنجامە ئایندەییەکانی، کە وا دەکات بە تاوان بناسرێت[2].

یاسادانەر ئەو کردەوەیەی، کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی لێ پێکدێت، تەنیا بە ڕووداني، بە تاوانی دادەنێت، بەبێ پێویستی هەبوونی زیانێکی دیاریکراوی، کە لێی بکەوێتەوە. ئەوەش لە ترسی مەترسییە گەورەکانی، کە لەو تاوانانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانەوە پەیدادەبن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی تاوانی دیکە دوای ڕووداني.

تاوانە تاوانکارییەکان ڕوونادەن تەنیا بە ئەنجامە ماددییەکانیان نەبێت، کە خۆیان لە ڕەفتارکردنی تاوانکارانە دەبینەوە. کاتێک سیاسەتە تاوانکاریەکانی دەوڵەتە جیاوازەکان

---

(١) د. معن احمد محمد الحياري، الركن المادي للجريمة، المرجع السابق، ص٢٠٢.

(٢) الباسط محمد سيف الحكيمي، النظرية العامة للجرائم ذات الخطر العام، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية القانون، ٢٠٠٠، ص٤٨-٥٠.

درکیان پێکرد، پێویستی کرد، که بخرێنه ژێر باری به تاوانکردن. ئەو ڕەفتارکردنانەش خۆیان دەبینەوە لە چالاکیەک، کە ئەنجامدەری تاوان کردوویەتی و لێکەوتەیەکی لێ هاتۆتە دی، کە دەتوانێت بەر بەرژەوەندییە دیارەکان بکەوێت. لەوانەیە لێکەوتەکە بەرجەستە بێت، کە پێی دەگوترێت زیان، و لەوانەشە زیانەکە هەستی پێبکرێت، کە پێی دەگوترێت مەترسی. ئەو سیاسەتە تاوانکارییەی کە یاسا سزایە جۆراوجۆرەکان پەیڕەویانکردووە، هەر ئەو کردەوانەی نەگرتۆتەوە، کە زیانێکی دیاریان لێ پەیدادەبێت، بەڵکوو ڕووی یاسادانەر بەرەو بە تاوانکردنی شێوەی دیاریکراو چووە، لەو ڕەفتارکردنانەی کە لە ناواخنیاندا ئەگەری مەترسییەک هەڵدەگرن، کە تووشی بەرژەوەندی و بەها و مافەکان بێن. ئەگەر یاسای تاوانکاری پێویستیی بەزیانکەوتنەوە لە کردەوەکانی هەبێت، ئەوەیە کە لە سەری ڕێکەوتوون، ئەوا پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان بە سەریدا سەپاندووە، کە ڕێگەی دیکەی جیاواز لە کۆنەکە بگرێتە بەر، کە ئەویش بە تاوانکردنە لە سەر بناغەی ترس. بۆیە جۆرێکی دیکەی تاوانمان بۆ دەرکەوت، کە پێیان دەگوترێت تاوانی مەترسی[1].

(١) د. عبود السراج و زينب قداحة، تعريض حياة الغير وسلامتهم الجسدية للخطر في قانون العقوبات، بحث منشور في مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، المجلد الثالث والاربعون، العدد الثالث، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢١، ص١٥١.

لە نموونەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان تاوانی بە ترسن، لەوانە جوێندان بە خودی خودا، یان دەستدرێژیی بە گوفتار بۆ سەر پێگەی پێغەمبەر، یان ئیمام، یان مەرجەع، چونکە ئەو ناوزڕاندنانە لە ڕاستیدا هیچ لێکەوتەیەکی ماددیان نییە، واتە؛ شوێنەوارێکی بەرجەستە نایەننە کایەوە، وەکوو ئەوەی لە تاوانی دزین، یان کوشتندا ڕوودەدات، بۆیە یاسادانەر چوارچێوەی بە تاوانکردنی فراوان کردووە لەو بارەدا، کە ئەویش تێڕوانینێکی باشە، چونکە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە سەر خاکی واقیعدا هیچ ئەنجامێکی نییە.

بۆ ئەوە، لە جێبەجێکارییە واقیعیەکاندا، دەستگیرکردنی کەسێکە لە لایەن دەسەڵاتی عێراقیەوە، کە جوێنی بە سیمبوڵەی ئایینیی شیعە داوە و ئەو کەسەش. کە یەکێکی دیکەی لەگەڵ بووە لە برگەیەکی ڤیدیۆیی لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا (فەیسبووک) دەرکەوتوون و دەستیان بە ناوزڕاندن و گاڵتەکردن و جوێن و پلار کردووە بۆ سەر پێگەی ئیمامەکانی ئەهلول بەیت، وەکوو ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تاڵب و ئیمام موسای کوڕی جەعفەری کازم و ئیمام عەلی کوڕی موسای ڕەزا و ئیمام موحەممەد کوڕی حەسەنی عەسکەری(ئیمام مەهدی)(سەلامی خوایان لە سەر بێت)، کە لە لای موسڵمانانی

شـیعەی جەعـفەریەوە پیـرۆزن، ئەوانە درانە دەسـت دەسـەڵاتە دادوەرییەکان[1].

ئەو سروشـتەی تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان، کە دەبێـتە هـۆی فراوانبـوونی بـازنەی بە تـاوانکردن بە شـێوەیەکی گەورە، چونکە تەنیا بە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان تاوانەکە دێتە جێ، بەبێ چـاوەڕێکردنی ڕووداندی زیـان. لەمەشـەوە ئەمە دەبێـتە هـۆی فراوانبـوونی بـازنەی پاراسـتنی سـزایی بـۆ بەرژەوەنـدییە دیارەکـان، ئەوانەی کە یاسـادانەری سـزایی ویسـتوویەتی بیپارێزێـت، لە میـانەی بە تـاوانکردنی ئەو کردەوانەی، کە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان پێکدێنن.

---

(١)مەوڵێـک بە ناونیشانیدەسـەڵاتە ئەمنیەکـانی عێـراق کەسـێک دەسـتگیر دەکەن کە جـوێنی بە ئیمامەکـانی (ئەهلـی بەیـت) داوە (س) لەسـەر پـێگەی ئەلیکترۆنـی shafaq.com بڵاوکراوەتەوە.

چوارەم/تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە تاوانە زوو تەواوبووەکانە[1]:

ئەو تاوانانە بە شێوەیەکی زوو تەواودەبن، بۆیە یاسادانەر بە تاوانی دادەنێت، لە سەر بناغەی ڕەفتاری تاوانکارانە، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ڕوودانی زیان بکات لێی. ئەو سیاسەتەش، کە یاسادانەر پەیڕەوی دەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکی گرنگە، چونکە چاوەڕێکردنی ڕوودانی زیان، دەبێتە هۆی لێکەوتەیەک، کە ناتوانرێت بەری لێبگیرێت[2].

ئەو سروشتەش لە گەڵ سروشتی یەکەمی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا تێکەڵ دەبێت، بەوەی کە تاوانێکی بە ترسە، کە یاسادانەر لە بارێ تاوانی بە ترسدا، کردەوەکان بە تاوان دادەنێت، لە سەر بناغەی کردەوە، پێش تەواوبوونی ئەنجامەکەی، ئەوەش لە سەر بناغەی ئەو ئەگەرەی،

---

(١) تاوانە زوو تەواو بووەکانبەوە پێناسە دەکرێن کە ئەو تاوانانەن کە یاسادانەر چاوەڕێی ئەوە ناکا ئەنجامەکەی بێتەجێ، بەڵکو دەست دەکا بەسزادان لەچرکەیەکی زوودا و تاوانەکە وادادەنرێ کە تەواو بووە. بۆ نموونە لەو تاوانانەتاوانەکانی مەترسی کە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت ئەنجام دەدرێن و ئامانجیان شەپی ناوخۆیە یان کوشتاری تایەفەییە، واتە بەبێ چاوەڕێکردنی هاتنەجێی ئەنجامەکەی تەواو دەبێ. بڕوانەمنار جلال عبدالله، الجرائم المبكرة الاتمام، اطروحة دكتوراه، جامعة تكريت، كلية الحقوق، ٢٠١٩، ص١٧ ومابعدها.

(٢) د. ادم سميان الغريري و د. منار جلال عبدالله. الجرائم المبكرة الاتمام الماسة بامن الدولة، بحث منشور في مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، جامعة الكوفة، كلية القانون، المجلد الاول، العدد الثاني، العراق، ٢٠٢٠، ص٨٦.

که لەوانەیە ببێتە هۆی گەیاندنی زیانی گەورە بەمافە پارێزراوەکان لە ناو دەقە سزاییەکاندا[1].

بۆیە سیاسەتی تاوانناسی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، سروشتێکی تایبەتیی هەیە، ئەویش سیاسەتێکی خۆپارێزییە کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە نایەڵێت لە ئایندەدا تاوان ڕووبدات، بە تایبەتیش لەوانەی بەندن بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، کە ژمارەیەک تاوانیان لێ دەکەوێتەوە[2].

لەوەی کە لە پێشەوە ڕوونکرایەوە دەردەکەوێت، کە سروشتی یاسایی بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان زۆرە جۆرە، چونکە دەبێتە تاوانەکانی کۆمەڵایەتی بە هۆی تایبەتمەندیی ئەو تاوانە. هەروەها لە تاوانە بە ترسەکانیش دەبێت و دەبێتە تاوانی زوو تەواوبوو. هەروەها لەو تاوانانەیە، کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنن. هەروەها تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان خودیەکی سەربەخۆی هەیە، لەوەی کە بەندە بە سروشت و بازنەی ئەو بەرژەوەندییەی کە یاسادانەر دەیەوێت بیپارێزێت لە بە تاوانناساندنی ئەو کردەوانەی، کە ئەو تاوانانەیان لێ پێکدێت، بەوەی کە سیفاتی تاوانکاریی مەترسیداریان هەیە.

---

(١) عبدالباسط محمد سيف الحكيمي، النظرية العامة للجرائم ذات الخطر العام، المرجع السابق، ص٣٤ وما بعدها.

(٢) للمزيد حول هذه السياسة ينظرد. محمود سليمان موسى، السياسة الجنائية وتطبيقاتها التشريعية، ط١، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، مصر، ٢٠١٧، ص٢٢ وما بعدها.

خواستی دووەم
جیاکردنەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە هی دیکەدا

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، چ ئەو سیمبوڵە ئایینیانە سروشتێکی کەسیان هەبێت[1] یان سرووشتەکەیان جێگەیی بێت، خۆیەتیی خۆیان لە میانەی جیاوازبوونیان، لەوانەی کە پێیان دەچن، دیاریدەکرێت، چونکە ئەو تاوانە بەر بەرژەوەندیی گشتی دەکەوێت، کە بەندە بە کۆمەڵگاوە. هەروەها لە هەمان کاتدا بەر بەرژەوەندیی تایبەتیش دەکەوێت، لەوەی کە بەندە بە بیروباوەڕی تاکەکان، بۆیە ئەو لێکەوتانەی، کە لە بەرکەوتنیان دێنە کایەوە، زۆر ڕەنگدانەوەیان دەبێت، چونکە دەبێتە هۆی بەرکەوتنی بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان و ئەوانەشی، کە بەندن بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاساییشی کۆمەڵگا. ئەوە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەو تاوانە دەکەوێتە سەر هەندێک کاروباری دیاریکراو، کە ئەوانیش سیمبوڵن، کە پێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە لای ئەو بڕوادارانەی، کە بڕوایان پێیەتی لە تاکەکان. هەروەها پێگەیەکی دیکەش، کە پێگەی

---

(١) هەروەک پێشتر ڕوونمان کردەوە کە سیمبۆڵە ئایینیەکان کەسایەتیی ئایینی پیرۆزن، وەکو پێغەمبەران و ئیمامەکان و ئەوانەی مایەی پیرۆزکردنن لەلای تایەفەیەکی ئایینی وەکو سەرچاوگێکی ئایینی.

نـــاوخۆیە و پەیوەســـتە بە بیروبـــاوەڕی تـــاکەوە، لەوەی کە پەیوەندیی بە سیمبولّە ئایینیەکانەوە هەیە[1].

ئەمە وایکـردووە تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبولّە ئایینیەکـان خۆیەتییەکی تـایبەتی بە دەسـت بێنن لە بەرانـبەر ئەو تاوانـانەی، کە لێی نزیک دەبنەوە، کە تاوانەکانی بەرکەوتنی ئـازادیی هـزرین، چونکە ئەو تاوانە بە تیرۆری هزری ناودەبرێت، لە بەر ئەوەی لە سەر ئەو هزرەیە، کە تاکەکان هەڵیدەگرن و ئەو هزرەش دەسـتی بەســـەردا دەگیرێـت. هەروەهـــا تـــاوانی ناوزڕانـــدنی ســـیمبولّە ئایینیەکان لە تاوانێکی دیکەش نزیک دەبێتەوە، کە تاوانی دنەدانی کـووکەی تـایەفییە، بە تـایبەتیش ئەو تـاوانە یەکێک لە شـێوەکانی بێڕێزیکـردنە بە ئـایین و گـاڵتەکردنە بە سـیمبولّە ئایینیەکـان و پیرۆزیی خەڵکانی دیکە و داوای بەرکەوتن پێیانەوە دەکات. بۆ ئەوەی شارەزای پێداویستییەکانی ئەو خواستە بین، ئەوا بە سەر دوو لقدا دابەشیدەکەینلقی یەکەممان تەرخانکردووە بۆ جیاکـاریی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان لە تاوانی دنەدانـی ئـازادیی هـزری، بەڵام لقـی دووەممـان تـایبەت کـردووە بـۆ جیـاکردنەوەی ئەو تاوانە لە تاوانی دنەدانی کووکەی تایەفی:

---

(١) سديد بلخير، الحماية الجنائية لحرمة الانبياء، المرجع السابق، ص٢٢٩.

لقی یەکەم

جیاکردنەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

لە تاوانی دنەدان لە سەر ئازادیی هزری

ئازادی هزری بەوە پێناسە دەکرێت کە (مافی تاکە، کە نابێت دەستی بۆ ببردرێت و ڕێ لە نێوان خۆی و بیروباوەڕەکەی بگیرێت، یان لە نێوان خۆی و دەربڕینی هزرەکەی، یان لە نێوان خۆی و پەیوەندی کردن بە هی دیکە لە دەروپشتە خۆجێی و هەرێمی و جیهانییەکەی، وەکوو مافێک بۆ هەموو خەڵک و بە یەکسانی لە ناو بازنەی پێداویستییەکانی کۆمەڵ و لە چوارچێوەی ئەو بەرپرسیاریەتییەی، کە پێویست دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی خود و سنووردارکردنی ئیرادەیی سیستەم) [1]. هی وا هەیە، بەوە پێناسەی کردووە، کە دەسەڵاتێکە، بەڵام پێش ئەوەی دەسەڵات بێت، لە سەر خەڵکانی دیکە، بە دەسەڵاتێک دادەنرێت لە سەر خودی مرۆڤەکە، واتە؛ لە سەر خۆی، چونکە مرۆڤ ئازادە، چونکە بە هۆشەکەی خۆی دەبێتە گەورەی خۆی[2].

---

(١) د. محمد عبدالله محمد بک، في جرائم النشر، دار النشر في الجامعات المصرية، القاهرة، ١٩٨١، ص١١٧.

(٢) اندرية هوريو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ج١، ترجمة علي مقلد و شفيق حداد و عبدالحسن سعد، الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٧٧، ص١٧٤.

به ئازادیی هزری دەگوترێت ئازادییە واتاییەکان، لە بەر ئەوەی پەیوەندیی بە لایەنە واتاییەکان، یان بیریەکان، یان هزرییەکانەوە هەیە، لەبەرانبەریشدا ئازادییە ماددییە جیاوازەکان هەیە، کە قەوارەیەکن، سروشتێکی ماددیان هەیە. دەق لە سەر ئەو جۆرە ئازادییانە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە هاتووە لە ناو ڕاگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨. لەوێ، ئاماژە کراوە، بەوەی کە (بۆ هەموو کەسێک مافە، کە ئازادبێت لەبیرکردنەوە....)[١]. هەر لە سەر بناغەی ئەوە، ئازادییە هزرییەکان بە یەکێک لەئازادییە باڵاکانی ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادەنرێن. لە سەر دەوڵەتان پێویستە، کە یاساکانیان لەگەڵ ڕێککەوتن و چەکە (دۆکیومێنتە) نێودەوڵەتییەکان هاودەنگ بن، لەوەی کە بەندن بە ڕێزگرتن لەئازادیی هزری.

هەروەها پەیوەندییەکی زۆر تۆکمە هەیە، لە نێوان ئازادی و هزر، چونکە ژیان بەبێ ئەو دووانە ڕاستەڕێ نابێت. کەواتە؛ پێویستە هزری مرۆڤ ئازاد بێ لە غەریزەکانی. هەروەها لە حەزەکانیشی، چونکە ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی بەردەوامبوون لە سەر ژیانی مرۆڤایەتی. تەنیا دەستکەوتێک نییە، کە مرۆڤ هەوڵ بدات دەستیبکەوێت، چونکە کۆمەڵێک کێشە و مژار هەن، کە ناگەنە پێگەیووی (پێگەیشتنی) کۆمەڵایەتیی پێویست، تەنیا بەوە

---

(١) نقلا عن د. علي الشكري، حقوق الانسان بين النظرية والتطبيق دراسة في الشريعة الاسلامية والمواثيق الدولية والدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥، ط١، دار النشر ايتراك، مصر، ٢٠٠٩، ص١٢٠.

نەبێت، کە لێبگەڕێی مرۆڤ تێیدا ئازاد بێت، وەکوو پێگەیشتنی هزری[1].

بەڵام لێرەدا کێشەیەکی مەترسیدار هەیە، کە لە ناو ئازادیی هزریی تاکدا خۆی شاردۆتەوە، کە بەندە بە پراکتیزەکردنی هزر و بیروباوەڕەکانیان لە ناو خەڵکانی دیکەدا. واتە دانان بە ئەگەری هەبوونی بیروڕای سروشت جۆراوجۆر و دانپێدانراو تێیاندا و دەکەونە ژێر باری چەتری ڕێگەدان لە ناو سیستەمی یاسایی و بەها و ڕێز گۆڕینەوە و پاشان دوورخستنەوەی ناوزڕاندن و شکاندنەوە بە هۆی هەر بیرورایەک یان هزرێکی جیاواز و هەروەها پێویستە ئەو ئازادییە هیچ ناوزڕاندنێکی بۆ کەسانی دیکەی ناو کۆمەڵگای تێدا نەبێت. لەمەشەوە ئازادیی هزری سنوورێکی هەیە لە ڕێگەپێدانی یاسایی، ئەویش تێنەپەڕینە بە سەر ئازادییەکان و مافی خەڵکانی دیکە لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا[2] و بۆ هەموو کەسێک لە ناو کۆمەڵ هزری تایبەت بە خۆی هەیە و مافی خۆیەتی بیربکاتەوە و بیروباوەڕە جیاوازەکانی

---

(١) د. جلال الدين محمد صالح، الارهاب الفكري (اشكاله وممارساته)، الناشر جامعة نايف للعلوم الامنية، الرياض، ٢٠٠٨، ص١٧٣.

(٢) د. احسان محمد شفيق العاني، نظرية الحريات العامة تحليل ووثائق، العالك للنشر، مصر، ٢٠٠٩، ص٧٠.

دەربڕێت[1] یان ئایینەکەی. هەروەها ئیرادە و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیشی، بەڵام ئەو ئازادییە بە شێوەیەکی ڕەها نییە، بەڵکوو دەخرێتە ژێربارى سنووردارکردنی یاسایی، هەر کاتێک کە پێویست بوو پارێزگاری لە سیستەمی گشتی بکرێت. هەروەها لە ڕەوشت و ئەدەبی گشتی. واتە؛ بەرپرسیاریەتێکە، کە سروشتێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و لێکەوتەکەشی تەنیا بۆ سەر تاک نییە، بەڵکوو دەڕوات بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە میانەی بڵاوکردنەوەی هزری جیاواز و هەروەها بیروباوەڕ بۆ سەر گشت خەڵک، چونکە نابێت هیچ

---

(١) ئازادیی را و دەربڕین لە ئازادیە گشتیە بنەڕەتیەکانە و وەکو دایکی ئازادیەکان وایە بۆ هەموو ئازادیە هزریەکانی دیکە. کارکردن بۆ کۆتوبەندکردنی مافەکان لەڕێگای هاوتەریبکردنی لەگەڵ ئامانجە سیاسیەکانی دژبەری، بووەتە نزیکەی واقیعێکی جیهانی. وە لەبەر ئەوەی هەر ڕێسایەک لێلادانێکی هەیە و هەر مافێکیش کۆتوبەندی هەیە و هەموو ئازادیەکیش سنووری خۆی هەیە. هەموو ئەوانەش لەگەڵ سیستەمی بنەڕەتی دەگونجێن بۆ پاراستنی ماف و ئازادیەکان. ئازادیی را و دەربڕین و چۆنیەتیی مافی مرۆڤ بەوە دەناسرێتەوە کە نەدەکرێ و نە دەستدەکەوێ و نە بەبڕماوەش دەمێنێتەوە، بەڵکو ڕەگی داکوتاوە لەناخی هەموو کەسێک و لەگەڵ مرۆڤەکەدایە لەهەموو کات و شوێن بەبێ جیاوازی. ئەوە مافێکی جێگیرە و مایەی دەستکاری نیە و ناکرێ لەمرۆڤ بسەنرێتەوە، تەنانەت ئەگەر یاساکانی وڵاتەکەشی دانی پێدا نەنێن، تەنیا ئەگەر بەجێگەیاندنی بووە هۆی دەستدرێژی بۆ سەر مافی کەسانی دیکە. مجید عزیز حمد، القیود الواردة علی حریة الرای والتعبیر، رسالة ماجستیر، کلیة القانون والسیاسة، جامعة صلاح الدین، ٢٠٠٣، ص٢ وما بعدها.

ڕوونکی دەستدرێژیی هەڵگرتبێت، یان خراپەکاری بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی دیکە لە ناو کۆمەڵگادا[1].

کاریگەریی ماددیی ئەو تاوانانەی بەر ئازادییە هزرییەکان دەکەون، لە ناو قەوارەی کۆمەڵایەتیدا، لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی سروشتێکی ماددییەوە بەرجەستە دەبێت. لەو بارەی ئێمەدا ئەنجامدانی کردەوە تاوانکارییەکان دەبنە هۆی کارتێکەر لە قەبارەی واتایی کۆمەڵگا، کە ئەویش (ئازادی هزرییە) لە ڕێگای قەوارە ماددییەکەیەوە، چونکە ئازادییە کەسییە واتاییە جیاوازەکان، واتە؛ ماف و ئازادیی هزری، یان ئازادیی بیرکردنەوەیەک، کە بەندە بە چالاکیی مرۆڤی تاک، لە میانەی پەیوەندییەکانی بە خەڵکانی دیکەوە. هەروەها پەیوەندیی هزریی پێیانەوە، ئەوجا، چ لە سەر ئاستی تاک بێت، یان لە سەر ئاستی کۆمەڵ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی[2]

ئازادیی بیروڕا ئەوە دەگرێتە خۆ، کە هەر تاکێک لە ناو کۆمەڵگادا بتوانێت گوزارشت لە ڕا و بیر و باوەڕە ئایینیە جیاوازەکانی خۆی بکات، و بە هەموو ڕێگایەکی ڕەوا، چ بە گوفتار بێت، یان بە نامە، یان بە هۆیە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، بە مەبەستی گەیاندنی بۆ خەڵکانی دیکە بەو هۆیە ڕەوایە، بەڵکوو

---

(١) هيفاء راضي جعفر، التنظيم القانوني لحرية الصحافة في دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الحقوق جامعة النهرين، ٢٠١٢، ص١٠٠.

(٢) د. سامي جمال الدين، القانون الدستوري والشريعة الدستورية، ط٢، منشاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٢، ص٣٤٦.

باوەڕی پێ بێنن و پشتگیریی بکەن و ئەوەش پێویستیی بە پارێزگاری نییە ،لە بەر ئەوەی ڕایەکە بەندی ناو زمانی هەر ردوو خاوەنەکەیەتی، بەڵام، کە ڕایەکە دەچێتە دەرەوە و بوونی دەبێت، ئەوا یاسا دەستوەردان دەکات بۆ پاراستنی ئازادی ئەو ڕایە. ئازادیی بیروڕا بە کۆڵەگەی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە بەندن بە ئازادیی ئایینیەوە، چونکە بە قەد بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ ئەو ئازادییە، بەکارهێنانی بۆ ئازادیەکانی دیکە دەبێت، بە هەمان پلەی سوودبینینی لە ئازادیی ڕایەکە. هیچ ناکۆکییەک لە سەر مافی مرۆڤ لە ئازادیی ڕادەربڕین نییە، بەڵام هەرچەندە ئازادیی ڕادەربڕین پیرۆزە، ئەوا دەبێت ڕێوشوێنی هەبێت بۆ ڕێکخستنی پراکتیزەکردنی لە پێناو پاراستنی کۆمەڵ لە کووکە و ململانێ و پێویستی بۆ ئەو ڕێکخستنانە زۆرتر دەبێت، کاتێک کە کێشەکە پەیوەست دەبێت بە قسەکردن لە سەر ئایین و پیرۆزییەکان و کاتێک کە کۆمەڵگا لە چەند ڕۆشنبیری و ئایین و نەتەوە پێکدێت.

گرنگە، کە تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی، کە بریتین لە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لەو تاوانانەی بەندن بە ئازادیی هەزر و بیر، جیابکەینەوە و لە پێشەوەی هەموو ئەمانەشەوە ئەوەی پەیوەستە بە ڕەخنەی ڕێپێدراو، کە مەبەست لێی خەملاندنی کێشەیەک، یان کارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی باشی و خەوشەکانی.

ئەوە جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییەیە، کە زۆربەی یاسا نوێیەکان مکوڕبوونە لە سەر لە بەرچاوگرتنی، ئەویش پرەنسیپی ئازادیی هزرە. هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە، کە ڕای خۆی دەربڕێت بەرانبەر هەموو مژار و کاروبارە جیاوازەکان و لە سەر ئەوەش لێی ناگیرێت، ئەگەر ڕایەکانی بەر مافی خەڵکانی دیکە نەکەون و هەستیان برینـدار نەکەن. لێرەوە گرنگیی جیاکاری لە نێوان ڕەخنە و هەندێک شێوەی تاوانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی دەردەکەوێت، لە ناو ئەوانەش تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانە. بە حوکمی سروشتە لێکچووەکەیان، تێکەڵی یەکتر دەبن، بە تایبەتیش لەوانەی، کە ڕێگەی گوزارشتکردن لێیان بە هۆی قسە، یان نووسین دەبێت، چونکە ڕەخنە، بە شێوەیەکی گشتی، ناکرێت تەنیا بەو دوو ڕێگایە نەبێت. تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر سیمبوڵە ئایینیەکانی ناو ماددەی (٣٧٢) لە یاسای سزادانی عێراقی زۆر نزیکە لەو واتایە، کاتێک کە ئەو شێوەیە لە ڕێگای قسە و نووسین دەبێت.

هەروەها تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان جیاوازە لە دنەدان لە سەر ئازادیی هزری، لەوەی کە دنەدان لە میانەی پاڵنانی خەڵکانی دیکەوە دەبێت بۆ دەستبردن بۆ بیر و هزری پەیڕەوانی، بە پێچەوانەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی، کە ڕووەو سووکایەتیکردنە بە سیمبوڵە ئایینیەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، چ بەسووکایەتیکردنێکی ڕاستەوخۆ بێت، یان لە ڕێی دنەدان بێت، بۆ ناوزڕاندنی ئەو سیمبوڵە پیرۆزانە. ئەوەش

بەڵـــگەیە لە ســـــەر ئەوەی، کە هەر دوو تـــــاوانەکە لە ڕووی چوارچێوەشەوە جیاوازن و تاوانی دنەدان بۆ سەر ئازادیی هـزر، بەوە دادەنرێت، کە فشـارێکە، کە تاوانبـاران جێبەجێیدەکەن دژی هزرەکـان. ئەوان باوەڕیـان بەو هـزرانە نیـیە، کە دژبەری هـزری ئەوانە و ئەوەی بـــاوەڕ بەو هـــزرانە بکـــات، ئەوا چارەنووســـی لەناوچوونە بەجۆرەها ڕێگا.

کەوابێت، دەتـوانین، بڵێینکە دنەدان لە سـەر ئـازادیی هـزر لە سـەر بناغەی کەواندنی هـزری دژبەری تاوانبـارانەوە وەسـتاوە، کاتێک کە لە ناو مێشک، واتە؛ لە ناوەوە، دێتە دەرەوە بۆ ژینگەی دەرەوە لە ڕێگەی زمان، یان قسە، یان نووسین لە سـەر شـێوەی ڕێنمـایی، یـان ڕاسـپاردەی جیـاواز. ئەوەش لە تـاوانی ناوزڕاندنی سـیمبوڵە ئایینیەکانـدا جیـاوازە، چـونکە ناوزڕانـدنەکە ڕاسـتەوخۆ ڕووە و ئەو سـیمبوڵانەیە، کە مـایەی پیـرۆزی و بەرزڕاگـرتنن لە لایەن چینێکـــــی کـــــۆمەڵەوە و لە میـــــانەی ســـــووکایەتی و بێزلێکـردنەوە، یـان جـوێن و پێشـێلکردنی پیرۆزییەکـانی، یـان شکاندنی شکۆی سیمبوڵە ئایینیەکە.

هەروەهـــا شـــێوەکانی ئەو ڕەفتـــارە تاوانکارییـــانەی، کە کۆڵەگەی ماددیی هەر دوو تاوانەکە پێکدێنن، جیاوازن، چونکە بۆ هەر یەک لەو دوو تـاوانە شـێوە و وێـنەی ڕەفتـاریی دیـاریکراو هەیە، کە سـیفەتە تاوانکارییەکـانی ئەو کـردارانەی هەر یەک لەو دوو تاوانە پێکدێنن، بە تەواوی لێک جیان، کە یاسادانەر دیـاریی کـردووە و دەقە یاســاییەکانی تێـدا دانـاوە، ئەوەی کە نمـوونە یاســاییەکەی هەر تاوانێـک لەو تاوانـانەی پـێ دێتەجـێ. بەمەش

وێنەی ڕەفتارەکان جیاواز دەبن لە تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی، بە تایبەتیش لەوانەی بەندن بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، لەوەی بەندە بە ئازادیی هزری ئەو جیاوازیانە گرنگترینن لە نێوان ئەو دوو تاوانەدا.

هەروەها ڕوونە، کە دنەدان لە سەر ئازادیی هزر بەر بەرژەوەندیی تایبەتی تاکەکان دەکەوێت. واتە؛ ئەو کەسەی، کە خاوەنی بیرۆکەکەیە، کە پابەندە پێی. هەرچی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانە، ئەوا بەرژەوەندییەکە تێیدا تایبەتی نابێت لەو بارەوە، بەڵکوو بەرژەوەندییەکە سروشتێکی گشتی دەبێت، کە بۆ هەموو کۆمەڵگا گرنگە. لە ڕاستیشدا ئەو کێشەیە بە تەنیا یاسای سزایی نەیکردووە، کاتێک کە کردەوەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی بە تاوان داناوە، بەڵکوو شەریعەتی ئیسلامیش حەرامکردنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی لە بنەڕەتدا بە پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی بڕوادارانی داناوە.

هەروەها تاوانی دنەدان بۆ سەر ئازادیی هزری دەکەوێتە تەنیا سەر ئەو بیرۆکانەی، کە خەڵکەکە پێیانەوە بەندن، هەرچیەک بێت سروشتی ئەو بیرۆکانە، چ ئایینی بن، یان ئابووری، یان کۆمەڵایەتی، یان سیاسی. لە ڕاستیشدا تەنیا دەستدرێژی بۆ سەر ئازادیی بیروڕا بە دنەدان دادەنرێت و دەپەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی تاوانی دنەدان بۆ سەر ئازادیی هزری، چونکە ئەوەی بەر ئازادیی هزری خەڵکانی دیکە دەکەوێت بە دنەدان دادەنرێت، بەپێی ئەو تێڕوانینە و لە ژێر ناوی (تیرۆری هزری) دادەنرێت. هەر لەسەر ئەوە دنەدانە بۆ سەر ئازادیی هزری بە تاوانێکی سەربەخۆ دانانرێت، بەڵکوو بارێک دەنوێنێت

لە بارەکانی ئەو بەشداریەی، کە ماددەی (٤٨) لە یاسای سزادانی عێراقی دەقی لە سەر هێناوە. کاتێک، کە تاوانەکە دەکرێتە سەر ئەوەی دنەی داوە، ئەوا دنەدەری سەر بەرکەوتنی ئازادیی هزری بە بەشدار دادەنرێت لەو تاوانەی، کە ڕوویداوە لە کاتێکدا تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان تاوانێکی سەربەخۆیە لە ناو یاسای سزادانی عێراقی و یاسا بەراوردکارەکان، کە یاسادانەری عێراقی بەوە هێناویەتیەوە(هەرکەسێک بە ئاشکرا سووکایەتیی کرد بە سیمبوڵەیک، یان کەسێک، کە مایەی پێرۆزی و بەرزڕاگرتن، یان ڕێزە لە لایەن تایەفەیەکی ئایینیەوە[١]).

لەوەی رابوورد ڕوون دەبێتەوە، کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵەی ئایینی جیایە لە تاوانی دنەدان بۆ سەر ئازادیی هزر، لە زۆر ڕووەوە، کە گرنگترینیان لە لایەنی چوارچێوەوە و لە لایەنی بنیادی یاسایی و لە ڕووی سەربەخۆیی ئەو تاوانەوە و ئەو سیفەتە تاوانکاریانەی، کە پێکیدێنن و هەروەها لە ڕووی سیاسەتی یاسادانەری سزایی لە کاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ هەر تاوانێک لەو تاوانانە، وەکوو دەبینین، زۆر ڕوونە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا.

---

(١) دەقی ماددەی (٤٨) لە یاسای سزادانی عێراقی دەڵێ (بە هاوبەش لەتاوانەکە دادەنرێ- ئەوەی دنەی ئەنجامدانی دا و لەسەر ئەو دنەدانەش ڕوویدا. ٢- ئەوەی لەگەڵ یەکێکی دیکە ڕێککەوێ بۆ ئەنجامدانی و لەسەر ئەو ڕێککەوتنەش ڕوویدا. ٣- ئەوەی چەک بداتە بکەر یان ئامرازێک یان هەر شتێکی دیکە کە لە تاوانەکە بەکارهاتبێ و بشزانێ یان بەئانقەست یارمەتیی دابێ بەهەر ڕێگایەکی دیکە لەو کردەوە خۆئامادەکردنانەی یان ئاسانکردنی یان بۆ تەواوکردنی ئەنجامدانەکە).

لقی دووەم

جیاکردنەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە تاوانی وروژاندنی کووکە

تاوانی وروژاندنی کووکەی تایەفی بەوە پێناسە دەکرێت کە (هەرچییەکی، کە ببێتە هۆی نانەوەی ترس و تۆقاندن و زراوچوون و پشێوی و ناسەقامگیری و نەهێشتنی ئاسایش و ئارامی لە نێو چینەکانی گەلێکی یەکگرتوودا بە ڕەگەز و پلەو ئایین و بیروباوەڕ و مەزهەب و بنەچە و فەرمانبەرێتی و پێگە کۆمەڵایەتییەکەشیان جیاواز بێت، بە مەبەستی دابڕینی یەکێتیی نیشتمانی)[1].

هەروەها ئەو تاوانە بەوەش پێناسەکراوە کە (بریتییە لە پڕۆسەیەکی بەکاربردنی ئایین، یان پێگەی سیاسی، یان پێگەیەکی بااڵی کەسێک لە لای جەماوەر، یان لایەنێکی ڕاگەیاندن، یان هی دیکە بۆ بڕەودان، یان پەسندکردن، یان هاندان بۆ بیرۆکەی تونددڕە و یان لابردنی تایەفەیەکی دیار، ئەوجا ئەو پڕۆسەیەی بەکاربردن چ بە قسە بێت، یان بە نووسین و چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ،

---

(١) حيدر علي النوري، الجريمة الارهابية (دراسة في ضوء قانون مكافحة الارهاب رقم (١٣) لسنة ٢٠٠٥)، اطروحة دكتوراه، جامعة النهرين، كلية الحقوق، ٢٠١٠، ص٢٤٩.

وەکـوو بەکارهێنـانی هۆیەکـانی بەیەکگەیشـتنی کـۆمەڵایەتی و تۆڕی ئینتەرنێت و چ ئەنجەمەکەی بێتەجێ، یان نێتەجێ)[1].

تاوانی وروژاندنی کووکە لە زۆر خاڵ و بابەتەوە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان جیاوازە، کە یەکەمیان سروشتی ئەو تـاوانەیە، کە تێیـدا یاسـادانەری سـزایی عێراقـی تـاوانی وروژانـدنی کـووکەی بەوە دانـاوە، کە لە تـاوانە تیرۆریستییەکانە[2] چـونکە تـاوانی وروژانـدنی کـووکە دەبێتە بەرکەوتن بە ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەت و هەڕەشەیە بۆ یەکێتی نیشـتمانی و هەروەهـا ئاشـتی کـۆمەڵایەتی، چـونکە ڕوودانەکەی دەبێتە هـۆی نەمـانی سـەقامگیری لە هەمـوو ڕوویێکی سیاسـی و ئـابووری و هەروەهـا پچڕاندنی تەونـی کـۆمەڵایەتی، لە بەر ئەوە یاسـادانەر بە دەق شـێوەکانی لە نـاو یاسـای سـزادانداا دیـاریکردووە و یاسـادانەری سـزایی عێراقـی بە تـاوانێکی تیرۆریسـتیی ژمـاردووە و لە یاسـایەکی تایبەتـدا نـاوی هێنـاوە، ئەویش یاسـای عێراقـی بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی تیـرۆری ژمـارە

---

(١) تيجان علي ثابت، المسؤولية الجزائية عن اثارة الفتنة الطائفية، رسالة ماجستير، جامعة ميسان، كلية القانون، ٢٠٢٠، ص١٣.

(٢) تاوانی تیرۆریستی بەوە دەناسرێ کەهەر کردەوەیەکی تـاوانی بـێ، کە تـاک ئەنجامی بدا یان کۆمەڵێکی ڕێکخـراو، ئامـانجی تاکێـک یـان کـۆمەڵە کەسـێک یـان دامەزراوەی فەرمی یان نافەرمی بێ و زیان بگەیەنێ بەکەلوپەلەکانی گشتی یـان تـایبەتی لەپێنـاو تێکدانی دۆخی ئاسایش و جێگیری و یەکێتیی نیشتمانی یـان تـرس و تۆقاندن لەنـاو خەڵک بڵاوبکاتەوە یان پشێوی بنێتەوە بەمەسـتی ئامـانجێکی تیرۆریسـتانە. مـاددەی لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراقی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥.

(١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥، کە تێیدا ماددەی (٢/ف٤) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراق دەقەکەی ئەو کردەوانە دەژمێرێت و وەسفیان دەکات بەوەی، کە کردەوەی تیرۆریستین. لێرەدا دەقەکەی دەڵێت(ئەو کردەوانەی، کە دێن بە کردەوەی تیرۆریستی دادەنرێن.. ماددەی (٢/ف٤) کارکردن بەتوندوتیژی و هەڕەشەکردن لەسەر ورووژاندنی کووکەی تایەفی، یان جەنگی ئەهلی، یان کوشتاری تایەفی، ئەوەش بە پڕچەککردنی هاونیشتمانییان، یان وایان لێبکەن، کە یەکتری چەکدار بکەن بە هاندان و پارەدارکردنیان)[1]. چونکە تاوانەکانی دنەدانی تایەفی لە تاوانە لێکەوتە مەترسیدارەکانن بۆ سەر کۆمەڵگا، بۆیە پێویست ناکات لەسەرەتادا ئەنجامەکانی بێنەجێ بۆ ئەوەی کۆڵەگەکانی، وەکوو تاوانێک دەربکەون، بەڵکوو بەتاوان دادەنرێت تەنانەت ئەگەر هیچ لێکەوتەیەکیشی نەبێت. لە هەندێک یاسادا بەوە پۆلێنکراوە، کە تاوانێکی تیرۆریستین و لە هەندێکی دیکەیاندا بەوەی، کە تاوانی ئاسایشی ناوخۆی نیشتمانین، بۆیە یاسادانراوەکان ڕووەو ئەوە چوون، کە تونڕترین و دڵڕەقترین سزا بەرانبەر ئەنجامدەرانی بسەپێنرێت، کە دەگاتە سزای لە سێدارەدان، سەرباری ئەوەی کە ناکرێت بە تاوانی بیروڕا دابنرێت، یان بەو تاوانانەی، کە پەیوەستن بەئایین، لە بەر جیاوازییان لە ڕووی سروشت و لێکەوتە و سزایان. سەرباری ئەوەش سروشتی تاوانی دنەدانی تایەفی بە زۆری سیفەتی

---

(١) المادة (٢/ف٤) من قانون مكافحة الارهاب العراقي رقم (١٣) لسنة ٢٠٠٥.

کـردەوەی تیرۆریسـتیی بەدواوەیە، چـونکە ئەو ئەنجـامەی، کە پێیـدەگات زۆر بە ئەنجـامی تـاوانە تیرۆریسـتیەکان دەچێـت، لە کاتێکدا، کە تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی بە شێوەیەکی گشتی و تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانیش بە شێوەیەکی تـایبەتی، تـاوانی ئاسـایین، کە بەر کۆمەڵگـا و ئایینەکـان دەکەون. لەمەوە پێویست دەکات سزای سەر ئەوەی یەکەم توند بکرێت و ئەوەی دووەم سـزایەکەی بە بەراورد بە هـی یەکەم سـووکتر بێت[1]. چونکە تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە تـاوانی تیرۆریستی دانـانرێن لە ڕووی سروشـتییانەوە، بەڵکوو بە تـاوانە کۆمەڵایەتییەکـان دادەنـرێن، بە دیـاریکراویش ئەو تاوانـانەی، کە بەر هەستی ئایینی دەکەون.

هەروەهـا تـاوانی هەڵگیرسـاندنی کـووکەی تـایەفی بە چەنـد شـێوەیەک جیـادەکرێتەوە لەوانە، لە میـانەی پڕچەککردنـی هاونیشتمانییان و دنەدانی هاووڵاتییـانی عێراقی و وایان لێبکەن چەک هەڵبگـرن و پاڵیـان پێـوەنێن ڕووە و کـووکە و کوشـتار لە ناوخۆیاندا بچن. هەروەها پارەدارکردنی هـاووڵاتییە عێراقییەکان بە مەبەسـتی کـووکە و شـەڕی نـاوخۆ[2]. لە کاتێکـدا تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان ڕووبـادات تەنیـا ئەگەر لە میانەی

---

(١) رحمة جاسم محمد، المسؤولية الجزائية الناشئة عن التحريض الطائفي، المرجع السابق، ص٧١.

(٢) تيجان علي ثابت، المسؤلية الجزائية عن اثارة الفتنة الطائفية، المرجع السابق، ص٢٨-٣٧.

قسه، یان نووسین نەبێت، بەو شێوەیەی، کە دەبێتە هۆی سووکایەتیکردن بە سیمبوڵە ئایینیەکەی، کە مایەی بەرزڕاگرتن و پیرۆزکردنە لە لایەن تایەفەیەکی ئایینیی دیاریکراو. ئەوەش زۆر دوورە لەو شێوانەی، کە لە ناو تاوانی وروژاندنی کووکەدا هاتوون.

هەروەها جێی ئاماژەیە، کە تاوانی ناوزڕادنی سیمبوڵە ئایینیەکان، لەوانەیە بە شێوەیەکی لەخۆوە و بەبێ پلاندانانی پێشتر ڕووبدات، بە چاوپۆشی لەو شێوەیەی، کە ئەو ڕووداوەی پێ ڕوودەدات. هەرچی تاوانی وروژاندنی کووکەیە، ڕوونادات لە سەر شێوەی ڕەفتارێکی تاوانکارانەی، کە لێی پێکدێت بە شێوەیەکی لەخۆوە، چونکە ئەو کردەوانەی کە پێکیدێنن بە سروشتی خۆیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێویستییان بە پلاندانانی پێشتر هەیە و زۆر دەگمەنە و بگرە زەحمەتیشە، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و لەخۆوە ڕووبدات، چونکە ناکرێت بکەری ئەو تاوانە پێشکەشکردنی چەک، یان پارەدارکردنی پرۆسە جەنگییەکە لە نێوان تایەفەکان بە شێوەیەکی ڕەمەکی بگرێتە ئەستۆ و بەبێ پلانێکی پێشوەختە. لە بەر مەترسیداریی ئەو کردەوانەی، کە ئەو تاوانە پێکدێن و لێکەوتەی گەورەیان دەبێت، بۆیە پێویستە ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی، کە پێکیدێنن، بە پێی پڕۆژەیەکی تاوانکارانەی دیاریکراو بن، ئەوجا چ جێبەجێکردنەکەی لە لایەن یەک کەسەوە بێ، یان لە لایەن کۆمەڵێک. سەرباری ئەوەی کە دانانی کردەوەکانی، کە بە

سروشتی خۆیان لەخۆوە ڕووەدەن دەگمەنن، لە بەر ئەوەی ئەو کردەوانەی، کە تاوانی وروژاندنی کووکەی تایەفیان لێدەکەوێتەوە بە زۆری مەترسیدار نین، بەڵام هەبوونی ئەو سیفەتەیان نابێتە ئەوەی، کە بەتاوان نەناسرێن، یان ڕێگەیان پێبدرێت، چونکە ئەوانە کردەوەی تاوانکارین و لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرن و یاسای سزادانیان بەسەردا دەسەپێت[1].

هەروەها تاوانی دنەدان لە سەر وروژاندی کووکەی تایەفی دەکەوێتە ژێر باری تاوانەکانی ئاساییشی ناوخۆی دەوڵەت، چونکە لە ئەنجامی ڕوودانی ئەو تاوانە بە دواداهاتووانەی تایبەتی دەبێت، کە لە ناو لایەنی یاسایی دانراون، کە ئەویش بریتییە لە سەپاندنی سزا بەسەر ئەنجامدەرەکەی بەوەی، کە لەتاوانەکانی خاوەن سروشتی تیرۆریستیی مەترسیدارن، بە پێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراقیی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ چونکە هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی زۆر گرنگ، کە یاسایەکە هەوڵی پاراستنی دەدات کە خۆی لە لاوازکردنی یەکێتیی نیشتمانیدا دەبینێتەوە. هەروەها هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەش، کە وروژاندنی کووکە ڕەوا نییە و بەتاوان دادەنرێت لە شەریعەتی ئیسلامیشدا.

---

(١) د. عبدالجليل عبد الكاظم الاسدي، اركان جريمة اثارة الفتنة الطائفية في القانون العراقي والشريعة الاسلامية، بحث منشور في مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، المجلد ١، العدد ٤٣، ٢٠١٩، ص٣٨٨.

هەروەها ئەو یاسایە عێراقییانەی، کە پێش بەرکاربوونی یاسای سزادانی عێراقیی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بە تاوانیان داناوە، چونکە تاوانی وروژاندنی کووکەی تایەفی شوێنەکەی لە ناو حوکمەکانی ئەو یاسایە، وەکوو ئەو تاوانانەیە، کە بەر ئاسایشی ناوخۆی وڵات دەکەون[١].

هەرچی ئەوەی، کە پەیوەندیی بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانەوەیە، ئەوا لە ژێر ناوی تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی دادەنرێن، کە تێیاندا دەستدرێژیەکە دەکرێتە سەر باڵەخانە و شوێنە پیرۆزەکان، بە چاوپۆشی لە جۆری ئەو بەرکەوتنە، چ تێکدان بێ، یان کاولکردن، یان شێواندن، یان پیسکردن، یان کرداری دیکەی لەو جۆرانە بێت. هەر هۆیەک بەکار بهێنرێت بۆ دەستدرێژیکردنە سەر بنیاد و شوێنێکی پیرۆز، دەبێتە کردەوەیەکی تاوانکارانە بە پێی یاسا[٢] ئەوا ئەو کردەوەیە چ شوێنە ماددییەکان بگرێتەوە، بە شێوەیەکی بەش

---

(١) ماددەی (٢٠٠) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو دەقەکەی دەڵێ (بەهەمان سزا، سزا دەدرێ هەرکەسێک دنەی وەرگەڕانی رژێمی بڕیارلێدراوی عێراقی دا یان بۆ رقلێبوونەوەی یان بێزلێکردنەوەی یان حەزیکرد یان پرۆپاگەندەیەکی کرد کە ببێتە هۆی ناکۆکیی ئایینزایی یان تایەفی یان دنەی پەیدابوونی ململانێی دا لەنێوان تایەفەکان و رەگەزەکان یان وروژاندنی هەستی تووڕەیی و رقلێبوونەوەی لەنێوان دانیشتوانی عێراق بەرپاکرد).

(٢) د. عبدالجليل عبدالكاظم الاسدي، الجزاء في جريمة اثارة الفتنة الطائفية، بحث منشور في مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، المجلد١، العدد ٤١، ٢٠١٩، ص٤٠.

بەش، یان بە تەواوی، یان واتایی بێت، کە ڕێز و بەهای لەکەدار بکات. هەموو ئەو کردەوانە دەشێن بۆ لێکۆڵینەوە لە کردەوەی دەستدرێژییەکە بۆ سەر ئەو شوێنانەی، کە یاسا پیرۆزییەکانی لە ناو دڵ و دەروونی خەڵکدا پاراستووە. لەبەر ئەوەی ئەم دەستدرێژییە بەرکەوتنە بە پیرۆزیەکانی تاکەکان و ئایینەکەیان، بۆیە دەبێتە دەستدێژی بۆ سەر مافێک لە مافە بنەڕەتییە گارانتی کراوەکان، کە ئەویش مافیانە لەئازادیی بیروباوەڕ و ئایینداری[1].

ئەو تاوانانەی، کە بەر هەستی ئایینی بە گشتی دەکەون و تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانیش، خاوەن لێکەوتەیەکی واتایین، کە دەست بۆ بیروباوەڕی تاکەکان درێژ دەکات و هەروەها ئایینەکەشیان. هەروەها لەگەڵ تاوانەکانی دنەدانی تایەفی بەشداردەبن، لەوەی کە بەر بیروباوەڕ و ئایینی تاکەکان دەکەون، بەڵام لە زۆر لایەوە لێی جیاوازن، لەوانە لە لای ئەوەی بەندە بە لێکەوتە و ئەنجامی هەر یەکێکیان، چونکە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بەرکەوتنی بە بیروباوەڕ و ئایینی تاکەکان لێدەکەوێتەوە و لەوێوە دەوەستێت و هەر لە بەر ئەوەشە، کە بەتاوان ناسێنراوە بۆ پاراستنی ئەوانە. هەرچی تاوانی دنەدانی تایەفییە، ئەوا ئەنجامەکەی هەر بەرکەوتن نییە بە تەنیا بە بیروباوەڕ و ئایینی تاکەکان، بەڵکوو لەوە دوورتری لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەوە گرتێبەردانی هەست و هەڵگیرساندنی

---

(١) د. عمار تركي السعدون الحسيني، الجرائم الماسة بالشعور الديني، المرجع السابق، ص٩٧ وما بعدها.

کووکه و لێکترازاندنی کۆرانی یەک میللەتە و لەگەڵ هی دیکە لە شێوەکانی ئەو تاوانە. هەروەها ئەوەشی لێدەکەوێتەوە، یان کوشتاری تایەفی، یان کوشتاری ناوخۆ، کە هەر ئەوەشە ئەنجامدەری ئەو تاوانە هەوڵی بۆ دەدات. ئەو وەکوو لەوەی پێشوو هەوڵی ئەوە نادات، تەنیا بەر بیروباوەڕەکان بکەوێت، کە بە زۆری جیاوازیی تێیاندا هەیە، بەڵکوو هەوڵی ئەنجامێکی مەترسیدارتر لەوە دەدات[1].

لەمەی، کە لەپێشوو گوترا ڕوون دەبێتەوە، کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان جیاوازیەکی گەورەی هەیە لە تاوانی وروژاندنی کووکەی تایەفی لە زۆر لایەنەوە، کە دیارترینیان ئەوەیە تاوانی دووەم بە یەکێک لە تاوانە تیرۆریستییەکان دادەنرێت، کە یاسادانەری عێراقی بە پێی ئەو بنچینەیە ڕێکیخستووە. هەروەها لە لایەنی چوارچێوەشەوە جیاوازە و لەو ئەنجامەشی کە لێی دەکەوێتەوە و سروشتی ئەو بەرژەوەندییە پارێزراوەشی ناو ئەو دەقانەی، کە کردەوەکانی بە تاوان دەناسێنێت بۆ هەر یەک لەو تاوانانە.

---

(١) رحمة جاسم محمد، المسؤولية الجزائية الناشئة عن التحريض الطائفي، المرجع السابق، ص٦٩ وما بعدها.

بەشی دووەم

حوکمە بابەتی و ڕێکاری و پاراستنەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

ئەو دەقە تاوانییانەی، کە یاسادانەری تاوانی لە میانەیانەوە هەوڵ دەدات پەرژینێکی گەورە لە سزاکان دروستبکات بۆ هەستی ئایینی، بە شێوەیەکی گشتی و سیمبوڵە ئایینیەکان بە تایبەتی، کە سزای ئەوانە بدات، کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ئەو هەستە و سیمبوڵە ئایینیەکان، بە جۆرێک، کە ببێتە قەڵغانێکی دڵنیابوون بۆ ئەوەی تاکەکان پەنای بۆ ببەن، تا ئەگەر تیری دەستدرێژی ئاڕاستەی هەستی ئایینیان، یان ئەو سیمبوڵە ئایینەی، کە لایان پیرۆزە کرا، ئەوا لێیەوە پارێزگاریی تاوانی هەبێت بۆ هەموو شێوەکانی ئەو تاوانانەی، کە بەر پیرۆزیی ئەو سیمبوڵانە دەکەون، ئەوجا چ شێوەی ماددی بن، یان واتایی، لە میانەی چارەسەرکردنی هەر شێوەیەک لەو شێوانەی ئەو تاوانە. لەمەشەوە بۆ شێوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵی ئایینی بناغەیەکی تایبەتی هەبێت، چونکە ئەو تاوانە وا پێویست دەکات حوکمی بابەتیی هەبێت، کە خۆی لە کۆڵەگەکانی ئەو تاوانەدا دەبینێتەوە و هەروەها حوکمە سزاییەکانی، کە دەسەپێنرێن بە سەر ئەنجامدەرانیدا، کە خۆیان دەبینەنەوە لە سزا بنەڕەتییەکان و بەدواداهاتووەکان و تەواوکەرەکان و بارودۆخی توندترکردن و ڕێکارەکانی خۆپارێزی. هەروەها پێویست دەکات بۆ ئەوەی شارەزای پێویستییەکانی ئەو بەشە بین، حوکمە ڕێکارییەکانی ئەو تاوانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵ ڕوونبکەینەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی حوکمە خۆلێپارێزیەکانی، چ لە یاسای ناوخۆ بن

یان لەناو یاسای نێودەوڵەتی. وە بۆ ئەوەی شارەزای ئەوانە بین، ئەو بەشەمان دابەشکردووە بۆ سەر دوو باس و بەو شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەکەمحوکمە بابەتییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

باسی دووەمحوکمە ڕێکاری و خۆپارێزییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

باسی یەکەم

حوکمە بابەتییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان

حوکمە بابەتییەکان لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان وا پێویستە دەکات کۆڵەگەکانی ئەو تاوانە ڕووبکەینەوە لە ڕووی کۆڵەگەی مادی و کۆڵەگەی واتایی. هەروەها حوکمە بابەتییەکانی پێویستە دەکات حوکمە سزاییەکانی ئەو تاوانە ڕووبکەینەوە لە ڕووی سزا بنەڕەتییەکان و هەروەها سزا بەدواداهاتوو و تەواوکاری و ڕێکارە خۆپارێزییەکانی، سەرباری بارودۆخە تونددترکراوەکەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان. بۆ ئەوەی شارەزای پێداویستییەکانی ئەو باسە بین، دابەشیدەکەینە سەر دوو خواستە خواستی یەکەمدا کۆڵەگەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان وەردەگرین و لە خواستی دووەمیشدا حوکمە سزاییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان.

خواستی یەکەم
کۆڵەگەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، وەکوو هەر تاوانێکی دیکە، پێویستی بە کۆڵەگەی مادی و کۆڵەگەی واتایی هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش، دابەشیدەکەین بە سەر دوو لق. لە لقی یەکەم کۆڵەگەی ماددیی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و لە لقی دووەمدا کۆڵەگەی واتایی تاوانەکە وەردەگرین:

لقی یەکەم
کۆڵەگەی ماددییی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

کۆڵەگەی ماددی خۆی لە ڕەفتاری تاوانکاری دەنوێنێت، کە بۆ هەر تاوانێک، کە لە ڕووی مادددییەوە دێتە کایەوە، واتە؛ لە دەرەوە دەردەکەوێت، کە پێیەوە تەنیا هەر بەبیرداهاتن و بیرۆکەیەکەوە دەگاتە ئەوەی پاڵ بە مرۆڤەکەوە بنێ بۆ جیهانی دەرەوە، ئەوجا چ ئەوە بە جوولەیەکی جەستەیی، یان ئەندامێک لە ئەندامەکانی بێت و جەستەکەی وەستا بێت[1]. ئەمە ڕەفتارە

---

(١) د. غالب الداودي، شرح قانون العقوبات العراقي (القسم العام)، ط١، دار الطباعة الحديثة، البصرة، ١٩٦٨، ص١٧٩.

تاوانکارییەکەی کردەوەیەکە، چ ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، وەکوو بەجێهێشتن (نەکردن)، یان ڕەتکردنەوەی کردنەکەی، کە یاسا سزای گونجاوی بۆ تەرخانکردووە. یان ئەو ڕووداوانەیە، کە لە میانەیاندا تاوانی بەرچاو و جیهانی دەرەوەی لێ دەکەوێتەوە، کە شوێنێک لە بوونە مادداییەکە داگیردەکات، چونکە هیچ سزایەک نییە تەنیا لە سەر ئەو دەرکەوتن و چالاکییانە نەبێت، کە دەتوانرێت هەستیان پێ بکرێت، یان بەردەست بکەون لە کۆمەڵگای دەرەکیدا، ئەوجا چ بە شێوەیەکی ئەرێنی ببینرێن لە کردنی کردەوەیەک، کە یاسا نەیهێشتووە، یان نەرێنی بێ، وەکوو بەجێهێشتن، یان ڕەتکردنەوەی کردنی کردەوەیەک، کە یاسا فەرمانی بە کردنی کردووە. ئەوجا ئەو چالاکیە تاوانکارییە، وەکوو تاوانێکی تەواو ڕووبدات، یان لە خاڵی دەستپێکردنەوە بوەستێت. هۆکارەکەشی لەوەدا ئەوەیە، کە یاسای سزادان، سزا لە سەر ئەو نیەت و حەزانە نادات، کە لە ناو میشک و هەستی ناوەکییەوە جێگیرن و بۆ دەرەوە دەرناکەون، کە ببنە هۆی تێکدانی پرەنسیپەکانی ڕەوشت و مرۆڤایەتی، یان کۆمەڵایەتی، یان تێکدانی ئەو مافانەی، کە سروشتی گشتییان هەیە[1].

کەوابێت کۆڵەگەی مادیی تاوانەکە ئەو ڕووە دەنوێنێت، کە پێی دەردەکەوێت. کاتێک کە دەستدرێژیی بکەرێک بۆ سەر بەرژەوەندیەک دێتەجێ، کە یاسا پاراستوویەتی. ئەگەر کۆڵەگەی

---

(١) القاضي عبدالستار البزركان، قانون العقوبات القسم العام بين التشريع والفقه والقضاء، ط٢، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٠، ص٥٤.

مـــاددیی نەمـــا، ئەوا نە تـــاوان هەیە و نە ســـزا. لەوانەیە پێویستییەکانی پاراستنی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی وا پێویست بکات، کە سزا بە سەر کردەوەکانی خۆئامادەکردن بسەپێنرێت. هەروەها لە سەر مکوڕبوون و بیرلێکردنەوەی لە ناو دەروونداا. لە بەر ئەوە و لە بەر ئەگەری مەترسییەکانی ئەو کردەوە خۆئامادەکارییانە و هەروەها گەیشتنیان بە پلەیەکی مەترسیداری گەورە. بە تێڕوانین لەو تاوانەی، کە بیری لێکراوەتەوە، یان مکوڕ بووە لە سەری، ئەوا یاسادانەری تاوانی، باریکی تایبەتی بۆ داناوە و بە تەنیا کۆڵەگەی تایبەتی و توخمی یاسایی تایبەتی بۆ داناوە، وەکوو تاوانی ڕێککەوتنی تاوانی و هەندێک تاوانی دنەدان، تا ئەگەر لەو دنەدانە هیچ لێکەوتەیەکیشی لە واقیعدا نەبووبێت[1].

بۆ نموونە لە سەر ئەو تاوانانە، تاوانی دنەدان بۆ وروژاندنی شەڕی ناوخۆ، یان کوشتاری تایەفی و هەروەها تاوانی دنەدان بۆ خۆکوشتنێک، کە لێکەوتەی بە دواوە نەبێت[2]. جێی ئاماژەیە، کە ئەو بنچینە یاساییەی بە تاواناساندنی دنەدانێک، کە لێکەوتەی بەدواوە نەبێت، دەوەستێتە سەر بە تاوانکردنی لە سەر بناغەی بە تاوانکردنی دەستپێکردنەکەی،

---

(١) القاضي سلمان عبيد عبدالله الزبيدي، شرح قانون العقوبات رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ (القسم العام)، ط١، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٧، ص١٢٢ وما بعدها.

(٢) محمد هادي حسين حسن، المسؤولية الجزائية عن التحريض غير المتبوع باثر، رسالة ماجستير، جامعة بابل، كلية القانون، ٢٠٢٠، ص٩٣-١١٣.

کاتێک که له سەر بناغەی مەبەستێکە، که له ڕێساکانی دەستپێکردنی تاوانەوە هاتووە، هەرچی بناغەکەی دیکەیە، ئەوە دەوەستێتە سەر ئەو مەترسیەی، که ڕوو له بەرژەوەندیی پارێزراو دەکات له کردەی دنەدان[1].

یاسادانەری عێراقی کۆڵەگە ماددیەکەی تاوانی به شێوەیەکی گشتی له ماددە (٢٨) له یاسای سزادان چارەسەر کردووە، که دەقەکەی دەڵێت(کۆڵەگەی ماددیی تاوان ڕەفتارێکی تاوانکارانەیە به ئەنجامدانی کردەوەیەک، که یاسا به تاوانی داناوە، یان نەکردنی کارێک، که یاسا سەپاندوویەتی بکرێت)[2].

له بەر ئەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان به تاوانە مەترسیدارەکان دادەنرێت، ئەوا چاوەڕێی ئەوە ناکرێت زیانی لێبکەوێتەوە بۆ سزادانی ئەنجامدەرەکەی، لەمەشەوە ئەو تاوانە مەرج دانانێت بۆ دەرکەوتنی بۆ جیهانی دەرەوە، بەڵام ئەو

---

(١) د. محمد ماضي جبر، التحريض للجريمة في التشريع العراقي، ط١، دار السنهوري للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠١٢، ص٣٥ وما بعدها.

(٢) یاسادانەری عێراقی ئیشەکی باشی کردووە کاتێک که وتەی (ڕەفتار)ی بەکارهێناوە له پێناسەکردنی کۆڵەگەی ماددیی تاوانەکە، بەپێچەوانەی ئەوەی که هەندێک وتەی (چالاکی)یان بەکارهێناوە، چونکە یەکەمیان وردتر و فراوانترە له هی دوایی و بەسەر چالاکی و نەکردنیش وەکو یەک دەسەپێ، بەپێچەوانەی وتەی (چالاکی) که ناکرێ بەسەر هەندێک باردا بسەپێنرێ لەو تاوانەی که لێکەوتەکەیان نەکردنی مرۆڤە بۆ کردەوەیەک که یاسا وەکو ئەرک بەسەریدا سەپاندووە. بڕوانەعمار غالي عبدالكاظم العيساوي، المسؤولية الجنائية عن جريمة تبييض الاموال، اطروحة دكتوراه، جامعة بابل، كلية القانون، ٢٠٠٤، ص١١٠.

قسەیە نابێت بە ڕەهایی وەربگیرێت، هۆکارەکەشی لەوەدا ئەوەیە، کە هەندێک ڕەفتاری تاوانکارانەی پێکهێنەری ئەو تاوانە گۆڕانێک لە جیهانی دەرەوەی لێ دەکەوێتەوە، بە تایبەتیش لە شێوەی ڕەفتاری تاوانکارانەی، کە دەکەوێتە سەر سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکان، یان ئەو شتانەی کە بە سیمبوڵەی ئایینی دادەنرێن، وەکوو کتێبە ئاسمانییەکان. لەوێ ئەو سیمبوڵانە تووشی زۆر لە کردەوەی ئەوتۆ دێن، کە بەر پیرۆزیان دەکەوێت، وەکوو سووتاندن، یان درێاندنی کتێبە ئاسمانییەکان. ئەوەش لەو نزیکانە ڕوویدا، کاتێک کە یەکێکی لە ڕێلادەر، لە ڕووی هەزرییەوە، قورئانی پیرۆزی سووتاند لە ناو دەوڵەتی سوێد، ئەو دەوڵەتەی، کە بانگەشەی ڕێزگرتن لە ئایینەکان و بیروباوەڕی خەڵک دەکات[1]. لە سەر ئەو بناغەیە، کۆڵەگەی ماددیی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان جارێک بە شێوەی ڕووکاری دەرەوە و جارێکی دی بەبێ ئەوە دەبێت.

بۆ ئەوەی شارەزای کۆڵەگەی ماددیی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بین، پێویستە پێکهاتەکانی ئەو کۆڵەگەیە ڕوونبکەینەوە، کە ئەویش ڕەفتاری تاوانکارانە و ئەنجامە زیانبەخشەکەی و پەیوەندییە هۆکاریەکەیەتی، کە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

---

(١) میرفت ابراهیم، حرق القران.. متی بدات الجریمة، مقال منشور علی الموقع الالکتروني Aljazeera.net.

یەکەم/ ڕەفتاری تاوانکارانە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

لێرەدا دەستدرێژیەکە بۆ سەر سیمبوڵە ئایینیەکە زۆر شێوەی هەیە. ئەو شێوانەش لەگەڵ جۆرەکانی سیمبوڵە ئایینیەکان دەگونجێت. هەندێکیان بەرجەستەن و هی دیکە بەرجەستە نین و لە ناو دەروونی خەڵکدان، بەڵام لە هەموو بارەکاندا دەستدرێژیەک هەیە، کە شێوەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکە وەردەگرێت.

دەستدرێژی بەوە پێناسە دەکرێت کە (دەستبردنە بۆ ماف، یان ئازادیەک، کە یاسا گەرەنتیی پاراستنی داوە، ئەوجا بە نەهێشتنی ئەو مافە بێت، یان بە دەست بەسەرداگرتنی ئەو ئازادیە بێت. یان هەڕەشەکردن بێت بۆ دەست بە سەرداگرتنی، یان نەهێشتن، یان بە کەمکردنەوەی جیاووگەکانی ئازادی، یان کەمکردنەوەی سوودەکانی ئەو مافە، یان قەدەغەکردنی خاوەنەکەیان لە پراکتیزەکردنیان بەو شێوەیەی، کە دەیەوێت، لە ناو ئەو بوارەی، کە یاسا بۆی داناوە تێیدا لە سنوورەکەی بجووڵێتەوە) [1].

وەکوو گوتمانڕەفتاری تاوانکارانەی پێکهێنەری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان شێوەی ماددی وەردەگرێت و

---

(١) د. ناصر كريمش خضر وصفاء فريد كاظم، جريمة الاعتداء على حرية العمل الوظيفي في التشريع العراقي، بحث منشور في مجلة جامعة ذي قار، المجلد (١١)، العدد (٤) العراق، ٢٠١٦، ص٨.

هەروەها شێوەی واتاییش، بە پێی جۆرەکانی سیمبوڵە ئایینیەکانی، کە مایەی پاراستنن. بۆیە جۆرەکانی ئەو ڕەفتارە بە شێوەیەکی درێژ ڕوونەدەکەینەوە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

١- ڕەفتاری تاوانکارانەئەو ڕەفتارە تاوانکارانەیە بە زۆر شێوەی کردەوەی تاوانکاری خۆی دەنوێنێت، کە لەوانەلە ناوبردن، یان پیسکردن، یان تێکدانە. ئەو شێوە ڕەفتارکردنە تاوانکارییانە دەکەونە سەر سیمبوڵە ئایینیە جێگەیەکان، یان شتی دیکە، کە بە سیمبوڵەی ئایینی دادەنرێن، وەکوو کتێبە ئاسمانییەکان و خاچ و هی دیکەی لەو شتانەی، کە بە پیرۆز دادەنرێن. بۆ ئەوەی شارەزای پێداویستییەکانی ئەو ڕەفتارە بین، ئەوا یەک لە دوای یەک ڕوونیاندەکەینەوە:

أ- کردەوەی لەناوبردنواتە؛ لەناوبردنی شتێک و نەهێشتنی، یان خراپکردنی، یان بەواتایەکی دیکە وای لێبکەی؛ کە ئیدی سوودی لێ نەبینرێت. ئەو سوودەی، کە بۆی تەرخانکراوە، چونکە کردەوەی لەناوبردن دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە شتەکان، بەوەی کە وایان لێدەکات چیدی بە کەڵکی بەکارهێنان نەیێن. ئەوجا لەناوبردنەکە بەشێک بێ، یان بە تەواوی[1].

تاوانی لەناوبردن دەوەستێتە سەر کردەوەی لەناوبردن، کە خۆی لەکردەوەیەکی ئەرێنی دەنوێنێت، کە ئەنجامدەر ئەو تاوانە دەکات. لەو ڕەفتارکردنەوە لەناوبردنێکی لێدەکەوێتەوە، کە بەر

---

(١) محمد رواس قلعجي و حامد صادق قنيبي، معجم لغة الفقهاء، ط٢، دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٨، ص٤١.

شته پیرۆزەکان دەکەوێت، لەو ئەنجامە تاوانکارییەی تاوانەکەوە لەو تاوانەدا. هەروەها مەرجە پەیوەندیەکی هۆکارانە هەبێ لە نێوان لەناوبردن و ئەو ئەنجامەی. سەرباری ئەوەی هەبوونی مەبەستی تاواکارانە، چونکە یاسا داوای مەبەستێکی تایبەت ناکات. لەو بارەیەوە دادگای ڕەتکردنەوەی (نقض) میسری لە یەکێک لەبریارەکانی دا هاتووە(مەبەستی تاوانکارانە لە تاوانەکانی تێکدان و لەناوبردنی بەئانقەست، چ یاسا بە تاوانی دانابن، یان بەکەتن، ئەوا مەبەستی تاوانکاری لە هەموو ئەو تاوانانەدا لە بە ئانقەستی ئەنجامدانی کردەوە تاوانکارییەکەدا گلدەدرێتەوە، کە ڕێگە گیراوە لە ئەنجامدانی، کە یاسا سنوورەکەی بۆ داناوە) [1].

هەروەها یاسادانەری عێراقی ئاماژەی بۆ کردەوەی لەناوبردن کردووە، لەوەی کە دەکەوێتە سەر سیمبولّە ئایینیەکان لە ماددەی (٣/٣٧٢)ی یاسای سزادان. لە لای یاسادانەری عێراقی کردەوەی لەناوبردن خۆی دەنوێنێت لە دەستدرێژیی ماددی بۆ سەر سیمبولّە ئایینیەکان، وەکوو شکاندنی خاچ، یان شکاندنی شتەکانی لە دار دروستکراون، لە شوێنێکی ئایینی. بۆیە پێشنیاز بۆ یاسادانەری عێراقی دەکەین لە پێناو فراوانکردنی چوارچێوەی

---

(١) د. اسراء محمد علي سالم، نبراس عبدالكاظم، الحماية الجنائية للعتبات المقدسة، بحث منشور في مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد ، العراق، ٢٠١٦، ص٤٠-٤٢.

پاراستنه تاوانییەکە بۆ سەر جۆرەها سیمبولّەی ئایینیی جێگایی و سیمبولّەی ماددی دیکەی، وەکوو کتێبە ئاسمانییەکان.

ب- کـــردەوەی پیســـکردن مەبەســـت لەو کـــردەوەیە ڕەفتارکردنێکە، کە دەبێتە هۆی شێواندنی ئەرکێکی پیرۆزکراو و ڕێزلێگیـراوی سـیمبولّە ئـایینیە جێگەییەکـان، کە ئەوانـیش ئەو بنیادانەن، کە تایبەتکراون بە ئەنجامدانی ئەرکە ئایینیەکان، لەگەڵ سـیمبولّە و شـتی دیـکەش، کە ڕێـزی تایبەتیـان هەبێـت لە لایەن نەوەکـانی چینێـک، یـان میللەتێـک، یـان گرووپێـک لە خەڵـک. ئەو ڕەفتـارانە دەکرێـت کردەوەیەکـی سروشـت ، یـان مـاددی بـن، وەکوو فڕێدانی خۆڵ و خاشاک، یـان قوڕ بۆ سـەر ئەو شـتانە، یان قولپکردنەوەیان بۆ سەر زەوی، یان پێلەقەلێدانیان. دەشکرێ ڕەفتـاری واتـایی بـن، کە ڕەهەنـدێکی ماددییـان هەبێـت، وەکـوو کردەوەی بە سروشت بریندارکەر بۆ پیرۆزیی جێیەکە، وەکوو کـاری سێکسـی لە نـاو سـیمبولّە ئـایینیە جێگاییەکـان[1] هەروەهـا کـردەوەی پیسـکردن لەڕێـی سـووکایەتیکردن بە قسـە، یـان بە ئامـاژە لە حـوکمی ئەو مـاددەیەن. هەروەهـا سـووکایەتیکردن لە ڕێـی نووسـینیش دەکەوێـتە نـاو حـوکمەکەی، ئەویـش ئەگەر ئەو نووسـینە لەسـەر بنیـادە، یـان سـیمبولّە ئـایینیەکە هەڵواسـرا، یـان پێیەوە لکێنرا، یان نووسینی دەستەواژە، یـان هەڵکەندنی لە سـەر

---

(١) مصطفى مجدي هرجة، التعليق على قانون العقوبات في ضوء القضاء والفقه (القسم الخاص)، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٢، ص٣٦٢.

بەردەکانی بنیادەکە، یان هەر لە سەر شتەکە خۆی[1]. هەروەها پیسکردن خۆی دەنوێنێت لە دانانی خۆڵ و خاشاک و پیسایی و خوێن و هی دیکە لە سەر بەرماڵی نوێژکردن، یان لە مینبەر، یان لە میحراب، یان شوێنی دیکەی خوداپەرستی، کە وا بکات، نەتوانرێت، بەکاربهێنرێ، تەنیا دوای پاگژکردنەوەی و لابردنی ئەو پیسییانە نەبێت لە سەری[2]. هەرچی سەبارەت بە کردەوەی شێواندنە، ئەوا ئەویش دەچێتە ناو کردەوەی پیسکردنەوە[3].

یاسادانەری عێراقی ئاماژەی بۆ کردەوەی پیسکردن کردووە، ئەوەی کە دەکەوێتە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان، ئەویش لە ماددەی (٣/٣٧٢) لە یاسای سزادان.

٢- ڕەفتارکردنی تاوانکارانەی واتایی، کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی لێ پێکدێت:

بۆیە ئەو ڕەفتارەمان بەو ناوە ناوناوە، چونکە تەنیا بە کردەوەی مادیی بەرجەستە ڕووەدات. کردەوەکانی سووکایەتیکردن کردەوەن، یان قسەن، یان ئاماژەن، کە لە ڕووی دەرەوەیاندا بە کەمزانین و شکۆشکاندنیان لێ دەبینرێت و بەر

---

(١) جندي عبدالملک، الموسوعة الجنائية، ج٣، المرجع السابق، ص٧٤٧.

(٢) د. محمد عبدالله العوا، الحماية الجنائية للمعتقدات والشعائر الدينية في التشريع الاماراتي، بحث منشور في مجلة التدريب القضائي، المجلد (١٢)، العدد (٢٠)، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٢٠، ص٤٩.

(٣) د. محمد سعيد عبدالفتاح، الحماية الجنائية لحرية العقيدة والعبادة، المرجع السابق، ص١٠٢.

شەرەفی ئەو کەسە دەکەون، کە ئەو ڕەفتارانەی بەرانبەر کراوە، وەکوو دەنگ بەرزکردنەوە، یان جووڵاندنی سەر، یان پێکەنین و دەبێت ئەو سووکایەتییە بکەوێتە سەر سیمبوڵە کەسییە ئایینیە پیرۆزەکە، چونکە ئەوانە تاکی ئاسایی نین، بەڵکوو پێگەیەکیان هەیە و یاسادانەر پاراستنی بە ئەرک داناوە بۆیان و دەکرێت، ئەو کەسانە کەسی سەردەمیانەش بن، وەکوو مەرجەعە ئایینیەکان لە لای تایەفەیەکی دیاریکراو، یان ئیمام و قەشەی ناو ئایینیەکانی دیکە بن، بێجگە لە ئیسلام. لەوانەشە وا نەبن، وەکوو پێغەمبەرەکان و ئیمامە مەعسوومەکان و نێردراوەکانی ڕابردوو بن[1].

سووکایەتیکردنەکە لێرەدا هەر گوزارشتێکی بە ئانقەست بێت، کە لە لای هەرکەسێکەوە، یان قەوارەیەکەوە دەربچێت، کە سووکایەتیکردن بۆ کەسێکی ئاسایی دابنرێت، ئەوا بۆ تایەفە ئایینیەکان هەر زۆرترە، کە بە سیمبوڵەیکی بااڵی دیاریکراو دادەنرێن، ئەوا بێگومان ئەستەمە، کە ئەو سووکایەتیکردنەیان پێ قبووڵبکرێت[2] وەکوو پێکەنین لە ناو مەزارگە پیرۆزەکان، یان گاڵتە پێکردنیان بە مەبەستی بەکەمناسینیان.

---

(١) منى جمعة حميد البهادلي، النظام القانوني للعتبات المقدسة في العراق، رسالة ماجستير، كلية الحقوق، جامعة النهرين، ٢٠١٢، ص١٧٣.

(٢) القاضي اريج خليل، جريمة اهانة الرموز الدينية المقدسة في العراق، كيف يعاقب القانون فعلها؟ مقال منشور على الموقع الالكتروني alsumaria.tv ،

سووکایەتیکردن بە سیمبولّە ئایینیە کەسییەکان، واتە؛ نیشاندانی بێڕێزی بۆ ئایین، یان بەکەمزانینی ئەو سیمبولّە، یان بەسووک تەماشاکردنی، ئەوجا بە دەستبردن بۆ ناوەڕۆکی سیمبولّەکەی، کە خودی خوداوەندەکەیە، یان پێغەمبەرەکان، یان نێردراوەکان، یان سیمبولّە ئایینیە جێگەییەکان، تا دەگاتە زۆری دیکە لەو پێشێلکارییەی، کە سرووشتێکی دەربڕینیان هەیە، کە هەستی ئایینی بریندار دەکەن لە لای ئایینداڕەکان، یان چینێک، یان میللەتێک، یان مەزهەبێکی دیاریکراو، کە ئەو سیمبولّانە پیرۆز ڕادەگرن. گرنگی بە تاوانکردنی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان لە ناو پاراستنی هەستە ئایینیەکاندایە، لەگەڵ گیانی لێبووردەیی، بەوەی کە سیفاتی دیاری کۆمەڵگای دیموکراتین، چونکە ئەو بەتاوانکردنە وەزیفەیەکی خۆپارێزیی هەیە لە تاوانەکانی توندوتیژیی سروشت ئایینی و ئەوەش لەگەڵ بەهەند هەڵگرتنی پاراستنی مافەکانی خەڵکانی دیکەدا دەگونجێت[1].

یاسادانەری عێراقی لە یاسای سزادان ئەو شێوەیەی لە ماددەی (٥/٣٧٢) هێناوەتەوە، کە تێیدا دەڵێت(هەر کەسێک بە ئاشکرا سووکایەتی بکات بە سیمبولّەیەک، یان کەسێک، کە جێگەی پیرۆزی و بەرزڕاگرتن و ڕێزە لە لای تایەفەیەکی ئایینی).

---

(١) د. حسام الدين محمد السيد افندي، السياسة الجنائية في مواجهة جرائم الكراهية، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٩، ص٢٤٢ وما بعدها.

لە جێبەجێکردنەکانی ئەوە، هەستانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراقی بە گرتنی کەسێک، کە جوێنی داوە و بە قسە هێرشی کردۆتە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان و درایە دادگا و ڕێکاری یاسایی لە دژ وەرگیرا بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٣٧٢) لە یاسای سزادانی عێراقی، چونکە کردەوەکەی بریتیی بووە لە سووکایەتیکردن بە سیمبوڵە ئایینیەکانی عێراق[١].

دەبینین دادگای عێراقی، تاوانی جوێندان بە خودی خوداوەند، لە ناو تاوانەکانی بەرکەوتن بە سیمبوڵە ئایینیەکان داناوە. لە جێبەجێکارییە دادگاییەکانی تاوانی هێرشکردن بۆ سەر وشەی جەلالەتی خودا ئەوەیە، کە دادگای کەتنی بەتحا لە پارێزگای زیقار لە کەیسێک، کە ڕووداوەکانی بەم شێوەیە بووە(لە ڕێککەوتی ٢٠١٣/٨/٤ و لە کاتی ڕاگرتنی تاوانبار (س) لە لایەن ئەندامانی سریەی فریاکەوتنی شاری ئەلشامیە لە بەتحاء، کە دەکەوێتە سەر شەقامی گشتیی بەتحاء خدر، بۆ دڵنیابوون لە ناسنامەکەی، دەستیکردووە بە قسەی ناشیرین بە ناوی خودا) ئەوەش لە میانەی قسەکانی ئەندامانی مەفرەزەکەوە پشتڕاست کراوەتەوە، کە هەریەکە لە (و، ع، ص) بوون لەوانەی نیشانیاندا، کە تۆمەتبار ئەو قسانەی کردووە و دادگا قسەکانی تاوانباری تۆمارکرد، کە نکوولی لەوە کرد جوێنی بە ناوی خودای پیرۆز دابێت و گوتیبە دەستەواژەیەک (کە بەر ناوچەی بەتحاء دەکەوێت). ئەو دادگایە وای دەبینێت، کە بەڵگە دەستکەوتووەکان لە قسەی شاهیدەکانی، کە تاوانباریان ڕاگرتبوو بۆ پشکنین، کە

---

(١) هەواڵێک بەناونیشانیئاسایشی نیشتمانی کەسێک دەستگیر دەکا بەتۆمەتی (ناوزڕاندن)ی سیمبۆڵە ئایینیەکان لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی basnews.com.

گەواهیدانێکە بە چاوی خۆیان بینیویانە و لە بەر ئەوەی کردەوەکەی تاوانبار دەبێتە تاوانێک بە پێی ماددەی (٣٧٢) لە یاسای سزادان، چونکە بە ئاشکرا سووکایەتیی کردووە بە سیمبوڵەیکی پیرۆزی تایەفەیەک لە خەڵک، لە بەر ئەوە بەڵگەکان تەواون بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار. بۆیە دادگا بڕیاری دا بەو پێیە تاوانباری بکات و سزایەکەشی لەوەوە دیاربکات، بۆیە دادگا حوکمی تاوانبارکردنی تۆمەتبار (س)ی دەرکرد بە پێبژاردنێک بە بڕی چوارسەت هەزار دینار، کە لە ناو گەنجینەی حوکمەت دادەنرێت بە پێی حوکمەکانی ماددەی /٣٧٢/٥ لەیاسای سزادان[١]
.

دووەم /ئەنجامە زیانبەخشەکەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

مەبەست لەو ئەنجامە، ئەو زیانەیە، کە لە ڕێڕەوی ڕەفتارە تاوانکارییەکەی ئەنجامدەرەکەوە پەیدادەبێت، کە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانێکە. لە تاوانەکانی کوشتندا ئەنجامەکە لەناوبردنی گیانی مرۆڤە و لە تاوانی دزیکردن بردنی مالّی خەڵکە و لە لێدان تێکدانی تەندروستییە. هەرچی پەیوەندیی بە تاوانەکانی قسەپێ گۆتنە، وەکوو ئەوەی لە جوێن و پللارتێگرتن دایە، ئەوا ئەنجامە زیانبەخشەکە خۆی لە بەرکەوتنی ناوبانگی

---

(١) بڕیاری دادگای کەتنی (بەتحا) ژمارە (١٨٢/ج/٢٠١٣) لە ٢٠١٣/١٢/٢٣ (بڵاونەکراوەتەوە). پلەی کۆتایی وەرگرتووە لەبەر ئەوەی لەماوەی یاساییدا تانەی لێنەدراوە.

کەسەکە دەنوێنێت و هەروەها بە پێگەی کۆمەڵایەتی و دارایی و ئەدەبیشی[1].

هەرچی ئەو ئەنجامە تاوانکارییەی، کە دەکەوێتە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان، ئەوا ئەنجامە تاوانکارییەکەی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا، یاسادانەری تاوانی، مەرجی هاتنەجێی ئەنجامێکی دیاریکراوی بۆ دانەناوە، وەکوو زیانە ئابووری، یان ماددییەکە، یان هاتنەجێی سوودێکی دارایی، تەنانەت ئازارێکیش، کە سروشتێکی دەروونی هەبێت، چونکە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە شێوەیەکی تەواو ڕوودەدات، ئەگەر هیچ ئەنجامێکی دیاریکراویشی لە دەوروبەرەکەی لێ نەکەوێتەوە، یان هەبوونی پەیوەندییەکی هۆکاری لە نێوان ڕەفتارە تاوانکارییەکە و ئەنجامەکە. هۆکاریش لەوەدا ئەوەیە، کە ئەو کردارانەی خۆیان لە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا دەنوێنن، دەبنە هۆی پەشێوییەکی توند لە ئاسایشی کۆمەڵگادا، بە شێوەیەک، کە پێویست دەکات، بە تاوان دابنرێن، بەبێ ئەوەی توخمی زیان توخمێک بێت لە کۆڵەگە ماددیەکەی دا. لەوەوە دەستپێکردنی نییە، چونکە بیردۆزی دەستپێکردن پێویست دەکات کردەوەکە ئەنجامی هەبێت. ئەوەی دواییش یاسادانەر داوای نەکردووە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. سەرباری ئەوەش وێنای هەڵەی نائەنقەستیش لەو جۆرە تاوانانە ناکرێت.

---

(١) القاضي عبدالستار البزركان، قانون العقوبات القسم العام بين التشريع والفقه والقضاء، المرجع السابق، ص٥٧-٥٨.

ئەو تاوانانەی، کە زیانی واتاییان هەیە، ئەنجامەکانیان خۆیان لە زیانی دەروونی دەنوێنن، کە هیچ لێکەوتەیەکی بەرجەستەی دەرەکیی نابێت بۆ سەر ئەو مافەی، کە یاسا دەیپارێزێت. بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە بەپێی یاسا دەبێت لە بەردەم دادگادا ئامادەبێت و نەیێت، کە ئەنجامەکەی وادەردەکەوێت، کە دەستدرێژییە بۆ سەر مافی کۆمەڵگا، کە مافی هەیە، هانا بۆ هەرکەسێک ببات بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان. لەو تاوانانەدا کۆڵەگەی مادی تەنیا بە ڕوودانی ڕەفتارە تاوانکارییەکە دێتەجێ و لە خۆوە ئەنجامەکە دەکەوێتەوە، کە خۆی لە زیانی واتایی دەبینێتەوە، کە لێرەدا بریندارکردنی هەستی ئایینی و بیروباوەڕە لە لایەن پیرۆزکارانی ئەو سیمبوڵە ئایینیانە. چونکە هیچ تایفەیەک قایل نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر سیمبوڵەکانی. ئەگەر دەستدرێژیی، وەکوو جوێن و سووکایەتیکردن و زماندرێژی کرایە سەر سیمبوڵەکانی بەشێکی دیاریکراو لە کۆمەڵ، ئەوا دەبێتە هۆی بەرکەوتنیان بە هەستە ئایینیەکەیان[1].

هەرچی ئەوەی بەندە بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکان، یان شتەکانی دیکە، ئەوا ئەنجامە زیانبەخشەکە خۆی لە تێکدان و لە ناوبردن، یان پیسکردنی ئەو سیمبوڵانەدا دەبینێتەوە، بەڵام لە سووکایەتی و جوێن و زماندرێژی بۆ تەواوبوونی تاوانەکە و هاتنەجێی توخمەکانی، ئەوا خۆی دەنوێنێت لە دەستکردن بە هەر شێوەیەک لەو شێوە تاوانییانەوە،

---

(١) القاضي سلمان عبيد عبدالله الزبيدي، شرح قانون العقوبات رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ (القسم العام)، ط١، مكتبة القانون والقضاء، المرجع السابق، ص١٢٩.

هەرچەندە زیانی ماددیشیان لێ نەکەوێتەوە، چونکە ئەو تاوانە زیانەکەی ئەگەری کەوتنەوەی هەیە و لەمەشەوە تەنیا بە ئەنجامدانی دێتەجێ.

سێیەم/پەیوەندیی هۆکاری لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

پەیوەندیی هۆکاری بەوە پێناسە دەکرێت کە، ئەڵقەی گەیاندنە لە نێوان کردەوەی تاوانکاری و ئەنجامە زیانبخشەکەی، کە لەو ڕەفتارەوە کەوتۆتەوە. کاتێک دەبێت، کە کردەوەکەی تاوانکار هۆکارێکی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ ئەنجامە تاوانکارییەکە[1].

لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە کەسییەکاندا، سزا بە سەر کردەوەی کەسەکە دەسەپێنرێت، بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی زیانگەیاندنی هەبێت، بە پێی تێگەیشتنی ماددی. لە بەر ئەوە پەیوەندیی هۆکاری نابێت، چونکە لە تاوانە مەترسیدارەکانە، وەکوو لە تایبەتمەندییەکانی تاوانەکەدا بینیمان. هەرچی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکانە، یان شتەکانی دیکە، ئەوا پەیوەندیی هۆکاری پەیدادەبێت بە هاتنەجێی ئەنجامە

---

(١) القاضي عبدالستار البزركان، قانون العقوبات القسم العام بين التشريع والفقه والقضاء، المرجع السابق، ص٥٨.

زیانبەخشەکەی، کە لە ڕەفتارکردنی تاوانبارەوە دێت. لە ناو شێوەکانی ئەو ڕەفتارە، تێکدان، یان لەناوبردن، یان پیسکردنە[1].

لەوەی پێشەوە ڕوون دەبێتەوە، کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان کۆڵەگەکانی دەگۆڕێت بە گۆڕانی شێوەکانی، چونکە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکان حوکمی تایبەتیان دەبێت و هەروەها بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە کەسیەکانیش. حوکمەکانیش بە هەمان شێوە جیاواز دەبن لەو تاوانە، کاتێک کە ڕەفتارە تاوانکارییەکە لەو تاوانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان سروشتێکی ماددی دەبێت، یان واتایی. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە یاسای عێراقی و میسریش تووشی کورتهێنانێکی زۆر هاتوون لەو بارەیەوە، چونکە شێوە گرنگەکانی ڕەفتارە تاوانکارییەکانیان دانەناوە، کە بریتین لە باری دەستدرێژی بۆ سەر خودی خوا. لە کاتێکدا دەبینین، کە یاسادانەری ئیماراتی چارەسەری یاسای بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری و ڕقلێبوونەوە و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاریەکانی کردووە.

---

(١) د. محمد السعيد عبدالفتاح، الحماية الجنائية لحرية العقيدة والعبادة، المرجع السابق، ص٩٢.

لقی دووەم
کۆڵەگەی واتایی تاوانی ناوزڕاندنی
سیمبوڵە ئایینیەکان

کـــۆڵەگەی واتـــایی بەوە دەناســـێنرێت، کە بـــریتییە لەو پەیوەندییە دەروونیەی، کە کەسی تاوانکار و شتە ماددییەکانی تـــاوانەکە بەیەکەوە دەبەســـتێتەوە. گرنگـــی ئەو کـــۆڵەگەیە بـــۆ ژمارەیەک کاروبار دەگەڕێتەوە، چونکە بە ڕێچکەیەک دادەنرێت بـــۆ دیـــاریکردنی بەرپرســـیاریەتییەکە لەتـــاوانەکە، چـــونکە هـــیچ تاوانێک نییە بەبێ کۆڵەگەی واتایی. ئەو کاتە پەیدا دەبێت، کە پەیوەندییەکی دەروونی هەبێت لەگەڵ شتە ماددییەکانی تاوانەکە، بـــۆیە لە ڕووی تـــاوانییەوە ئەو کەســـە بەرپرســـیار دەبێـــت، بەڵام ئەگەر ئەو پەیوەندییە نەبوو، ئەوا لەو بارەدا بەرپرسیار نابێت. هەروەهـــا گرنگـــی ئەو کـــۆڵەگەیە لە بەجێگەیانـــدنی دادپەروەیـــش دایە، چـــونکە لە پێداویســـتیەکانی دادپەروەری ئەوەیە، کە ســـزا بسەپێنرێتە ســـەر ئەوکەســـەی، کە سیفەتە دەروونییەکانی تـــاوانی تێدایە. هەروەهـــا کۆڵەگەی واتـــاییش ئەو مەبەستانە دێنێتەجێ، کە دەبـــنە هـــۆی ســـزادان، کە ئەویش پرەنسیپی کەسێتیی ســـزاکەیە. هەروەها مەبەستە کۆمەڵایەتییەکەش، ئەوجـــا چ تەمبێکردن بێت، یان تۆڵەکردنەوە[1].

---

(1) جاسم خريبط خلف، شرح قانون العقوبات القسم العام، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠٢٠، ص١٢٦.

ئەو مەبەستە گشتییەی، کە دەکەوێتە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان، خۆی لەوەدا دەنوێنێت، کە ئاڕاستەی ئیرادەی تاوانکارە بۆ ئەو کردەوەیەی، کە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی تێدایە، لەگەڵ زانینی ئەوەی کە چ سووکایەتییەکی لێدەکەوێتەوە. واتە؛ کەسێک کارێک بکات، یان قسەیەک بە تەواوی ئیرادەوە بکات و بشزانێت، کە ئەوەی دەیکات، یان دەیڵێت بەر سیمبوڵە ئایینیەکانی تایەفەیەک لە تایەفەکان دەکەوێت و زۆرییشی لێ نەکرابێت، کە ئەو سووکایەتییە بکات، یان لە ژێر هیچ فشارێکدا پێی نەکرابێت[1].

ئەو تاوانەی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەکرێت، یان هاندان لە سەر بێزراوکردنی ئەو سیمبوڵانە، بە تاوانی بە مەبەست دەژمێردرێن، کە تێیاندا کۆڵەگەی مادددی و کۆڵەگەی دەروونیی خۆیان لە شێوەی مەبەستە تاوانییەکەدا دەنوێنن. هەروەها توخمەکانی زانین و ئیرادەش، چونکە تاوانکار دەبێت زانیاریی هەبێت و هەموو ئەو توخمانەش بزانێت، کە تاوانەکەی لێ پێکدێت و ئیرادەکەشی بەرەو ڕووی ئەوە بچێت. ئەگەر توخمێک لە توخمەکانی مەبەستی تاوانکاریی تێدا نەبوو، ئەوا تاوانەکەی ناکەوێتە سەر لە بەر نەبوونی کۆڵەگەی واتایی تێیدا[2].

---

(١) سديد بلخير، الحماية الجنائية لحرمة الانبياء، المرجع السابق، ص٢٣١ وما بعدها.

(٢) منال المنجد، الجرائم التي تمس الدين، بحث منشور في الموسوعة القانونية المتخصصة، المجلد (٢)، العدد ، دمشق، ٢٠١٢، ص٣٤٦.

لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا وا دادەنرێت، کە زانیاریی تاوانکار ڕووە و ڕووداوەکانە، واتە؛ دەزانێت ئەوەی دەیکات سووکایەتییە بە سیمبوڵەێکی ئایینی، بە یەکێک لە ڕێگا ئاشکراکان و کردەوەکەشی ڕووەو تێکدان، یان لەناوبردن، یان شێواندن، یان پیسکردنی باڵەخانەیەکە، کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئایینیەکانی تایەفەیەکی دیاریکراو تەرخانکراوە.

مەبەستی گشتی دەوەستێتە سەر دوو توخمزانین و ئیرادە، کە ئەوانیش بەو شێوەیەی خوارەوەن:

١- زانین لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانمەبەست لە زانین ئەو بارە دەروونی و هزریەیە، کە لە ناو بازنەی هۆشدا هەڵگیراوە، کە تاوانکار هەر کاتێک بیەوێت دەیهێنێتەوە، لە پێناو حوکمدان لە سەر شتە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕەفتاری گونجاو ئەنجامبدات بەرانبەر، یان لە بارودۆخی جیاوازدا[١].

کاتێک زانین لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دێتەجێ، کە تاوانکار دەزانێت ناوەڕۆکی قسە و کردەوەی دەربڕینەکانی چیان تێدایە و نموونەی سووکایەتیکردنن بە سیمبوڵە ئایینیەکان. هەروەها دەبێت تاوانکار زانیاری هەبێت بەوەی، کە بڵاوێدەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت و دەرێدەبڕێت لەو

(١) د. محمود نجيب حسني، النظرية العامة للقصد الجنائي، ط٢، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٤، ص٣٨٥.

سووکایەتییە، یان دەبێتە مایەی ئاشکرابوونی. هەروەها مەرجە، کە تاوانکار ئەو بابەتەی مافی دەستدرێژی کراوەتە سەر بزانێت، کە مایەی پاراستنی تاوانییە. واتە؛ بزانێت ئەو کەسەی سووکایەتیی پێدەکات، بە دەربڕینە ئاشکراکانی، سیمبولێکی ئایینیە و مایە پیرۆزی و بەرزڕاگرتنە لە لایەن تایەفەیەکی دیاریکراو، وەکوو ئەوەی پێغەمبەر بێت، یان جێگرەوە، یان ئیمام. وە وا دادەنرێت، کە تاوانکار دەزانێت ئەو کردەوەیەی دەیکات ڕەوا نییە و ئەو کردەوەیەی تاوانێکە و یاسای تاوانکاری سزای دەدات[1]. ئەو کارەش بە سەر سیمبولە ئایینیە جێگەیی و سیمبولە ئایینیە کەسییەکان و شتەکان و سیمبولی دیکەشدا جێبەجێ دەبێت. بەڵام ئەگەر نەیانبینێت، ئەوا مەبەستی تاوانکارانەی لەلا پەیدانابێت، بەمەش تاوانەکە پەیدانابێت.

٢- ئیرادە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکانئیرادە بەوە پێناسە دەکرێت، کە ئەو چالاکیە دەروونییە، کە ڕووەو جێبەجێکردنی ئامانجێکی دیاریکراو دەڕوات، لە ڕێگەی هۆیەکی دیاریکراوەوە. ئەو چالاکیەش دەبێت لە هۆش و تێگەیشتنەوە سەرچاوەی گرتبێت[2].

ئیرادەی تاوانکار لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکان ڕووی لە سووکایەتیکردن و بە کەمزانین، یان جوێنە، یان هەر ڕەفتارکردنێکی دیکە، ئەگەر ڕەفتارەکە سروشتێکی واتاییی

---

(١) سديد بلخير، الحماية الجنائية لحرمة الانبياء، المرجع السابق، ص٢٣٢.

(٢) د. محمود نجيب حسني، النظرية العامة للقصد الجنائي، المرجع السابق، ص٢٠٠.

هەبوو، (واتە؛ بەبێ لێکەوتەی ماددی لەواقیعدا). بەڵام ئەگەر ڕەفتارەکە سروشتێکی ماددیی هەبوو، (واتە؛ لێکەوتەیەکی ماددیی هەبوو لە واقیعدا). لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان ئیرادە ڕووەو لەناوبردن، یان پیسکردن، یان تێکدانە، چونکە لە شێوەی یەکەمیدا بەندە بە سووکایەتیکردن بە سیمبوڵە ئایینیە کەسییەکان، بەڵام لە شێوەی دووەمیدا بەندە بە سووکایەتیکردن بە سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکان و شتەکانی دیکەی، وەکوو کتێبە ئاسمانییەکان و خاچ و هی دیکەش، بە چاوپۆشی لە ڕێگەکەی سووکایەتیکردنەکە، هەر وەکوو پێشتر لە کۆڵەگەی ماددیدا باسمانکرد.

لە ڕاستیدا ئیرادەی تاوانکار لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا پێویستە بەرەو ئاڕاستەیەکی دووانەیی بێت، کە لە ئاڕاستەی یەکەم بکەوێتە سەر ڕەفتار، یان کردار. ئەگەر نەسەلمێنرا، کە ئیرادەی تۆمەتبار ڕووەو ڕەفتارێکی تاوانکارانە بووە، بە هۆش و تێگەیشتنەوە، کە هیچ خەوشێکی نەبێت، وەکوو زۆری لێکردن، یان شێتی، یان نەخۆشی، ئەوا مەبەستی تاوانکاری نایەتەجێ. ئەوی دیکە ئاڕاستەی ڕووەو ئاشکرایی بێ، بە تایبەتی لە ڕەفتاری واتایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان[1] سەرباری ئیرادەکەی بۆ ئەنجامە تاوانکارییەکە.

---

(١) د. عادل عبدالعال خراشي، جريمة التعدي على حرمة الاديان وازدرائها في التشريعات الجنائية الوضعية والتشريع الاسلامي الجنائي، المرجع السابق، ص١٠٧-١٠٨.

ئەوەی پەیوەندیی بە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانەوە هەیە، ئەوا ئیرادەی تاوانکار دەبێت ڕووەو هاتنەجێی ناوزڕاندنەکە بێت، لە میانەی ئەو سووکایەتی، یان بە کەمزانینەی، کە بە کەسەکە، یان سیمبوڵەکەی دەکات، کە پێگەیەکی پیرۆزی هەیە و وای لێدەکات ببێتە مەبەستێک، هەوڵی بۆ دەدات و ئەو ڕێچکەیەش وێنادەکات، کە دەیەوێت بیگاتێ، ئەوجا لە لای خۆیەوە هێزێکی دەروونی دەرباز دەبێت و پاڵی دەدات بۆ جووڵاندنی شێوەکانی و دەربڕینی چەند وشەیەک، یان کردنی جووڵەیەکی گوزراشت ئاسا، کە بتوانێت مەبەستەکەی بەجێ بگەیەنێت. بەمەش تاوانەکە دروستدەبێت. پاشان مەبەستی تاوانکاری لەو تاوانەدا نایەتەجێ، ئەگەر سەلمێنرا، کە تاوانکار بەو سیفەتە، یان پێگەیەی نەزانیبوو. کە وابێت کردەوەکەی لەو بارەدا ئەو دەقەی بە سەردا دەسەپێت، کە پەیوەستە بە پللار و جوێندانی ئاسایی[1].

هەرچی پەیوەندیی بە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکانەوە هەیە، ئەوا تاوانی لەناوبردن و پیسکردنی بنیاد و سیمبوڵە پیرۆزەکان، بە تاوانی بە ئانقەست دادەنرێن و پێویست بە هەبوونی مەبەستی تاوانکاریی گشتی دەکەن، کە دەوەستێتە سەر زانین و ئیرادە. کاتێک هەبوونی مەبەست بوونی دەبێت، ئەوکاتەی ئیرادەی تاوانکار ڕووەو تێکدان و لەناوبردن و شێواندن و پیسکردنی ئەو جێگایانە دەچێت و بە سیفەتەکانیشی

---

(١) د. محسن فوک فرج، جرائم الفكر والراي والنشر، ط٢، دار الغد العربي، القاهرة، ١٩٩٣، ص٣٠٩.

دەزانێت، واتە؛ زانیاریی هەیە بەوەی، کە شوێنێک تێکدەدات، کە نموونەی سیمبولێکە لە سیمبولە ئایینیەکانی تایەفەیەکی ئایینیی دیاریکراو، یان هەر شتێکی دیکە بێت، کە ڕێزی هەبێت لە لای خەڵکانی ئەو تایەفەیە. بە دەستەواژەیەکی دیکە، بزانێت، کە کردەوەکەی دەبێتە هۆی تێکدان، یان لەناوبردنی بنیادێک، کە وەچەکانی میللەتێک، یان تایەفەیەکی دیاریکراو ڕێزی لێدەنێن، بەبێ ئەوەی پشت بەو ئامانجە ببەستریت، کە وای لێکردووە ئەو تاوانە بکات، یان چ مەبەستێکی لێی هەیە، چونکە یاسا داوای مەبەستێکی تاوانیی تایبەت ناکات بۆ ئەو تاوانە، بەڵکوو ئەوە دێتەجێ تەنیا بە بەئانقەستکردنی[1]. هەر ئەوەشە، کە دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی لە عێراق بڕیاری لێداوە بە گوتەی(مەبەستی تاوانی لە تاوانەکانی تێکدان و لەناوبردن لە ئەنجامدانی کردەوەکەی، کە ڕێی لێگیراوە دەمێنێتەوە بەو مەرجانەی، کە یاسا دیاریکردوون لەگەڵ ئاڕاستەی ئیرادەی بکەر بۆ ڕوودانی لەناوبردن و تێکدان، یان زانینی ئەوەی، کە ڕوودەدات ناڕەوایە)[2].

لە بەر ئەوەی دەستدرێژیکردنە سەر سیمبولە ئایینیە کەسییەکان، بە حوکمی سروشتە یاساییەکەی و هەروەها

---

(١) د. عبدالحميد الشواربي، التعليق الموضوعي على قانون العقوبات، ج٢، منشاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٣، ص٥٩٨.

(٢) قرار محكمة التمييز العراقية رقم الاصدار ٦٧هـ ح ١٩٧٦ في ١٩٧٦/٤/١٠، مجلة العدالة، تصدرها وزارة العدل، العدد (٢)، السنة (٢)، ١٩٧٦، ص٣٩٩.

کۆمەڵایەتییەکەی، مەبەستێکی تاوانی دەسەپێنێت، کە سروشتێکی تایبەتیی هەیە، کە دەبێت لەو تاوانەدا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت لێپرسینەوە لە ئەنجامدەری ئەو کردەوە دەستدرێژیە بکرێت، چونکە بەس نییە تەنیا ئەنجامدانی کردەوەی دەستدرێژی، کە خۆی لە قسە، یان نووسین دەبینێتەوە، کە بەر ئەو سیمبوڵە ئایینیانە دەکەوێت، بەڵکوو مەرجیشە ئەو تاوانکارەی، کە ئەو کردەوانە ئەنجامدەدات، لە میانەی نیەتێکی سووکایەتیکردن و گاڵتە پێکردن و بەکەمزانین و ناوزڕاندن بێت، کە مەبەستیەتی، لە کاتی ئەنجامدانی ئەو کردەوانە. بەمە مەبەستەکە سروشتێکی گشتیی دەبێت لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە کەسییەکان، یان شتەکان و کتێبەکان و بەس نین، بەڵکوو مەرجیشە، کە مەبەستە خاوەن سروشتە تایبەتییەکەش هەبێت، کە خۆی دەنوێنێت لە بە ئاشکرا و ناوبانگزڕاندن، کە تێیدا بەرکەوتنە بە سیمبوڵە ئایینیە کەسییەکانی، وەکوو کتێبە ئاسمانییەکان و شتەکانی دیکەش دەگرێتەوە[1].

ئێمە وای دەبینین، کە مەرجی یاسادانەر بە دانانی کۆڵەگەی تایبەت بە شێوەیەکی ناوەکی لە میانەی مەرجدارکردنی ئاشکرایی لە تاوانی جوێندان بە سیمبوڵە کەسییەکان لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە کەسییەکان و شتەکانی دیکە، تێڕوانینێکی ڕاستە، چونکە بەپێچەوانەی ئەو قسەیە بێت، دەبێتە

---

(١) د. نوال طارق ابراهيم العبيدي، الجرائم الماسة بحرية التعبير عن الفكر، المرجع السابق، ص٩٥.

هـۆی تەسـککردنەوەی ئـازادیی ڕادەربـڕین و پـیلەکە ئـاییئیە زانسـتییەکان. ئەو ئـازادیەی، کە دەسـتوور ڕەخسـاندوویەتی. بەمەش مەرجـی کـۆڵەگەی تـایبەت، هاوسـەنگیەکی دیـار دروستدەکات لە نێوان گفتوگۆی ئاییئی زانستییانە و پێویستیی پاراستنی هەستی ئاییئی. ئەوەش چوارچێوەی پاراستنی تـاوانی فراوانتـر دەکـات لەو ڕووەوە، چـونکە ئەوە نایەڵێـت خـۆی بشارێتەوە لە ژێر پەردەی گفتوگۆی ئاییئی و تێپەڕاندن بۆ سـەر سیمبوڵە ئاییئیە پیرۆزەکان لە تێڕوانینی خەڵکی دیکەوە.

پتر لەوە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئاییئیەکان لەو تاوانە بە ئانقەسـتانەن، کە پێویسـت بە مەبەسـتی تاوانکـاری دەکەن و هەمـوو شـێوەکانی تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئاییئیەکـان پێویستییان بە مەبەستی گشتی هەیە، بەڵام هەندێک شـێوە هەیە لەو تـاوانە، کە پێویسـتیی بە مەبەسـتی تـایبەتی هەیە سـەرباری مەبەستی گشتی، ئەوانیش ئەو تاوانانەی گوزارشت کردنن، کە دەکەونە سـەر سـیمبوڵە ئـاییئیە کەسـییەکان، یـان کتێـبە ئاسمانییەکان، یان شتی دیکەی، وەکوو ئینجیل. لە سـەر بناغەی ئەو شـیکردنەوەیە، ئەو کـردەوەیەی، کە دەبێـتە ناوزڕانـدنی سـیمبوڵەی ئـاییئی، کە هـیچ مەبەسـتێکی تێـدا نیـیە، ئەوا بە تاوانەکانی هەڵە دادەنرێت و سزای لەسـەر نییە (وەکوو ئەوەی کەسێک زانیاریی زانستی پێشکەشبکات، کە جوێن و گاڵتەکردنی تێـدابێت بەرانـبەر یەکێـک لە سـیمبوڵە ئـاییئیەکە، بەبـێ ئەوەی مەبەسـتی بـووبێ گـاڵتەی پێبکـات). بـۆیە داوا لە یاسـادانەری

عێراقی دەکەین، کە سزایەکە تووندتر بکات، ئەویش لە میانەی بە تاوانکردنی کردەوەکانی هەڵە، کە دەکەونە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی بەرکەوتنی هەست و پایەی تایەفەیەکی ئایینی، کە ئەو سیمبوڵە بۆیان نموونەی پێگەیەکی پیرۆزە. لەمەشەوە ئەوەی کە لە تاوانە نائەنقەستەکە دەکەوێتەوە، مەترسیی کەمتر نیە، لەوەی کە تاوانی بە ئانقەستەکە لەو بارەیەوە دەیکەوێنێتەوە.

خواستی دووەم

حوکمە سزاییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان پێویستە بە سیاستەتێکی سزادانی سەرکەوتوو دەکات لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی، لە بەر ئەو مەترسییە گەورانەی، کە بۆ سەر کۆمەڵگە لێی دەکەونەوە و پێویستە ئەو حوکمە سزاییانە بگونجێن لەگەڵ سروشتی شێوەکانی ئەو کردەوە تاوانکارانەی، کە ئەو تاوانەیان لێ پێکدێت، کە پێویستە بەرەنگاری ئەو تاوانە ببنەوە لە پێناو پارێزگاری کردن لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە،

سزایەکەیان توندتر بکرێت[1] هەروەها پێویست دەکات سەرباری سزای ڕێکاری خۆپارێزی، کە وا لەتاونبار بکات، جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە سەر تاوانەکە، ئەویش لە میانەی سەپاندنی ڕێکاری گونجاو بۆ بنبڕکردنی ئەگەری مەترسییە تاوانکارییەکەی. سەرباری ئەوەش سیاسەتی سزادانی سەرکەوتوو، وا پێویست دەکات، کە سزا توندتر بکرێت لە هەندێک باردا، ئەگەر بارودۆخی توندتر هەبوو، کە مەترسیی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان پتر بکات. هەروەها تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان پێویست بە هەبوونی سزای لاوەکی و تەواوکەر و بەدواداهاتووش دەکات. بۆ ئەوەی شارەزای پێداویستییەکانی ئەو مەبەستە بین، دەستدەکەین بە دابەشکردنی بە سەر دوو لقداله لقی یەکەم سزا بنەڕەتییەکانی تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر سیمبولّە ئایینیەکان وەردەگرین و لقی دووەمیش تەرخانکردەکەین بۆلقەکانی، کە سزاییەکانی بە دواداهاتوو و تەواوکەری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان دەگرنە خۆ، لەگەڵ بارودۆخە توندترەکانی.

---

(١) هەوالّێک بەناونیشانیجدل في العراق حول تشريع يجرم الاساءة للرموز والمراجع الديني منشور على قناة العرب الالكترونى.

لقی یەکەم
سزا بنەڕەتییەکانی تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر سیمبوڵە ئایینییەکان

کاری سزا بنەڕەتییەکان لە تاوانە ئایینییەکان، بە شێوەیەکی گشتی و لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، جیاوازە، بە پێی ئەو گۆشەنیگایەی، کە یاسادانەر لێیەوە تەماشای ئەو تاوانانە دەکات، بۆیە سزایەکان بە گشتی جیاوازن لە وردەکارییان لە یاسایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە[1]. ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/سزا بنەڕەتییەکانی تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر سیمبوڵە ئایینییەکان لە عێراقسزای بنەڕەتی بەوە پێناسە دەکرێت، کە (ئەو سزا بنچینەییەیە، کە یاسادانەر دەقی بۆ داناوە و بڕەکەی بۆ تاوانەکە دیاریکردووە. لە سەر دادوەرە، کە لە کاتی سەلماندنی تۆمەتبارکردنی تۆمەتباردا حوکمی پێبکات و ناکرێت بە سەر حوکمدراودا جێبەجێبکرێ، تەنیا ئەگەر دادوەر بەڕاشکاوی دەقی بۆ بهێنێتەوە لە ناو حوکمەکەیدا) [2].

---

(١) د. عمار تركي السعدون الحسيني، الجرائم الماسة بالشعور الديني. المرجع السابق، ص١٥٧-١٥٨.

(٢) د. علي خلف حسين و سلطان عبدالقادر الشاوي، المبادىء العامة في قانون العقوبات، منشورات العاتك، بيروت، ٢٠٠٨، ص٤١٤.

یاسادانەری عێراقی لە یاسای سزادانی عێراقیی هەموارکراوی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩دا پەیڕەوی سیاسەتێکی سزادانی یەکگرتووی کردووە، لە هەموو شێوەکانی تاوانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی، لە ناویشیاندا تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. ئەوەتا لە دەقەکانی ڕێکخستنی ئەو تاوانانەدا، ئاماژەی کردووە بەو شێوەیە(سزادەدرێت بە بەندکردن ماوەیەک، کە پتر نەبێت لە سێ ساڵان، یان بە پێبژاردن...) [١].

جێی ئاماژەیە، کە ئەو سیاسەتە سزاییەی، کە یاسادانەری عێراقی پەیڕەوی کردووە، بەوە دەناسرێت، کە لە زۆر لایەنەوە سزایەکەی سووکە:

١- یاسادانەری عێراقی سزای بەندکردنی داناوە، کە لە سێ ساڵان پتر نەبێت، بەبێ ئەوەی کەمترین ماوەی بۆ دیاریبکات، ئەوەش لە ماددەی (٣٧٢)دا هاتووە کە دەڵێت(سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک، کە لە سێ ساڵ پتر نەبێت...). لەمەوە ئەو سزایە ناگونجێت لەگەڵ مەترسیدارییەکەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، ئەوەی کە لەو تاوانە دەکەوێتەوە مەترسییەکی گەورەیە، سەرباری ئەوەی، کە یاسادانەر ڕێی بە دادوەر داوە سزایەکە کەمبکاتەوە، کە دەتوانێت بە سێ مانگ

---

(١) المادة (٣٧٢) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

حـوکمی بـدات[1]. ئەوەش هـیچ لـۆجیکێکی تێـدا نیـیە، لەگەڵ ئەو گەورەییەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

٢- باشـتر بـوو یاسـادانەری عێراقـی بـۆ هەر شـێوەیەک لە شـێوەکانی تـاوانی بەرکەوتنـی هەسـتی ئـایینی، سـزایەکی تـایبەتی ڕوونبکـاتەوە، چـونکە هەر تاوانێـک بـارودۆخ و بنیـادی یاسـایی خۆی هەیە، بۆیە باشتر بوو یاسادانەر سـزایەکی تـایبەتی دانێت بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

٣- یاسادانەری عێراقی وای لە سزا پێبڕاردنەکە کردووە، کە خەملاندن بێت، کە دادوەر دەتوانێت سزای بەندکردن، یان سـزای پێبڕاردن بخـاتە سـەر تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. لە ڕاستیشـدا کردنـی سـزای پێبـڕاردن بە سـزای بنەڕەتـی[2] لەو

---

(١) سزای بەندکردنی توند بەوە دەناسێنرێ کە (بەندکردن واتە دانـانی حوکمـدراو لەنـاو یەکێک لە دامەزراوە سـزاییەکانی تـایبەتکراو بەپێـی یاسـا بـۆ ئەو مەبەسـتە، بـۆ ئەو ماوەیەی کە لە حوکمەکەدا بڕیاری لەسەر دراوە و ماوەکەی کەمتر نەبێ لە سێ مانگ و پتر نەبێ لە پێنج ساڵ ئەگەر یاسا دەقی جیاواز لەوەی نەهێنـابێ) مـاددەی (٨٨) لەیاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

(٢) سزای پێبڕاردن بەوە پێناسە دەکرێ کە (پابەندکردنی حوکمدراوە بە دانی گوزمەیەکی دیاریکراو بە گەنجینەی گشتی کە لە حوکمەکەدا دیاری کراوە و دادگا ڕەچـاوی بـاری دارایـی و کـۆمەڵایەتیی حوکمـدراو دەکـا بـۆ خەملاندنی بـڕەکەی و تـا چەنـد سـوود بەتاوانەکە دەگەیەنێ یان چاوەڕێی لێدەکرێ سوودی هەبێ و لەگەڵ بـاری تـاوانەکە و باری تاوانلێکراو). بڕوانەماددەی (٩١) لەیاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

چوارچێوەیەدا تاکە، ناگونجێت لەگەڵ مەترسیدارییەکەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

٤- دانەنانی دەقێک لە لایەن یاسادانەر لە سەر بارودۆخی توندترکردنی سزایەکان لە تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی، بە شێوەیەکی گشتی و تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بە شێوەیەکی تایبەتی، تەنیا بەڵگەیەکە لە سەر لاوازیی سیاسەتی سزادان لە لایەن یاسادانەری عێراقیەوە لەو چوارچێوەیەدا، چونکە بەس نییە پەنا ببەی بۆ ڕێسا گشتییەکانی تایبەت بە توندکردنی سزا لەو تاوانانەدا، لە بەر ئەو تایبەتمەندییانەی ئەو تاوانانە هەیانە.

٥- لە کۆتاییدا یاسادانەری عێراقی ژمارەیەک تاوانی مەترسیداری سزا نەداوە و بەتاوانیشی دانەناون، لەوانەی کە لە ناو شێوەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دان، لەوانەش سووکایەتیکردن بە ناوی خودی خوداوە.

ئەوەی نامۆیە لەو کارەدا، یاسادانەری عێراقی تاوانی ڕووخاندن و لەناوبردنی هێناوەتەوە، کە پەیوەستە بە بنیادەکان، بەڵام دەستەواژەیەکی نەهێناوەتەوە، کە تایبەت بێ بەو بنیادنانەی کە تەرخانکراون بۆ خواپەرستی، بەوەی کە باریکی تۆندترە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیە جێگاییەکان. دەبینین دەقی ماددەی (١٩٧/پەرەگرافی١) لە یاسای سزادانی عێراقی دەقەکەی دەڵێت(بە لەسێدارەدان، یان بە زیندانیکردنی هەتاهەتایی سزا دەدرێت هەر کەسێک بنیادێک، یان مۆڵگێکی

گشتی، یان تەرخانکراو بۆ فەرمانگە و بەرژەوەندیی حکومی، یان دامەزراوەکان، یان شوێنە گشتییەکان، یان کۆمەڵە یاساییەکانی، کە سوودی گشتییان هەیە، یان دامەزراوە نەوتییەکان، یان هی دیکە لە دامەزراوەی پیشەسازیی دەوڵەت، یان وێستگەکانی کارەبا و ئاو و هۆیەکانی هاتوچۆ، یان پرد، یان بەنداو، یان ئاوەڕۆی گشتی، یان ئەو شوێنانەی، کە ئامادەکراون بۆ کۆبوونەوەی گشتی، یان بۆ سەردانیکردنی جەماوەر، یان هەر مولکێکی گشتی، کە گرنگییەکی گەورەی هەبێت بۆ ئابووریی نیشتمان، تێکبدات، یان بڕووخێنێت، یان لەناوببات، یان زیانێکی زۆری بە ئانقەستیان پێ بگەیەنێت، بە ئامانجی گۆڕینی ڕژێمی حومکڕانییەکی، کە دەستوور بڕیاری لە سەر داوە) ئەوەش بە کورتهێنانێکی یاسایی مەترسیدار دادەنرێت و پێویستە چارەسەر بکرێت. هەروەها ئەو کارە لە ناو یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراقی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ دا چارەسەر نەکراوە.

لقی دووەم

سزا لاوەکییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و بارە توندکراوەکانی

لەو لقەدا سزا بەدواداهاتووەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان وەردەگرین و هەروەها سزا تەواوکەر و بارە توندکراوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/سزا بەدواداهاتووەکانئەو سزایانەن، کە بە حوکمدراو دەلکێنرێت و بەدوای سزا بنەڕەتییەکەیدا دێت، بەپێی یاسا، بەبێ ئەوەی پێویست بە دەق بکات لەو حوکمەدا، چونکە تەنیا بە حوکمی سزا بنەڕەتییەکە لێکەوتەی دەبێت[1]. ئەویش دوو هەیەکەمیانبێبەشکردنی حوکمدراو لە هەندێک ماف و جیاکاریدا[2] و دووەمیانچاودێریی پۆلیس. جۆری یەکەم ئەوەیە، کە بەر حوکمدراو بکەوێت لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، چونکە چاودێریی پۆلیس، وەکوو سزایەکی بە دواداهاتوو دیاریکراوە بە چەند تاوانێکی تاوانکارانە، کە دەقی ماددەی (٩٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو دەیگرێتەوە.

---

(١) المادة (٩٥) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

(٢) المادة (٩٦) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

سزای بێبەشکردنی ئەنجامدەری تاوان لە هەندێک ماف و جیاکاری دا، تەنیا ئەوکاتە دەیگرێتەوە، کە بە لەسێدارەدان، یان زیندانی هەتاهەتایی، یان کاتی حومکدرابێت و ئەو سزایانە بە دوای حوکمی زیندایی، یان کاتی دێن بە پێی یاسا و لە ڕۆژی دەرچوونیەوە، تا ڕێکەوتی جێبەجێکردنی سزایەکە، یان نەمانی بە هەر هۆیەکی دیکە بێت، کە ئەوانیش بێبەشکردنی حوکمدراوە لە مولکەکانی، یان دەستکاریکردنیان بەبێ ڕێگەپێدان، یان مۆڵەتی دادگای باری کەسی، یان دادگای کەلوپەلە کەسییەکان. ئەوجا دادگای ناوبراو لە سەر داواکەی، یان لەسەر داوای داواکاری گشتی، یان هەر کەسێکی، کە بەرژەوەندییەکی لەو باریەوە هەبێت، یەکێک وەکوو سەرپەرشتیار (قیم) دادەنێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری مولکەکانی[1] هەرچی ئەوەی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، ئەویش بێبەشدەکرێت لە هەموو ئەو ماف و جیاکارییانەی، کە لە ناو دەقی ماددەی (٩٦)، (٩٧) لە یاسای سزاداندا هاتووە، بێجگە لە وەصی و وەقف[2].

دووەم/ سزا تەواوکەرەکانسزا تەواوکەرەکان جۆرێکن لە جۆرەکانی سزا تاوانییەکان، کە دادوەری تاوانی دەریدەکات، سەرباری سزا بنەڕەتییەکە. سزای تەواوکاری بریتیە لە سزای دووەمی، کە یاسادانەر بڕیاری لە سەر داوە، بە مەبەستی

---

(١) المادة (٩٧) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

(٢) المادة (٩٨) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

دابینکردنی سزای تەواو بۆ تاوانەکە. لە بەر ئەم هۆیە، سزای تەواوکاری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە تاوانەکە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بە سزایە بنەڕەتییەکەی. بەڵام ئەوە ناسەپێنرێت تەنیا مەگەر حوکمێکی سزایی هەبێت، کە لە دادگایەکی تایبەتمەندەوە دەرچووبێت و دەقی حوکمەکە بیگرێتەوە[1]

دەستبەرادا گرتن و بڵاوکردنەوەی حوکمەکە بە گرنگترینی سزا تەواوکەرەکان دادەنرێن، چونکە دەستبەسەرداگرتن لە بواری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا، خۆی دەنوێنێت لە دەستبەسەرداگرتنی ئەو کەلوپەلانەی، کە لە تاوانەکەدا بەکارهاتوون. هەرچی سزای بڵاوکردنەوەی ئەو حوکمەیە، کە بە تۆمەتبارکردن دەرچووە، بە سزایەکی تەواوکاری دادەنرێت، کە دەقی یاسای سزادانی عێراقی لە سەرە لە ماددەی (١١٢) و دەکرێت سوودی لێ ببینرێت، بەوەی کە سزایەکی تەواوکارییە لە ناو چوارچێوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا، چونکە دادگا بۆی هەیە لە خۆیەوە، یان لە سەر داوای داواکاری گشتی فەرمان بکات بە بڵاوکردنەوەی ئەو حوکمەی، کە بە تۆمەتبارکردن دەرچووە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە یەک ڕۆژنامە، یان پتر لە سەر خەرجیی حوکمدراو. هیچ ڕێکارێکی ئەوەندە بە ئازارتر بۆ حوکمدراو نییە، لەوەی کە حوکمدانەکەی بگاتە ناو جەماوەر، بە تایبەتیش ئەگەر

---

(١) المواد (٩٠٠-١٠٢) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

کەسایەتیەکی واتایی بێت، ئەوا تووندتر و دڵڕەقانەتر دەبێت بۆی لە سزا بنەڕەتییەکە، چونکە ئەو سزایە ناوبانگ خراپکردنی بۆ حوکمدراو تێدایە، بە تایبەتیش ئەو سزایە ئەگەر لە بواری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بێت و خۆی وا دەنوێنێت، کە گەڕاندنەوەی پێگە و ڕێزە (اعتبارە) بۆ پیرۆزکارانی سیمبوڵەکەی، کە ئەو دەستدرێژیەی لێ کراوە.

جێی ئاماژەیە، کە یاسادانەری عێراقی سزای تەواوکاریی تایبەت دانەناوە بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، بەڵکوو ئەو سزایانە بە پێی ڕێسا گشتییەکان دەبن.

سێیەم / بارە تووندکراوەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانباری تووندکراو بەوە پێناسە دەکرێت، کە ئەو بارانەن، کە یاسای دیاریان دەکات و پەیوەستن بە تاوانەکە، یان بە تاوانکار بۆ ئەوپەڕی پلەی تووندی سزایەکە، کە وا دەگەیەنێت ئەو تاوانە چەند گەورەیە بۆ سەر بەرژەوەندییە پارێزراوەکان و لە مەترسییەکانی ئەنجامدەرەکە پتر نیشاندەدات، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پێویست بکات سزایەکە تووندتر بکرێت بۆ دانانی سنوورێک، کە یاسا بۆ تاوانەکەی دادەنێت[1].

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لەو تاوانە مەترسیدارانەن بۆ سەر کۆمەڵگا، لە بەر ئەوەی لێکەوتەی بازنە

---

(١) د. علي حسين خلف و د. سلطان الشاوي، المبادىء العامة لقانون العقوبات القسم العام، المرجع السابق، ص٢٤٤.

فراوانیان دەبێت. هەروەها ئەو تاوانە خۆیەتییەکی تایبەتی هەیە، لەوەی کە بەندە بە ئەنجامدەری تاوانەکە، یان بەسروشتەکەی، چ لە لایەنی جێگاییەوە بێ، یان لایەنی کاتی، یان لە لایەنی ئەو هۆیەی، کە بەکارهێناوە. بۆیە ئەو کارە پێویست بەوە دەکات بە پێی پێداویستییەکانی دادپەروەریی تاوانی، سزایەکە توند بکرێت. لە بەر ئەوە پێویست دەکات ئەو بارانە رابگەیەنرێن لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە پێی ئەوەی خوارەوە:

١- باری جێگەییی تۆندکراو لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانسیمبوڵە ئایینیەکان شێوەیەکی تۆندتر وەردەگرن لە جێگەی دیاریکراودا، کاتێک، کە ئەو جێگایە لە بنەڕەتدا تاوانە و سزای لە سەرە بە شێوەیەکی سەربەخۆ، نەک وەکوو بارێکی تۆندکراو. لە لایەکی دیکەوە سیمبوڵە ئایینیەکان، یان شوێنەکانی خوداپەرستی بە باری تۆندکراو دادەنرێن بۆ زۆر لە تاوانان، وەکوو ئەوەی لە تاوانی دزین دایە. دانایش لە تۆندکردنی سەبارەت بە شوێنەکانی خوداپەرستی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە پیرۆزی و ڕێزێکیان هەیە، کە نابێت ببەزێنرێن بە ئەنجامدانی تاوان تێیاندا. هەروەها چوونە ژوورەوەی تاک لەو شوێنانە لە دڵ و دەروونی خەڵک جۆرە دڵنیاییەک دەبەخشێت، لەگەڵ بڕوابوون، چونکە پەیوەندی بەو ئەرکە ئایینیانەوە هەیە، کە لە ناو ئەو شوێنانەدا بەڕێوەدەچن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، بە لایەنی گیانی و واتایی لە ژیانی مرۆڤدا.

بۆیە زۆر سروشتییە، کە ئەو تاوانکارەی لەو شوێنانە تاوان ئەنجامدەدات، بە تونـدترین شێوە سزا بـدرێت[1]. لە بەر ئەوەی بـارە جێگەییەکـانی پەیوەسـت بە خوداپەرسـتی و شـوێنە پیرۆزەکان، بـاری تونـدکراون سـەبارەت بە تاوانەکـانی دیـکەش، بەڵام حـوکمی ئەوە چـیە بـۆ ئەنجامـدانی تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان لە نـاو ئەو شـوێنە پیـرۆزانەدا. ئایـا ئەو شـوێنانە بە بـاری تونـدکراو دادەنـرێن؟ وەڵام بـۆ ئەو پرسـیارە دەبێت بڵێینکە بەرکەوتـن بە سـیمبوڵە ئایینیە جێگەییەکـان، واتە؛ ئەنجامـدانی هەنـدێک ڕەفتـار، بە جۆرێـک لە تـاوانی ناوزڕانـدنی سیمبوڵە ئایینیەکان دادەنرێت بە شێوەیەکی سـەربەخۆ. هەرچی سەبارەت بە تاوانی ناوزڕاندنە، ئەوا ڕوودانی تـاوانی ناوزڕانـدنی سیمبوڵە ئایینیەکانی دیکەی، وەکوو سیمبوڵەی کەسی و کتێب و هـی دیـکە لەو سـیمبوڵانەی مـایەی پیـرۆزی و بەرز ڕاگـرتنن، لە لایەن تـــایەفەیەکی ئـــایینی دیـــاریکراو، لە نـــاو شـــوێنەکانی خواپەرســـتی لەو شـــوێنانەدا، ئەوا دەبێـــت وا دابنـــرێن و لە پێداویسـتییەکانی دادپەروەریـش ئەوەیە، کە سـزایەکە تونـدتر بکرێـت لە سـەر ئەو تـاوانە، کاتێـک کە لە نـاو ئەو شـوێنانە ئەنجامـدەدرێت. کێشـەی ئەو گریمـانەیە، نەک بە دەربڕینەکـانی، بەڵکوو تا چەند یاسادانەر لەگەڵی دەبێت لە یاسای سزادان، یـان لە ڕێسـاکانی سـزایی تایبەتدا، چـونکە وەکوو زانیمـان، کە بـارە

---

(١) د. صباح عريس، الظروف المشددة للعقوبة، ط٢، المغرب للطباعة والتصميم، بغداد، ٢٠٠٢، ص٦٧٣.

تۆندکراوەکە دەچێتە ژێر باری پرەنسیپی ڕەوایەتیی سزایی، واتە؛ هیچ باڕێکی تۆندکراو نییە بەبێ دەقی یاسایی.

بۆ لێکۆڵینەوە لەو گریمانەیە پێویست دەکات هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی ڕوونکەینەوە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لە باری جێگەییی تۆندکراو لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی (٣٧٢) لە یاسای سزادان، کە بەندە بەو تاوانانەی، کە بەر هەستی ئایینی دەکەون، ئەوا یاسادانەر ناوی باڕێکی تۆندکراوی تایبەتی نەهێناوە و پشتی بە باری جێگەییش نەبەستاوە لە پێناو تۆندترکردن، بەڵکوو کێشەکەی تۆندکردنی سزای بۆ دەسەڵاتی خەملاندنی دادوەر بەجێهێشتووە کاتێک، کە دەقی لە سەر سزای بەندکردن هێناوە بەوەی لە سێ ساڵان پتر نەبێت یان پێبژاردن بێت.

٢- باری کەسیی پەیوەست بە سیفەتی تۆندکردن لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

ئەو بارانە لێکەوتەکانیان دەچێت بۆ گونجاندنی یاسایی بۆ تاوانەکەکە، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕانی وەسفەکەی بەشێوەیەک، کە لە تۆندیی تاوانەکە پتر دەکات و لەمەشەوە تۆندیی سزایەکەی، چونکە یاسادانەری عێراقی سزایەکی تۆندی دیاریکراوی بۆ دادەنێت. ئەو بارانەش، وەکوو توخمێکی

بنچینەیی دەبن لە نموونە یاساییەکەی تاوانەکە، چونکە ئەوەی دوایی بیرۆکەکەی لە ئاست سنووری دانانی ڕووداوە دیاریکراوەکە ناوەستێت، بەوەی کە تاوانە، بەڵکوو لەبنەڕەتدا بریتییە لە سەپاندنی دەقێکی دیاریکراو بە سەر ئەو ڕووداوە تاوانکارییە. واتە؛ سەلماندنی وەسفی یاسایی بۆ تاوانەکە. لە بەر ئەوە ئەگەر لە تاوانەکەدا باڕێک هەبوو، کە وەسفە یاساییەکەی دەگۆڕی و دەیکردە ئەوەی بکەوێتە ژێر دەقێکی سزایی دیکە[1].

چونکە سیفەت لە هەندێک کاتدا بە مەرجێکی بنچینەیی دادەنرێت بۆ تۆندکردنی سزا، لە بەر گرنگییە گەورەکەی ئەو وەسفەی، کە دەچێتە ناو تاوانەکەوە. لەمەوە شوێنێکی گەورە داگیردەکات لە ڕێسا تاوانکارییەکە و تۆندکردنی سزایەکە دەسەپێنێت، هەر وەکوو ئەوەی لە باری (بەکارهێنانی سیفەتی فەرمانبەرێتی دا). چونکە تێگەیشتنەکانی ئەو دەقانەی، کە ئەو سیفەتە تاوتوێدەکەن، واتە؛ دەرچوونی سیفەتە فەرمانبەرێتیەکەی تاوانکارەکە لە نموونەی تاوانەکەدا. ئەو سیفەتە نابێتە کۆڵەگەیەک لە تاوانەکە، بەڵام تەنیا بە باڕێکی تۆندکراو دادەنرێت. لەو بارەیەوە سیفەتی فەرمانبەرێتی لەو بارانەیە، کە دەکەوێتە ناو قۆناغی جێبەجێکردنی تاوانەکە، ئەوەش بیرۆکەی

---

(١) د. عادل يوسف الشكري، فن صياغة النص العقابي، ط١، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٧، ص٤٤٧.

هاوسەردەمی دەوروووژێنێت لە کردەوەی بەکارهێنانی سیفەتە فەرمانبەرێتیەکەی[1].

سیفەتی تاوانکار گرنگییەکی گەورەی دەبێت لە بواری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، چونکە ئەو کەسانە ئەنجامیدەدەن، کە سیفەتێکی تایبەتییان هەیە لەو ڕووەوە، وەکوو ئەوەی لە باری پیاوانی ئایینی دایە، یان سیفەتێکی گشتییان هەیە، هەر وەکوو لە باری فەرمانبەر، یان کارمەندا بن. سیاسەتی سزادانەکە جیاوازیی هەیە، لە نێوان یاسادانەری عێراقی و میسری و ئیماراتی، لەوەی کە پەیوەستە بەو جۆرە بارە، ئەویش بەو شێوەیەی خوارەوە:

أ- هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لە باری سیفەتی تاوانکاری تونددکراو لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانهەروەها یاسادانەری عێراقی دەقی نەهێناوە لە سەر باری کەسیی تونددکراوی تایبەت بە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، لەو ماددانەی، کە تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی لەخۆدەگرن لە یاسای سزادانداا، لە کاتێکدا دەقی گشتی هەیە، دەتوٕانرێت پشتیان پێ ببەستریت بۆ تونددکردنی سزایەکە لە سەر بناغەی سیفەتی تاوانکار، کە دەبینین یاسادانەری عێراقی

---

(١) علاء ياسر حسين، احكام الصفة في القاعدة الجنائية، اطروحة دكتوراه، جامعة كربلاء، كلية القانون، ٢٠٢١، ص٢٣٦.

سیفەتی فەرمانبەرێتی، یان پێگەیەکی یاسایی، یان بڕوابوونی بەوە داناوە، کە باریکی توندکراوە لە سزادانداو[1].

دەکرێت، پشت بەو بارانە ببەسترێت لە پێناو توندترکردنی سزایەکە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، هەروەک ئەوەی کەسێکی فەرمانبەر دەستدرێژی بکاتە سەر سیمبوڵە ئایینیەکان، یان کەسێک کە لە شوێنە پیرۆزەکاندا کاردەکات، وەک ئەوەی پیاوی ئایینی بێت. جێی ئاماژەیە، کە یاسادانەری عێراقی ئاماژەی بۆ سیفەتی پیاوی ئایینی نەکردووە، وەکوو باریکی توندکراو. ئەمەش بە کورتهێنان لە یاسا دادەنرێت و پێویستە چارەسەربکرێت لە پێناو پاراستنی گفتوگۆ ئایینیە زانستییەکان لە تونڕەوی و بەرنەکەوتنی بە سیمبوڵە ئایینیەکان بە بیانووی گفتوگۆی ئایینی.

٣- هەڵچوونی گشتی، وەکوو باریکی توندکراو لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

هەڵچوونی گشتی ئەو کارەسات و کووکە و جەنگانەن، کە بە باریک دادەنرێن سەبارەت بەو تاوانانەی، کە لەو بارانەدا ئەنجامدەدرێن، لە بەر ئەوەی کۆمەڵگا لەو بارەدا بە دۆخێکی پشێوی و دڵڕەقیی نێوان بەشەکانی وەچەکانی میللەتەکەدا دەڕۆن. لەو کاتەدا تاوانکار لە جیاتی ئەوەی بەشداریبکات لە سووککردنی باری سەرشانی کۆمەڵگا، دەچێت سەرقاڵبوونی

---

(١) ماددەی ١٣٥ من قانون عقوبات العراقية النافذ.

خەڵک دەقۆزێتەوە بۆ ئەنجامدانی تاوان بە ئاسانی. ئەمانە هەمووی بە مەترسیدارییەکی گەورەی تاوانکار دادەنرێن لەگەڵ درندەیی و دڵڕەقیی و گاڵتەکردن بە هەست و نەستی خەڵک، کە لەمەوە وا پێویست دەکات بە تونـدی وەربگیرێت لە میانەی تووندکردنی سزایەکەی.

یاسادانەری عێراقی لەو ماددەیەی، کە تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی تێدایە، کە ماددەی (٣٧٢)ـە، ئاماژەی بۆ باری هەڵچوونی گشتی نەکردووە، چ کارەسات بێت، یان کووکە، یان جەنگ. هەروەها یاسادانەری عێراقی دەقی لەسەر ئەو بارە نەهێناوە لەو ماددانەی، کە باری تووندکردنی لەخۆگرتووە. ئێمە وای دەبینین، ئەوەش کورتهێنانێکی یاسادانانی گەورەیە، کە پێویستە چارسەربکرێت، چونکە لەو کاتانە دەبێتە هۆی تێکچوونی پتری دۆخەکە و لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی کووکەیەکی تایەفی گەورە و لەوەشەوە ببێتە جەنگێکی ناوخۆیی.

لەوەی پێشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە یاسادانەری عێراقی باری تووندکراوی تەواوی بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دانەناوە و هەروەها بارە تووندکراوە گشتییەکان زۆربەیان بە سەر ئەو تاوانە جێبەجێنابن بە هۆی سروشتە تایبەتەکەیان.

باسی دووەم

حوکمە ڕێکاری و خۆپارێزییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان

ڕێکارە تاوانییەکان لە هەر تاوانێکدا بن، بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسای سزایی، کە یاسادانەر داینـاون لە سەر شێوەی دەقی یاسایی، کە هەموو ئەوانە پابەندەکات کە قسەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوجا چ ئەوی قسەی لەگەڵ دەکات دەسەڵات بێت، یان داموددەزگای دیاریکراو بێت، چونکە ئەو ڕێسایانە، یان ئەو ڕێکارانە ئەوانەن، کە دەبنە هۆی کاراکردنی لێکەوتە سزاییەکانی (سزایەکان) و کارکردن بە حوکمەکانی و گەیاندنیان بە بواری جێبەجێکردن[1]. ئەو ڕێکارانە دوای جوولانـدنی داوا سزاییەکە دەستپێدەکەن، چونکە یاساکانی ڕێکارییە سزاییە جیاوازەکان و لەوانەش یاسای عێراقی لە یاسای چۆنیەتیی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراودا، حوکمی تایبەتیی هێناوەتەوە بە جوولانـدنی داوایەکە و ئەو هۆیانەشی

---

(١) د. براء منذر كمال عبداللطيف، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، ط٥، مطبعة يادكار، السليمانية، ٢٠١٦، ص٥-٨.

دیـــاریکردووه، که پێیـــانەوە دەجوولێنرێـــت. هەروەهـــا ئەو لایەنانەشـــی دیـــاریکردووه، که سەرپشـــکن له جوولانـــدنی ئەو داوایانه و ئەو لایەنانەش که له پێشیدا دەجوولێنرێت، لەگەڵ ئەو کۆتوبەندانەی، که دەسەپێنرێن به سەر ئەو جوولاندنه[1]. تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵه ئایینیەکان بەو تاوانانه دادەنرێن، که دەبنه هۆی نانەوەی پشێوی له ئاسایشی کۆمەڵگادا. لەمەوە پێویستیی به حوکمی ڕێکاری دەبێت، که لەگەڵ مەترسیداری و سروشتی ئەو تـاوانەدا بگونجێت. هەروەهـا تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵه ئایینیەکان پێویستیی به ڕێکاری خۆپارێزی هەیه، چ یاسایی بێت، یان له دەرەوەی یاسا و چ له سەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت، یان له سەر ئاستی نیشتمانی، له پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانه و سنووردانان بۆ مەترسییەکەی، بۆیه له سەرمان پێویست بـوو، ئەو باسـه به سـەر دوو خواسـتدا دابەشـبکەین، که له خواسـتی یەکەم حـوکمه ڕێکارییەکـانی تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵه ئایینیەکـان ڕووندەکەینەوە و له خواسـتی دووەمیشـدا حـوکمه خۆپارێزییەکـانی تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵه ئایینیەکـان ڕووندەکەینەوە:

---

(١) المادة من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لعام ١٩٧١ المعدل.

خواستی یەکەم

حوکمە ڕێکارییەکانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

لەو مەبەستەدا ئەو ڕێکارانە وەردەگرین، کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەچنە ژێربارییەوە، هەر لە دەستپێکردنی شکایەتەکەوە، تا دادگاییکردن. بۆ ئەوەی شارەزای پێداویستییەکانی ئەو خواستە بین، ئەوا دابەشیدەکەینە سەر دوو لق. لە لقی یەکەمدا ڕێکارەکانی داوای سزایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان وەردەگرین و لە لقی دووەمیشدا ڕێگاکانی سەلماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان وەردەگرین.

لقی یەکەم
ڕێکارەکانی داوای سزایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا

مەبەست لە ڕێکارە سزاییەکان ئەو حوکمانەن، کە پەیوەستن بە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی، کە ڕاسپێردراون بۆ دۆزینەوە و گەڕان بە دوای ئەنجامدەرانی تاوانەکان و دادگاییکردنیان و دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی، کە بێگوناهیان لێ دەسەلمێنرێت،[1] یان ئەو ڕێسا سزاییانەن، کە بایەخ بە بەجێگەیاندنی دادپەروەریی دادگا دەدەن و ئەو ڕێگایانە ڕوونەدەکەنەوە، کە دامودەزگاکانی دادپەروەریی سزایی تایبەت دەیانگرێتە بەر بۆ دۆزینەوەی تاوانەکە و ئەنجامدەرانی، لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا و پاشان گواستنەوەیان بۆ دادگای تایبەت بە دەرکردنی حوکمدانیان و جێبەجێکردنی[2].

لەو بوارەدا گرنگترین ڕێسایەکانی سروشتی ڕێکاری وەردەگرین، ئەوانەی کە حوکم لە سەر تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەدەن لە ڕووی جوولاندنی داوای سزایی و

---

(١) د. ضاري خليل محمود، مجموعة قوانين الاجراءات الجنائية العربية (الاصول العامة)، ج١، المكتب العربي لمكافحة الجريمة، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٨٤، ص٣.

(٢) د. حمودي الجاسم، اصول المحامات الجزائية، ج١، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٦٢، ص١٩.

هەروەها لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن، ئەویش بەو شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ جوولاندنی داوای سزایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکانداوای سزایی ئەو ڕێگایەیە، کە لێیەوە کۆمەڵگا دەتوانێت لێپێچینەوە لە بکەری تاوانبکات، ئەوەی کە ئاسایش و سەلامەتیی تێکداوە و بەرژەوەندییە بالاکانی خستۆتە مەترسییەوە[1]. داوای سزایی بە پێی ئەو تێگەیشتنەی پێشوو، دەکەوێتە ژێرباری چۆنیەتیی جوولاندنی بۆ ڕێکخستنی یاسایی، چونکە ماددەی یەکەم لە یاسای چۆنیەتی دادگاییکردنی سزایی عێراقی دەقەکەی دەڵێت (جوولاندنی داوای سزایی بە شکایەتکردنێکی زارەکی، یان بەنووسراو بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە، یان لێکۆڵەر، یان هەر بەرپرسێک لە بنکەی پۆلیس، یان لە ئەندامانی بەرزەفتی دادگایی، یان بە هەواڵێک لە لایەن زیانلێکەوتوو بە هۆی تاوانەکەوە، یان ئەوەی لە جێی ئەودایە، بە پێی یاسا، یان هەر کەسێک، کە بە ڕوودانەکەی زانیووە، یان بە هەواڵێک، کە پێشکەشی داواکاری گشتی بکرێت، ئەگەر یاسا دەقی پێچەوانەی ئەوانەی نەهێنابێت. دەکرێت، شکایەتەکە

---

(١) د. عبدالامير العكيلي، اصول الاجراءات الجنائية في اصول المحاكمات الجزائية، ج١، ط١، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٥، ص٥٢.

پێشکەشبکرێت، لە بارەی بەچاودێتنی تاوانەکە بۆ ئەو کەسەی، کە ئامادەبووە، بە ئەفسەرانی پۆلیس و ڕێگەپێدراوەکان) [1].

لە دەقی ئەو ماددەیەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە، کە یاسادانەر ڕێگەی خۆشکردووە بۆ تاک، یان ئەوەی بە پێی یاسا دەبێتە نوێنەری، یان هەر کەسێک، کە بینیبی، یان بیستبی، کە تاوانێک ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەی داوایەکی سزایی لە سەر بجوولێنێت[2] بەڵام ئەو مافە یاسادانەر لە هەندێ باردا کۆتی لە سەر داناوە بەوەی، کە پێویست بە دەرکردنی شکایەتێک، یان مۆڵەتێک، یان داوایەک دەکات لەو کەسانەی، کە یاسا دیاریکردوون[3].

لە بەر خۆیەتیی ڕێکارەکانی داوای سزایی لە ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و بەهۆی تایبەتمەندییەکەی، پێویستە شکایەتەکە ڕابگەیەنرێت لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، کە تێیدا شکایەتەکە بەوە پێناسە دەکرێت، کە (ئەو ڕێکارەیە، کە تاوانلێکراو دەستپێدەکات، یان نمایندەی تایبەتیی تێیدا داوای جووڵاندنی داوای سزایی دەکات دژی ئەنجامدەری

---

(١) ماددەی لەیاسای چۆنیەتی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو و هەروەها دەقی ماددەی لێی دەڵێ (ناکرێ داوا ڕابگیرێ یان کۆسپ بخرێتە بەر بەڕێوەچوونی یان لێی پاشگەزبێتەوە یان لەو حوکمەی کە تێیدا دەرچووە یان جێبەجێکردنی ڕابگرێ، تەنیا لەو بارانەدا نەبێ کە لەیاساکەدا ڕوون کراونەتەوە).

(٢) د. نوال طارق العبيدي، الجرائم الماسة بحرية التعبير عن الفكر، مرجع سابق، ص٧٨.

(٣) عبدالامير العكيلي، د. سليم حربة، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، ج١، المرجع السابق، ص٢٥.

تـــاوانەکە) [1] . هەروەهـــا بەوەش پێناســـە دەکرێـــت، کە (ئەو مەزڵوومەیە، کە زیانلێکەوتوو بەرزی دەکاتەوە، یان تاوانلێکراو لە تاوانێک بە شێوەیەکی زارەکی، یان بە نووسین، بۆ لایەنی تایبەت و تێیدا داوای وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی دەکات دژی ئەنجامدەری تاوانەکە) [2] .

بە پشـــت بەســـتن بەو ڕێســـا گشـــتییانەی، کە حـــوکمی پێشکەشکردنی شکایەتی سزایی دەکەن، تاوانلێکراو، یان کەسی زیـانلێکەوتوو لە تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان ئەو کەسەیە، کە مافی پێشکەشکردنی شکایەتی هەیە، ئەوەش چونکە قوربانییانی ئەو ناوزڕاندنە ئەو کەسانەن، کە لە هەموو کەسێک باشـتر ڕووداوەکە دەزانـن و لە سـەری پێویسـت دەکـات، کە بە ئازادی بڕیاربدات، ئەگەر ویستی شکایەت بکات، یان نا، چونکە وەکـوو زانیمـان سـیمبوڵە ئایینیەکـان پێگەیەکیـان هەیە لە لایەن باوەڕدارانیانداا، بە جۆرێک کە دەستدرێژی کردنە سەریان دەبێتە هـۆی بەرکەوتـن بە بیروبـاوەڕی هـی دیـکە و لەمەوە زیـانێکی واتاییـان دەکەوێـتە سـەر و دەستدرێژیشـە بـۆ سـەر ئـازادیی بیـروڕایەک، کە یاسـا دەیپارێزێت، ئەوەی کە لەو دەستدرێژیەوە پەیدابووە جوولاندنی داوایەکی سزاییە بە ڕێگەی شکایەتکردن. هەروەها یاسای سزایی ڕێی داوەتە نوێنەرانی زیانلێکەوتووەکە

---

(١) د. وعدي سليمان المزوري، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، مكتبة تبايي، اربيل، ٢٠١٩، ص١٢.

(٢) القاضـي موفـق حميـد البيـاتي، المـوجز المبسـط فـي شـرح قـانون اصـول المحاكماتالجزائية، زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨، ص١٤.

شـــکایەتێک بەرزبـــکەنەوە لە بەرژەوەنـــدیی ئەو، ئەگەر شـــتێک هەبێت ڕێ لە زیـانلێکەوتوو بگرێـت، کە ڕوو لە دادگـای سـزایی بکات، وەکوو ئەوەی شیاویی نەبێت بۆ شکایەتکردن[1].

لە بەر ئەوەی لەوانەیە سیمبوڵە ئایینیەکان کەسانێک بن، یـان جێگا، یان سیمبوڵ، یان دەکرێت، شتێکی ماددی بن، یـان واتـایی، کە ئەویـش، شـتێکە کە بەهـایەکی واتـایی گرنگـی هەیە لە لای تاکەکانی ئایینی میللەتێک. ئەوە هەر سیمبوڵێکە کە مـایەی ڕێز و پیرۆزڕاگـرتنە لە لای وەچەکـانی میللەتێـک، یـان کۆمەڵێـک لە خەڵک. ئەوە یاسادانەری عێراقییە، کە دەستدرێژی بە ئاشکرا و بریندارکەر بۆ سـەر هەستی ئایینی بە تـاوان دادەنێت، بـۆیە لە سەریشی پێویستە، کە نیشانەکانی ئەو هەستە ڕوونبکاتەوە، کە بەرکەوتنـی دەبێـتە هـۆی تاوانێـک، کە شـایانی سـزایە. لە بەر ئەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لەوانەیە بوەستێتە سـەر کردەوەی مـاددی، کە نـاوەڕۆکێکی دەروونیـی هەبێت، ئەوا بەو مافە پارێزراوەوە، لە ڕێی یاساوە، زیـانی مـاددی دەلکێنرێت، کە ڕووکـــارێکی دەرەکـــی بەرجەســـتەی هەیە، کە ئەویـــش ئەنجامەکەیەتی، ئەوجـا چ ئەو زیـانە بەر کەسـەکان بکەوێت یـان شتەکان[2].

---

(١) بۆ بەراوردکـردن بڕوانەمـاددەی یەکەم لەیاسـای ڕێکـارە سـزاییەکانی میسـری ژمـارە (١٥٠)ی سالّی ١٩٥٠.

(٢) د. ضـاري خليـل محمـود، مجموعـة قـوانين الاجـراءات الجنائيـة العربيـة (الاصـول العامة)، مرجع سابق، ص٨-١٠.

هەروەها بۆ لایەنە کارگێڕییە گشتییەکان هەیە، کە داوای سزایی بجووڵێنن، چونکە یاسادانەری عێراقی ئەو مافەی بەخشیووە بە زۆر لایەنی کارگێڕیی، هەر وەک لە باری یاسای بارزگانی و هەناردەکردن بۆ دەرەوە و باج و یاسای ئاودان و ڕاوکردنی زیندەوەرە ئاوییەکان و هی دیکەش لە یاساکانی دیکەدا[1] کە بۆ لایەنە کارگێڕییە تایبەتمەندەکان هەیە، کە داوای سزایی بەرزکەنەوە لە سەر ئەنجامدەری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، ئەوانیش ئەو دەستە کارگێڕییانەن، کە لە عەتەباتی پیرۆزدا هەن. جووڵاندنی داوای سزایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە پێی ڕێسا گشتییەکان هیچ جیاوازییەکی لە عێراقدا نییە لەگەڵ میسر و ئیمارات، کە بە نزیکی، دەستپێکردنی داوای سزایی، وەکوو یەکن.

جێی ئاماژەیە، کە بنەڕەت ئەوەیە، کە داواکاری گشتی ئەو لایەنە تایبەتییەیە، کە لە بنچینەدا داوای سزایی دەجووڵێنێت و دەستی پێدەکات لە هەموو تاوانەکانی، کە دەچنە ژێر تایبەتمەندیی دادگا قەزاییەکان، ئەوجا چ دادگای ئاسایی بن، یان لایەنی کارگێڕیی ڕێگەپێدراوی دەسەڵاتی سزایی بن. ئەوەش بەو واتایەی، کە داواکاری گشتی نمایندەی دەوڵەت و کۆمەڵگایە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی دادپەروەری. ئەگەر یاسادانەر داوای نەکردبوو داوای سزایی بجووڵێنرێت لە

---

(١) د. عبدالسلام مقلد، الجرائم المعلقة على شكوى والقواعد الاجرائية الخاصة بها، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٩، ص١٨.

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، پێویستە شکایەت لە لایەن تاوانلێکراوەوە، یان زیان لێکەوتووەوە بێت، یان لە سەر داوایەک، یان مۆڵەتی لایەنێکی کارگێڕیەوە بێت. ئەوکاتە مافی داواکار لە جووڵاندنی، هیچ لێپێیەکی تێدا نابێت، چونکە ئەو دەسەڵاتەیە، کە جووڵاندنی داوای سزایی پێ سپێردراوە، وەکوو ڕێسایەکی گشتی و مافی ئەوەی هەیە، دەستێپێبکا لە پێش دادگای سزاییدا[1].

لەوەدا دەبینین، لە سەر داواکاری گشتییە کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت لە جووڵاندنی داوای سزایی سەبارەت بە تاوانەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، چونکە ئەو بە حوکمی سروشتە پەیوەستەکەی بە سیستەمی گشتی و ئاسایشی ناوخۆی کۆمەڵ. چونکە زۆربەی دەستدرێژییەکانی، کە بۆ سەر ئایین و بیروباوەڕ و ئەنجامدانی ئەرکی ئایینی و سیمبوڵە ئایینە پیرۆزەکان دەکرێتن، داوای سزایی تێیاندا ناجووڵێنرێت، بە هۆی ئەو بارەی، کە دەوڵەت پێیدا تێدەپەڕێت لە باری ئاسایشی خراپ و ترسان لە لەناوبردن و کوشتن، ئەگەر لە لایەن کەسانێکەوە جووڵێنرا و هەر ئەوەشە هۆی کەمی بڕیارە دادگاییەکان، یان هەر نەبوونیان لەو تاوانانەدا. نموونەش بۆ ئەوە ئەوەیە، کە ئەگەر یەکێک هەستا بە دنەدانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر سیمبوڵە ئایینیەکان، یان جوێندان بە

---

(1) عبدالامير العكيلي و د. سليم حربة، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، ج1، مطبعة اياد الفنية، بغداد، 1987، ص24.

سیمبولّه ئایینیەکان، ئەوا بۆ نوێنەری داواکاری گشتی هەیە، کە داوایەکی سزایی لە سەر بجوولێنێت لە دادگادا، ئەویش دوای ئەوەی هەواڵی پێدەدرێت لەو بارەوە.

دووەم/ بەرزەفت و گەڕان و لێکۆڵینەوە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکانبەرزەفتی دادگایی بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوێک، کە وەسفی تاوانی بە سەردا بسەپێت، بۆیە بەرزەفتی دادگایی بریتییە لە سەلماندنی نیشانەکانی ڕووداوەکە، کە لە ناو نووسراوی ئامادەبوونەدا (مەحزەر) تۆماری دەکات. دەسەلاتی بەرزەفتی دادگایی بەوە لە دەسەلاتی لێکۆڵینەوە جودا دەکرێتەوە، کە ڕۆڵەکەی پێش کاری ئەو دەسەلاتە دەکەوێت لە باری ئاساییدا و ڕێ خۆش دەکات بۆ تۆمارکردنی ئەوەی دیارە لە نیشانەکانی ڕووداوە تاوانکارییە بەرزەفتکراوەکە و ئەو پەرتوبلاویانەی نێوانیان کۆدەکاتەوە، لەوەی کە ڕاگەیانراوە، بەبێ ئەوەی بچێتە ناو قوواڵایی ئەو کارانەوە، چونکە ئەو چوونە ناو قوواڵاییە لە تایبەتمەندیی دەسەلاتی لێکۆڵینەوە دایە[1].

یاسادانەری عێراقی لە یاسای چۆنیەتی دادگاییکردنی سزایی، ئەندامانی بەرزەفتی دادگاییی دیاریکردووە و تایبەتمەندیەکانیشی دەستنیشانکردووە لە ماددەی (٣٩)ی

(١) القاضي لفتة حامل العجيلي، حق السرعة في الاجراءات الجزائية، مكتبة السنهوري، بغداد، بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠١٩، ص٥٩.

یاسایەکەدا. ئەوانە لە ڕووی تایبەتمەندییان بە دەستکردن بە کاروباری بەرزەفتکردنی دادگاییەوە دەکرێتە دوو گرووپ، کە ئەوانیش:

گروپی یەکەمئەندامانی بەرزەفتی دادگایی خاوەن پسپۆڕیی گشتین سەبارەت بە گشت تاوان و ئەوانەی، کە دیاریکراون بۆ بازنەی تایبەتمەندیی جێگەیی[1].

گرووپی دووەم ئەندامانی بەرزەفتی دادگایی خاوەن پسپۆڕیی جۆریی تایبەتن سەبارەت بە تاوانە دیاریکراوەکانی پەیوەست بەو کاروبارە فەرمانبەرێتییەی، کە دەستنیشانکەن[2].

لە بەر ئەوەی ئەو تاوانە زەحمەتە بۆ خاوەن پسپۆڕیی گشتی، تا بیدۆزنەوە و بە دوای بەڵگەکانی دا بگەڕێت، لە بەر نەبوونیی شارەزایی و زانیاریی زانستی لەو بواردا، بۆیە پێمان وایە ئەو کارە بسپێردرێت بە ئەندامانی بەرزەفتی پسپۆڕ لە بواری دۆزینەوە و گەڕان بە دوای تاوانەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، کە زەحمەتیەکەی ئەو تاوانانە لە زۆر کاتدا لەوەدا دەبێت، کە تاوانی ئەلیکترۆنین و لە ڕێی سەکۆ ئەلیکترۆنییەکانەوە ئەنجامدەدرێن.

---

(١) المادة (٣٩/الفقرة ٦-٤) من قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

(٢) المادة (٣٩/الفقرة ٥) من قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

ئەرکە لە پێشینەکانی ئەندامانی بەرزەفتی دادگایی سەبارەت بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، لە ڕێی دانیشتی بەرزەفتی ڕێکخراو دەبێت، بە پێی ڕێوشوێنی بڕیارلێدراو، کە پێویستە لە سەریان ڕوونداوە ماددییەکان جێگیربکەن، لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی، کە لە دانیشتنەکەدا گرتوویانەتەبەر. یاسا تایبەتمەندەکان ڕێکارە سزاییەکانیان دیاریینەکردووە، کە چ پێویستە ئەو دانیشتنانە لە داتاکانی تێدابێت، بۆیە چارە نیە دەبێت ڕێسا گشتییەکان بسەپێنرێن، کە لە یاسای چۆنیەتی دادگاییکردنی سزاییدا، دەقیان لە سەر هاتووە. بۆیە پێویستە دانیشتنەکە شوێنی ڕێکخستنەکە و ڕێککەوت و هەروەها ناوی ڕێکخەری دانیشتنەکەشی تێدابێت، لەگەڵ ناونیشانی فەرمانبەرێتیان. هەروەها پێویستە ناوی ئەنجامدەری تاوانەکە بهێنرێت، لەگەڵ ئاکار و ناونیشانی و ئەو کەلوپەلانەی کە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکە بەکاریهێناون و جێگیرکردنی قسەکانی ئەوانەی، کە پێویستە قسەکانیان جێگیربکرێن سەبارەت بە ڕووداوەکە. لە کۆتایی دانیشتنەکەشدا هەریەک لە ڕێکخەر و ئەنجامدەری تاوانەکە واژۆی دەکەن. ئەگەر نەیکرد، ئەوا ئەویش جێگیردەکرێت[1] بەهای دانیشتنەکە

---

(١) د. فخري عبدالرزاق صلبي الحديثي، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٩، ص١٧٨ وما بعدها.

لە ڕووی سەلماندنەوە ملکەچی خەملاندنی دادوەری بابەتەکە دەبێت[1].

لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان ئەو ڕێکارانە دەگرێتەوە، کە مەبەست لێی کۆکردنەوەی بەڵگەکانن لە سەر تاوانەکە و بکەرەکەی دوای ئاڕاستەکردنی تۆمەکە. ئەوەش لە ڕێی بەکارهێنانی ئەو هەموو ڕێکارە پێویستانەوە دەبێت، کە بەرکەوتەی بە ئازادیی تۆمەتبار، یان جێی دانیشتن، یان ماڵ و مووڵکیەوە دەبێت، وەکوو پرسیارلێکردن لە تۆمەتبار، یان شاهیدەکان و داواکردنی دانانی شارەزایان و ڕێکاری پشکنین و هی دیکەی لەو پسپۆڕیانەی، کە یاسا دیاریکردوون. گرنگیی لێکۆڵینەوە لەوەدایە، کە بە سوودە بۆ دادپەروەری لە خودی خۆیەوە، چونکە لە میانەی ئەوەوە بەڵگەکانی داوایەکە دەستەدەکەون، ئەوانەی کە پشتیانپێدەبەستریت و ئەوانەش کە دوور دەخرێنەوە لە بەر لاوازی و ڕای سەرەتایی لە بارەیەوە هەڵدێنجرێت بۆ ئەوەی دادگا بتوانێت تەماشای داوایەکە بکات، دوای ئەوەی کە نیشانەکانی ڕوون بوونەوە و بەڵگەکانی دەرکەوتن، کە پاڵپشتیی ئەوە دەکەن حوکمەکەی دادگا لە سەر ڕاستی و دادپەروەری بێت، چونکە هەندێک بەڵگە ناتوانرێت بە دوایدا بگەڕێی لە کاتی دادگاییکردنەکەدا و پێویست دەکات لە کاتی هاوسەردەمی

---

(١) د. امال عبدالرحيم عثمان، شرح قانون الاجراءات الجنائية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٥، ص٣٦٥.

ئەنجامدانی تاوانەکە بەدوایدا بگەڕێی، کە ئەوەش ئەو ڕۆڵەیە، کە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەیبینێت، کە دەبێتە هۆی هێشتنەوەی کات بۆ دادگا و ئەرکەکەی. هەروەها بۆ تۆمەتباریش گارانتی دەستەبەرکردنی مافەکانی دەکات لە بەرگریکردن لەخۆی[1].

زۆربەی یاساکان لە سەر ئەوە ڕۆیشتوون، کە دەسەڵاتی تۆمەتبارکردن و لێکۆڵینەوە لێک جودا بکەنەوە، کە هەندێکیان دەسەڵاتی تۆمەتبارکردنیان داوەتە داواکاری گشتی و دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەش بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە، هەر وەکوو لە یاسای عێراقیدایە[2]، هەرچی بەشەکانی دیکەی یاسایە ئەوە ڕووەو کۆکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە چووە لە دەستی داواکاری گشتی، وەکوو ئەوەی یاسادانەری میسری کردوویەتی. هەرچی یاسادانەری عێراقییە، لەبنەڕەتدا پشتی بە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتی تۆمەتبارکردن و لێکۆڵینەوە بەستووە، چونکە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی داوەتە دادوەری لێکۆڵینەوە و ئەو لێکۆڵەرانەی، کە لە ژێر چاودێریی ئەودان و دەسەڵاتی تۆمەتبارکردنیش بۆ داواکاری گشتی. جودا لەوە، داواکاری گشتی و لایەنی دیکە ڕێگەپێدراون، کە دەستبکەن بە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە، ئەویش بە پێی بەرزەفتەکان و ئەو

---

(١) د. سعيد حسب الله عبدالله، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٠، ص١٥٣-١٥٧.

(٢) القاضي عبدالسلام موعد الاعرجي، شرح قانون اصول الماحكات الجزائية، مطبعة الكتاب، بغداد، ٢٠٢٠، ص٧٥.

سنووره‌ی، که یاسا ڕوونیکردوونه‌ته‌وه[1]. سوودی ئه‌و قسانه له بابه‌ته‌که‌مان ئه‌وه‌یه، که لێکۆڵینه‌وه له تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵه ئاییئیه‌کان له عێراق دا جیاوازه له هی میسر و ئیمارات، به پێی جوداکردنه‌وه، یان له‌گەڵ یه‌کبوونی هه‌ر دوو لایه‌نی لێکۆڵینه‌وه و تۆمه‌تبارکردن.

سه‌باره‌ت به تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵه ئاییئیه‌کانیش، ئه‌وه وه‌کوو هه‌موو تاوانه‌کانی دیکه به‌قۆناغی لێکۆڵینه‌وه‌دا تێده‌په‌ڕێت، که ده‌کرێت، به گشتی به هه‌موو جۆره به‌ڵگه‌کانی ده‌ستکه‌وتوو له داواکه، وه‌کوو دانپێدانان و شایه‌دی و دانیشتن و پشکنینی فه‌رمی و ڕاپۆرته‌کانی شاره‌زایان و ته‌کنیکاران و هاوبه‌ڵگه‌کان و هی دیکه له به‌ڵگه‌کان بسه‌لمێنرێن، ئه‌وانه‌ی که به پێی یاسا بڕیاریان لێدراوه و ده‌توانرێت له قۆناغی لێکۆڵینه‌وه‌دا پشتیانپێببه‌ستڕێت[2]. ئه‌گه‌ر لێکۆڵینه‌وه‌ی سه‌ره‌تایی ڕێ بۆ دادگا خۆش ده‌کات و ئامانجی ئه‌وه‌یه توخمه پێویسته‌کان بداته ده‌ست دادوه‌ر، ئه‌وانه‌ی که پێویستن بۆ ده‌رکردنی حوکمێکی پڕ به پێستی یاسا، ئه‌وا به‌گونجاو داده‌نرێت، که لێکۆڵینه‌وه‌که له تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵه ئاییئیه‌کاندا که‌سایه‌تیی تۆمه‌تبار و ئه‌و هۆکارانه بگرێته‌وه، که پاڵی پێوه ناون بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌و تاوانه بۆ ئه‌وه‌ی یارمه‌تیی دادوه‌ر بدات بۆ به‌کاربردنێکی دروستی

---

(١) المواد (٣) و (٥٢/فقرة ٥) من قانون اصول المحاكمات الجزائية، كذلك المادة (٥/فقرة٤) من المادة من قانون الادعاء العام العراقي رقم ٤٩ لسنة ٢٠١٧.

(٢) د. عمار تركي السعدون، الجرائم الماسة بالشعور الديني، المرجع السابق، ص١٥٠.

دەسەلاتە خەملێنەرەکەی لە دیاریکردنی سزای تاوانی، چ سزا بێ، یان ڕێکاری خۆپارێزی[1].

بۆ زانینی ئەو هۆکارەی، کە لە پشت دەستدرێژیەکەی تاوانبارەوەیە بۆ سەر سیمبولّە ئایینیەکە و لە پێناو ڕاستکردنەوەی بیروڕاکانی، بە پێویستی دەزانین، کە لێکۆڵینەوەی تاوانی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان بە ڕێگەیەک بێت، کە جیاواز بێ لە ڕێگە کلاسیکیەکەی، کە لە یاسای چۆنیەتیی دادگاییکردنی سزایی پەیڕەودەکرێت. هۆکارەکەش لەوەدا، ئەوەیە کە خۆی لەوەدا بنوێنێت، کە دادوەری لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا پێویستی بە کۆمەڵێکی گەورە لەو زانیارییانە هەیە، کە پەیوەستن بە کەسایەتیی ئەو تاوانکارانەی، کە دێنە پێشی و هەموو ئەو کارتێکردنە دەروونی و بیروباوەڕە جیاوازانەی، کە پەیوەندییان بە ئایین و ئەو کەسانەوە هەیە بزانێت، کە کار لەو بیروباوەڕانە دەکەن. لە سەر ئەوە پێویستە خوێندنەوە بۆ کەسایەتیی ئەو تاوانبارە بکرێت و ڕاپۆرتێکی گشتگیر لە سەر بارودۆخەکەی ئامادە بکرێت، وەکوو ئەوەی کە لە لێکۆڵینەوەی نەوجەواندا دەکرێت. چونکە نابێت نەوجەوان بۆ دادگا بنێردرێت تەنیا پاش ڕەوانەکردنی بۆ نووسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتییەکەی، یان ئەوەی کە پێی دەگوترێت(لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی)، کە مەبەست لێی ئامادەکردنی

---

(١) د. حسن الجوخدار، التحقيق الابتدائي في قانون اصول المحاكمات الجزائية، دار الثقافة والنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٨، ص١٩ وما بعدها.

ڕاپـۆرتێکی گشـتگیرە بـۆ حـاڵەتەکە، کە دەسـتەیەکی پسـپۆڕ دایـدەنێت و بەرزی دەکـاتەوە بـۆ دادگـای نەوجەوانـان بـۆ وەرگرتنـی ڕێکـاری گونجـاو لە دژی، کە ئەوەش بـریتیە لە ڕێکارێـک، کە پـێش دەرکردنـی حـوکمەکە دەکەوێـت. ئەو خوێندنەوەیە دەبێتە هۆی هەڵمـاڵینی ئەو هۆکارانەی، کە بـوونەتە هـۆی ئەنجامـدانی تـاوانەکە. هەروەهـا پشـکنینەکە یـارمەتی ڕوونکـردنەوەی ئەو هۆکـارانە دەدات، کە لە پشـت ئەنجامـدانی نەوجەوانەکە بـووە بـۆ تـاوانەکە، یـان وای لێکردووە، کە ڕێگـای یەکێک لە بارەکانی بەرەڵابـوون و لادان بگرێتەبەر، ئەوجـا چ ئەو هۆکـارانە بـایۆلۆجی بـن، یـان دەروونـی، یـان ژینگەیـی. ئەوە لەوانەیە یـارمەتیی خەملاندنی ئەو بـارە بـدەن، کە نەوجەوانەکە تێیکەوتووە و ئەو مەترسییەی، کە پێکیهێناوە بـۆ سـەر کەسـەکە خـۆی، یـان بـۆ سـەر کۆمەڵگـا و دوای ئەوەش هەڵێکـی تەواو بدرێتە دادوەر، یان دەستەی دادگا، کە دەسـەڵاتە خەملێنەرەکانی خۆیـان بەکـاربێنن، لە خەملاندنی ئەو مـامەڵەیە دادگـاییەی، کە شـایانیەتی و پەیڕەوکردنـی ئەو ڕێکـارە گونجـاوانەی، کە لێـی دەوەشـێنەوە، لەوانەش پێویسـتیی ڕەچـاوکردنی بەهـانە یاسـاییەکان و بـارە دادگـاییەکەی تـاوانەکە و بـڕی ئەوپەڕ و کەمترینـی و بەرەڵاکردنـی بەمەرج و ڕاگرتنـی جێبەجێکردنـی ڕێکارەکـانی، کە پێویسـتە تـاکبن لە بەرکارهێنانیانـدا، بە پێـی سـەربەخۆیی هەر نەوجەوانێـک لە ڕێگەکـانی بیرکـردنەوە و

تێڕوانیی له تاوانەکە و ئەو هۆکارانەی پاڵی پێوەناون[1] ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر، نزیک دەبێتەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان لە ڕێی دوو لاوە، کە یەکەمیان پێویستیی خوێندنەوەی کەسایەتیی ئەنجامدەری تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانە و نیشاندانی بە لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی و لای دیکەی ئەو پێویستیەیە، کە دەبێت ڕێکارەکان و دادگایەکی تایبەت هەبێت بۆ ئەنجامدەرانی تاوانەکانی بەرکەوتنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

دوای پشکنینی بەڵگەکان و ئامادەکردنیان لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەر لەو قۆناغەدا، لە سەر دادوەر پێویستە بڕیار لە سەر چارەنووسی داوا سزاییەکە بدات، بە پێی ئەو ئەنجامانەی، کە لەو لێکۆڵینەوەیەوە کەوتووەتەوە. لە هەموو بارەکاندا دادوەری لێکۆڵینەوە ئەوکاتە بڕیاری گونجاو دەدات، ئەگەر بە داخستنی داوایەکە بە شێوەیەکی کۆتایی، یان داخستنی بە شێوەیەکی کاتی و بەردانی تۆمەتبار، یان ڕەوانەکردنی تۆمەتبار بۆ دادگای تایبەتمەند. ئەوەش کاتێک، کە دەبینێت، کە کردەوەکە تاوانی ناوزڕاندنە بۆ یەکێک لە سیمبوڵە ئایینیەکان و ئەو بەڵگانەی، کە بەردەستن بۆ ڕەوانەکردنی تۆمەتبار بۆ دادگایەکی

---

(١) صبا محمد موسى الطائي، ضمانات المتهم الحدث في مرحلة المحاكمة، رسالة ماجستير، جامعة الموصل، كلية القانون، ٢٠٠٣، ص١٧١-١٧٣.

تایبەت بۆ دادگاییکردنی لە سەر ئەوەیە[1]. لە بەر ئەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان لە لایەن یاسادانەرەوە بە جۆری کەتن دانراوە[2]، بۆیە لە سەر دادوەری لێکۆڵینەوەیە بڕیاری ناردنی کێشە گرنگەکانی بدات. ئەویش بە داوایەکی کورت نەکراوە، بەڵام داوای سادە بە داوایەکی کورتکراوە ڕەوانە دەکرێت. هەموو ئەوانەش بە پێی سروشتی ئەو تاوانەیە، کە ئەنجامدراوە لەگەڵ بارودۆخی لێکۆڵینەوەکە[3].

دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان، قۆناغێکی دیکە دەستپێدەکات، ئەویش قۆناغی لێکۆڵینەوەی دادییە و ئەو لایەنەی، کە تایبەتمەندە بە تەماشاکردنی داوا سزاییەکەی پەیوەست بە تاوانی ناوزڕاندی سیمبولّە ئایینیەکە دیاریدەکرێت بە پێی جۆری تاوانەکە، وەکوو گوتمان. ئەوجا ئەگەر تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکە تاوان بوو (وەکوو لە باری تێکدانی مەزارە ئایینیەکان و هی دیکەدا)، ئەوا لە لایەن دادگای تاوانەکانەوە تەماشادەکرێت، بەڵام ئەگەر کەتن بوو، یان

---

(1) المادة (١٣٠) من قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

(2) بە پشت بەستن بەماددەی (٣٧٢) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو کە لەسەر ئەو تاوانانە سزای بە بەندکردن دلناوە بۆ ماوەیەک کە لە سێ ساڵ پتر نەبێ، بۆیە بە کەتن دادەنرێن.

(3) المادة (١٣٤/فقرة ا) من قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

سەرپێچی، ئەوا دادگای کەتن خاوەنی پسپۆڕیی جۆری دەبێت بۆ تەماشاکردنی. لە بەر ئەوەی یاسادانەری عێراقی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی بە کەتن داناوە، بۆیە پسپۆڕیی تەماشاکردن لە ڕووی داییەوە بە دادگای کەتن دیاریدەکرێت. بۆ زانین دادگای تایبەتمەند لە باری ئاساییدا پابەندی وەسفە یاساییەکە نابێت، ئەوەی کە داوایەکەی پێ ڕەوانەکراوە بۆی و نە پابەندی شێوەی ئەو داوایەش دەبێت[1].

هەرچی پەیوەندیی بە ئەنجامدانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانەوە هەیە لە دەرەوەی عێراق، ئەوا لە ڕێی جێگرەوەی داییەوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت و بەمە دەسەڵاتەکانی عێراقی، ئەگەر حەزیان کرد، دەسەڵاتێکی داییی بیانی بە بریکار دابنێن، ئەوا دەتوانن، داوایەک پێشکەشی دادگای بالا بکەن بۆ ئەوەی بەڕێگای دیپلۆماسییەوە ڕەوانەی دەسەڵاتە داییەکەی ئەو دەوڵەتە بیانیە بکرێت[2]. ئەو ڕێکارە دادگاییەی، کە لە سەر بناغەی ئەو بریکاریە بەڕێوەچوو، هەمان لێکەوتەی یاساییی دەبێت، کە ئەگەر لە ڕێی دەسەڵاتەکانی داییەوە ئەنجامدرابا. هەروەها یاسادانەری عێراقی ڕێی بە دادوەری لێکۆڵینەوە داوە، یان بە دادگایەکە، کە قسەکانی تۆماربکات، یان

---

(١) د. عمار تركي السعدون الحسيني، الجرائم الماسة بالشعور الديني، مرجع سابق، ص١٥٢-١٥٣.

(٢) المادة (٣٥٥) من قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

گەواهیی هەر کەسێکی عێراقی لە دەرەوە. داوایەکیش بە ڕێگای ئەنجوومەنی دادوەریی باڵا پێشکەشدەکرێت، کە تێیدا ئەو کاروبارانە ڕوونەدەکرێتەوە، کە پرسیاریان لە بارەوە دەکرێت. ئەو ئیفادە و گەواهییەی لە لایەن ئەوەوە تۆمارکراوە بە حوکمی ئەو ئیفادەیە، یان گەواهییەیە، کە لێکۆڵەر تۆماری کردبێت[1].

سێیەم/ دادگاییکردن لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

دوای کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و بڕوای تەواو بە دەستدەهێنێت لە لایی لایەنەکانی لێکۆڵینەوە، کە بەڵگەی تەواو هەیە بۆ ڕەوانەکردنی ئەنجامدەرانی بۆ دادگا، بەمە داوا سزاییەکە دەچێتە قۆناغی کۆتایی، کە ئەویش قۆناغی دادگاییکردنە[2].

ڕێسای گشتی ئەوەیە، کە دادگای سزایی ئاسایی، بە خۆی تەماشاکردنی داوا سزاییەکە لەئەستۆبگرێت. لایەنە تایبەتمەندیە دادیەکان دیاری دەکا بۆ تەماشاکردنی داوای سزایی بە پێی جۆری تاوانەکە، ئەگەر یاسا دەقی لەوە جیاوازی نەهێنابووەوە. دادگاییکردنەکە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێک ڕێکار، ئامانجیان

---

(١) المادة (٣٥٦) من قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

(٢) المادة (١٣٠) وفي موقع الاحالة المادة (١٣٦) من قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

پشـــــکنینی هەمـــــوو بەڵگەکـــــانی داوایەکەیە، چ ئەوانەی لە بەرژەوەنـدیی تۆمەتبـارن، یـان دژی ئەون. بەمەش هەوڵـدەدات ڕاسـتی ڕووداوەکە و یاسـاییەکە هەڵێنجێـت، پاشـان یەکلایـی بکاتەوە، چ بە تۆمەتبارکردن، بێت یان بێتاوانی[1].

بنچینە ئەوەیە، کە دادگاییەکە لە تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە شـێوەیەکی ئاشـکرا بەڕێوەبچێت و ڕێی جەمـاوەر بـدرێ ئامـادەی دانیشـتنەکان بـن، بـۆ هێنـانەدیی بەرژەوەنـدیی گشـتی. هەروەهـا دەبێـت داواکـاری گشـتی ئامادەبێـت بـۆ ڕاســـتەڕێبوونی پێکەوەنـــانی دادگـــایەکە و مەرجیشـــە بـــۆ ڕاستەڕێبوونی ڕێکارەکان ڕێگەی دژبەرەکان بدرێت ئامـادەبن، بـۆ ئەوەی بتوانرێـت گفتوگـۆ لە سـەر بەڵـگە دەسـتکەوتووەکان بکرێت. هەروەها چەند ڕێسـایەکی پێویسـت هەیە، کە بۆ گـارانتی کردنی مافی تۆمەتبار لە بەرگریکردن لەخـۆی، دەبێت پـارێزەری تۆمەتبـار ئامادەبێـت، بە تـایبەتیش لە تاوانکارییەکـان لە بەر مەترسیداریی[2].

دادگاییکردنەکە بە گرنگترین قۆناغەکانی بەڕێوەچـوونی داوا سزاییەکە دادەنرێت، کە تێیدا کارەکە یەکلادەکرێتەوە و داوایەکە

---

(١) د. براء منذر عبداللطيف، شرح قانون اصـول المحاكمـات الجزائيـة، المرجـع السـابق، ص٢٤٦ وما بعدها.

(٢) المواد (١٤٤، ١٥٢، ١٥٦، ١٥٨) من قانون اصـول المحاكمـات الجزائيـة العراقـي رقـم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل تقابلها المواد (١٥٧-١٧٦) مـن قـانون الاجـراءات الجزائيـة الاتحادي الامـاراتي رقـم (٣٨) لسـنة ٢٠٢٢. وتقابلهـا المـواد (٢٦٨-٢٧٧) مـن قـانون اصول المحاكمات الجزائية المصري رقم (١٥٠ لسنة ١٩٥٠ المعدل.

قسەی لە سەر دەکرێت و بڕیار لە سەر لایەنەکان دەدرێت، ئەویش دوای ئەوەی دادگای بابەتەکە لێکۆڵینەوەی دادیی کۆتایی بەڕێوەدەبات، کە هەموو ڕێکارەکان دەگرێتە خۆ، ئەوانەی، کە دادگایەکە پێیان هەڵدەستێت، هەر لە هاتنی داوایەکە بۆی، تا دەگاتە دەرکردنی حوکمی کۆتایی[1] و بە دوای بەڵگەی سەلماندن و لایەنی بەرگریدا دەگەڕێت، کە هەر لایەنەک پێشکەشیدەکات چ بە تۆمەتبارکردنی تۆمەتبار بێت و خەملاندنی سزایەکەی، یان ڕێکارێکی گونجاو، یان بڕیار لە سەر بەردانی دەدات لە بەر نەبوونی بەڵگەی تەواو. لەمەشەوە بڕیار لە سەر مافی لایەنەکانی دیکەش دەدات بە پێی ئەو بڕیارەی، کە دادگای داوایەکە دەریدەکات. وەکوو ڕوونمانکردەوە دیاریکردنی لایەنی تایبەتمەندی دادی بۆ تەماشاکردنی داوای سزایی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە پێی جۆری تاوانەکە دەبێت. ئەگەر تاوان بێت، ئەوا لە لایەن دادگای تاوانان تەماشادەکرێت، بەڵام ئەگەر کەتن، یان سەرپێچی بێت، ئەوا دادگای کەتن خاوەنی پسپۆڕییە جۆریەکەیە بۆ تەماشاکردنی[2].

قۆناغی دادگاییکردن و دەرکردنی حوکم بەرجەستەی گیانی یاسا و ئیرادەی یاسادانەر دەکەن لە راستیی یاسایی و واقیعیدا. هەر ئەوەش وا دەکات هێزی یاسا ببێتە هێزێکی کردەیی بۆ

---

(١) د. صالح عبدالزهرة الحسون، الموسوعة القضائية، ط١، دار الرائد العربي، بيروت، ٢٠٠٩، ص٢١٣.

(٢) المادة (١٣٨) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

بەجێگەیاندنی ماف و جێگیرکردنی ڕێساکانی دادپەروەری و بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان هاونیشتمانیاندا، چونکە دادگا پاسەوانی سروشتیی ئازادییە گشتییەکانە[1].

دادگا دەستەکات بە ڕێکارەکانی پەیوەست بە دادگاییکردنەکە لەو داوایانەی بەندن بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، کە تێیاندا ڕەچاوی هەموو ڕێسا گشتییەکان دەکرێت، کە مەرجە بۆ ڕاستی بوونیان لە ڕێی دانیشتنە بە ئاشکرا و زارەکییەکانی ڕێکارەکان و هی دیکە لە ڕێساکان. چونکە هەموو بەڵگەکان دەخەملێنێت و دڵنیا دەبێت لە هێزەکەی لە ڕووی سەلماندنەوە[2]. بێهێزەکان لێی وەلاوە دەنێت و پشت بە بەڵگە بەهێزەکان دەبەستێت بۆ دروستبوونی قەناعەتێکی تەواو بۆ ئەوەی داوا سزاییەکە یەکلابکاتەوە و حوکمی تێدا دەربکات. ئەو حوکمەش مایەی ئەوەیە بە هەموو ڕێگایەکی یاسایی تانەی لێبدرێت، لە پێش دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوە، کە هەموو دەسەڵاتێکی بڕیار لێدراو بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە هەیە، بە پێی یاسا. ڕێکارەکانی دادگاییکردنی سزایی و دەرکردنی حوکم بە وەفایەک دادەنرێت بۆ پابەندبوون بە دەستوور، کە دەڵێت هیچ سزایەک ناسەپێنرێت تەنیا بەحوکمی دادگا نەبێت و هیچ سزایەکیش بە سەر تۆمەتباردا ناسەپێنرێت،

---

(١) د. عوض محمد عوض، المبادىء العامة في قانون الاجراءات الجنائية، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية، ٢٠١٠، ص٤٩٣.

(٢) عادل عبدالمطلب عبدالحسين، مسرح الجريمة ودوره في الاثبات الجنائي، دار المسلة، بغداد، ٢٠٢٣، ص١٣.

تا ئەو کاتەی تۆمەتباربوونی دەسەلمێنرێت لە لایەن دادگایەکی یاسایی، کە گارانتی بەرگریکردن لە خۆی پێ دەبەخشێت. بۆ گەیشتن بەو دادگایە، کە سەربەخۆییەکەی گارانتیەکی بنەڕەتییە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان. پاشان دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، کە لایەنەکانی ڕێکبخات، بەوەی کە دادپەروەری ناوبانگێکی باشی هەبێت، و خێرا کێشەکان یەکلابکاتەوە[1].

ئێمە وای دەبینین، کە دادگای پسپۆڕ هەبێت بۆ تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی بە شێوەیەکی گشتی و بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، چونکە تایبەتمەندیەکی ئەوتۆی هەیە، کە واقیعی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێت، هەر وەکوو دادگاکانی نەوجەوانان، کە مەبەست لێی بەڕێوەبردنی ڕێکارە پارێزگاری و چارسەریەکانی لە یەک کاتدا بگرێتە خۆ. لە بەر ئەوە پێویستە پسپۆڕ لە بواری گفتوگۆی ئایینی هەبن لە ناو پێکهاتەی ئەو دادگایەدا. هەروەها پێویستە پسپۆڕ لە دەروونزانی لە ناو ئەندامەکانی دا هەبن، چونکە ئەنجامدەری ئەو تاوانانە لە بارێکی دەروونیی ناجێگیردا دەبن و لەوانەیە کارەکانی لێتێکبچێت لەوەی پەیوەندیی بە بیروباوەڕ و ئەوانەی دەوروپشتیەوە هەیە لە ئایینەکانی دیکە. لەوانەیە ڕابکێشرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانێک بەبێ هەستی خۆی، چونکە لەوانەیە بیرۆکەیەکی تووندڕۆی ئایینی کۆنترۆڵی کردبێت، کە لەو

---

(١) د. اشرف توفيق شمس الدين، شرح قانون الاجراءات الجنائية، ط٤، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٥، ص٥-٨.

کاتەدا زۆر لە تۆندڕۆیەکان بەکاریدەهێنن، لەوانەی کە بڕوایان بە ئازادیی ئایینی نییە. لە بەر ئەوە تایبەتکردنی دادگایەک، یان پتر بۆ تەماشاکردنی تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی و لەوانەش تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان، بناغەکەی لەوەوە دێت، کە تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی زۆر زیادیان کردووە و خاوەنانی بیروڕا و گفتوگۆی ئایینی گوێ بەوە نادەن، کە ئازادی ئایینی و بیروڕا تووشی چ مەترسییەک دێن لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژکردنەی سەریان. هەروەها ئەو تاوانانە بۆ بەدواداگەڕانیان و بەرزەفتکردنیان و لێکۆڵینەوە لێیان و یەکلاکردنەوەیان، وا پێویست دەکات دادگای تایبەت هەبن، کە شارەزایی و زانایی تەکنیکی و زانستیان هەبێت، کە لەوانەیە لە لای دادگاکانی ئاساییدا نەبن. لەگەڵ ڕەچاوکردنی سەپاندنی ئەو ڕێسا گشتییانەی، کە لە ناو یاسای چۆنیەتی دادگاییکردنی سزاییدا هەن و هەروەها یاسای دادبینیی سیڤیلی.

لقی دووەم
ڕێگاکانی سەلماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

لەو لـقەدا دوو جـۆر لە ڕێگاکـانی سـەلماندنی[1] تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان وەردەگرین. یەکەم جار ڕێگای سـەڵماندنی کلاسـیکی وەردەگـرین، چـونکە تـاوانی ناوزڕانـدنی سیمبوڵە ئایینیەکان، وەکوو هەر تاوانێکی دیکەی جوێن و پلـلار تێگرتن، لە تـاوانە ئاساییەکانە و سەڵماندنی بە هەمـوو ڕێگاکانی سـەلماندن دەبێـت، بەڵام ڕێگەکـانی دیـکەی، کە تـازەن، لە بەر ئەوەی تـاوانی ناوزڕانـدنی سـیمبوڵە ئایینیەکـان لە زۆر کاتـدا لە سـەر پـێگە ئەلیکتـرۆنییە تازەکـان ئەنجامـدەدرێت، یـان ئەوانەی پێیان دەڵێنواقیعی گریمانەیی، کە ئەوەش بۆ سەڵماندنی تـاوانەکە پێویسـتی بە ڕێگـای تـازە هەیە، کە بگونجێـت لەگەڵ چـۆنیەتی ڕوودانـی ئەو تـاوانە، بـۆ ئەوەی بتوانرێـت ڕێکارەکـانی داوای سزایی بەڕێوەببرێت. ئەو ڕێگایانەش یەکن، چ لە یاسای عێراقی بێت، یـان یاسـای میسـری، یـان یاسـای ئیمـاراتی، چـونکە تـاوانی ناوزڕانـــدنی ســـیمبوڵە ئایینیەکـــان لەوانەیە لە ڕێـــی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجامبدرێت، کە ئەویش حوکمەکانی بە یەک

---

(١) سەلماندن بەشێوەیەکی گشتی بەوە دەناسرێ کەهەبوونی بەڵگەیە لەسـەر ڕوودانـی تاوانێـک و گەڕانـدنەوەی بـۆ بـکەرەکەی و پێـیەوە ڕووداوەکـان دەسـەلمێنرێن بـۆ ڕوونکردنەوەی تێڕوانینی یاسادانەر تێبیدا.

دەچـــن. لەمەشـــەوە پێویســـت ناکـــات، ڕۆبچیـــنە نـــاو دەقە یاساییەکانی، کە لەو ولاتانە ناویان دێت و تەنیا چڕی دەکەینەوە لە سەر ڕێسا گشتییەکەی و چۆن سوودی لێ ببینین لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکان. ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ ڕێگا کلاسیکیەکانی سەلماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئایینیەکان:

سەلماندن لە پرسە سزاییەکاندا، بە گرنگترین کۆلەگە دادەنرێت، کە بنیادی دادپەروەریی تاوانیی بە تەواوی لە سەر دەوەستێت، چونکە بە هۆیەوە قەناعەتێکی وێژدانی لە لای دادوەر پەیدادەبێت لە میانەی ئەو بەڵگانەی، کە لە داوایەکەدا هەبوون بۆ ڕوودانی ڕووداوە بە تاوانکراوەکە و هەروەها لکاندنی بەوەی کە بە دوایدا دەچێت، کە لە پێشی دایە، یان نەلکاندنی. هەر لەو گۆشەیەوە و لەوەی کە ئەنجامی گرنگی لێ دەکەوێتەوە، کە گرنگیی سیستەمی سەلماندن دەستپێدەکات و بگرە مەترسییە گەورەکەشی، کە یاسای سزایی پێشێلدەکات لە بەردەم دادوەرەکاندا، کە تەنیا بە دانانی کێشەکە لەبەردەستیان و کارکردن بە بێلایەنی و دەستپاکی بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکە و تەنیا بۆ ئەوە کاتێک، کە بڕیار دەدات، کە ئەو ڕووداوەی بەدوایدا دەچێت و لە پێشیەتی بە کردەنی ڕوویداوە، یان ڕووینەداوە. لە کاتی ڕوودانیدا بڕیاردەدات، کە ئایا دەدرێتە پاڵ ئەوەی لە پێش خۆی دا بە دوایدا دەچێت، یان نادرێتە پاڵی، بۆ

ئەوەی دادگـــا بە دوای ئەوە قەنـــاعەت بێنێـــت بەدەرکردنـــی حـوکمەکەی لە بـابەتی داوایەکە، چ بە تۆمەتبـارکردن بێـت، یـان بەبێ تاوانی[1].

لە بەر ئەوەی لە تاوانی ناوزڕاندی سیمبولّە ئایینیەکاندا یاسا هـیچ ڕێگـایەکی دیـاریکراوی بـۆ نیشـانەکردووە لە ڕێگاکـانی ســەلّماندن، بـۆیە دەچێـتە ژێـر بـاری ڕێسـا کلاسـیکییەکانی پەیوەســـت بە ســـەلّماندن. ئەو ڕێگایـــانەش بەم شـــێوەیەی خوارەوەن:

١- ڕۆلّـــی دانپێـــدانان لە ســـەلّماندنی تـــاوانی ناوزڕانـــدنی سیمبولّە ئایینیەکانواتای دانپێدانانی تۆمەتبار بە خـۆی بەوەی، کە ڕووداوەکەی لێ ڕوویداوە و هەروەها بەوەش پێناسە دەکرێت، کە (دانپێـدانانی تۆمەتبـار بە خـۆی بە ڕاسـتیی ئەنجامـدانی ئەو تـــۆمەتەی، کە دراوەتە پـــاڵی، کە ئەوەش گەورەی بەڵگەکـــانە و بەهێزترینیانە لە کاریگەرییەکەی بۆ سەر دادوەر و وای لێدەکات ڕووەو تۆمەتبار کردنی بچێت) [2]. لەو بـارەیەوە تێبینی دەکرێت، کە دانپێـــدانان ئەوانە کۆدەکـــاتەوە، کە ڕێکـــارێکن تۆمەتبـــار

---

(١) د. عبدالحميد المليحي، نظام الاثبات الجنائي في التشريع المغربي والمقارن (دراسة لضوابط نظرية الاثبات الجنائي في ضوء الاتجاهات العلمية لوسائل الاثبات الحديثة)، المعرف للنشر والتوزيع، المغرب، ٢٠١٩، ص١٣.

(٢) د. رؤوف عبيـد، مبـاديء الاجـراءات الجنائيـة، دار الفكـر العربـي، بيـروت، ١٩٨٣، ص٦٩٦.

کردوویەتـی و بەڵـگەیەکە دادوەری وەریـدەگرێت و نـاوەڕۆکی دانپێـــــدانانەکە خـــــۆی، بەوەی کە بەڵـــــگەیە، کە دادوەر پشتپێدەبەســـتێت. بە زۆری وا دەبێـــت، کە داننـــان بەرهەمـــی لێپرسـینەوەی تۆمەتبـار بـێ لە پـێش دەسـەڵاتەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی. هەروەها جێی ئاماژەیە، کە ئەو تۆمەتبارەی دانیناوە دەتوانێـت، بگەڕێـتەوە بـۆ دانپێـدانانەکەی لە هەر قۆناغێـک لە قۆناغەکـانی دادگاییکردنـدا، تـا ئەو کـاتەی دادەخرێـت. هەروەهـا دادگـــا ڕوانینـــی فراوانـــی هەیە بـــۆ خەملاّنـــدنی بەهـــای پاشگەزبوونەوە لە دانپێداناندا بە پێی قەناعەتی خۆی[1].

لە میـانەی ئەوەوە دەتـوانین، بڵێـینکە تـاوانی ناوزڕانـدنی ســـیمبوڵە ئایینیەکـــان و ئەوەی کە بە دانپێـــدانانی تاوانکـــار جێگیردەکرێت لە پێش دادگادا، ئەوە بە قسـە، یـان بە وێنەکێشـان، یـان بە نووسـین، یـان بە هەر ڕێگـایەکی دیـکە گوزارشـتی لـێ کرابێت، گوزارشتێکە ناوزڕاندنێکی ڕوون و ڕاشکاوی سیمبوڵەی ئـایینیی تێـدایە و دادوەری بـابەت ئـازادیی تەواوی هەیە بـۆ تەماشـاکردنی ئەو دانپێـدانانە و خەملاّنـدنی. پاشـان خەملاّنـدنی سزا گونجاوەکە بۆ تاوانکار لە سنووری ئەوەی، کە یاسـا دەقی لە سەر داناوە.

---

(١) د. احمد فتحي سرور، الوسيط في قانون الاجراءات الجنائية، ط٧، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٦، ص٥٢٢.

٢- ڕۆڵی گەواهی لە سەڵماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانگەواهی بەوە پێناسە دەکرێت، کە (سەڵماندنی ڕووداوێکی دیاریکراوە لە میانەی ئەوەی، کە یەکێک دەیڵێتەلە سەر ئەوەی بینیوویەتی، یان بە یەکێک لە هەستەکانی هەستی پێکردووە لە ڕووداوەکە بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ)[١]. تێبینی دەکرێت، کە گەواهیدان لە بەڵگە گرنگەکانە لە پێش دادوەر لە ڕووی واقیعی کردەییەوە، هەرچەندە لە ڕووی کاریگەرییەوە بۆ سەر قەناعەتی دادگا و دروستبوونی قەناعەتەکە لەوانەیە بە پلەی دوای ئەوانە بێ بۆ زۆرێک لە بەڵگەکان[٢].

سەبارەت بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، ئەوا بە ڕێگەی گەواهی دەسەڵمێنرێت، بە مەرجێک ئەوانەی گەواهیدەدەن شیاوبن بۆ گەواهیدان لە لایەنی یاساییەوە، چونکە هەر گەواهیدەرێک بینیبێت، یان لە کەسێکی دیاریکراوی بیستبێت، کە گوزارشتێکی سووکایەتیکردن بە سیمبوڵە ئایینیەکان دەردەبڕێت، دەتوانێت لە دژی ئەو لە پێش دادگا گەواهیبدات و دادوەر ئازادیی ڕەهای هەیە لە قبووڵکردن، یان ڕەتکردنەوەی گەواهیەکەی. یاسادانەری عێراقی لە ماددەکانی (٥٨-٦٩)دا لە یاسای چۆنیەتی دادگاییکردنی سزایی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو ئەوەی باسکردووە.

---

(١) د. احمد فتحي سرور، الوسيط في قانون الاجراءات الجنائية، مرجع سابق، ص٤٩٨.

(٢) د. محمود نجيب حسني، شرح قانون الاجراءات الجنائية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٤٥٢.

نموونه بۆ ڕۆڵی گەواهی لە سەڵماندنی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانئەگەر داوایەکی سزایی جووڵێنرا لە سەر (س) بە هۆی نووسینی دەستەواژەی سووکایەتیکردن لە سەر دیواری یەکێک لە سیمبوڵە ئایینیە جێگەیە پیرۆزەکان و لەوەشەوە مەفرەزەیەکی پۆلیس دەستگیریان، کرد دوای بینینیان لە کاتی ئەو کردەوەیەدا، ئەوا دادوەری لێکۆڵینەوە ڕێکارەکان دەگرێتە بەر بە دەرکردنی بڕیارێک، کە تێیدا وتەکانی ئەو مەفرەزەیەی تێدا تۆمارکراوە بە سیفەتی گەواهیدەر، کە کەسەکەیان گرتووە.

٣- ڕۆڵی بەڵگەی نووسراو لە سەڵماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانبە بەڵگەی نووسراو دەگوترێتنووسراو (دەرکراو = محرر)، کە بریتیە لە کاغەزێک داتای جیاواز هەڵدەگرێت سەبارەت بە ڕووداوێکی دیاریکراو، کە گرنگیەکی هەبێت بۆ سەڵماندنی ئەنجامدانی تاوانەکە و گەڕاندنەوەی بۆ بکەرەکەی. هەروەها نووسراو دەکرێت، دۆکیومێنتێکی فەرمیش بێت، وەکوو دانپێدانانێک لە لایەن تۆمەتبار، یان گەواهیەک لە دژی، کە لە کاتی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە دەنووسرێتەوە، هەر وەکوو ئەوەی لە نووسینەوی کۆکردنەوەی بەڵگە نیشاندەرەکان و دانیشتنە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەدا. بەڵام لەو بارانەدا نووسراوەکە بەو تێگەیشتنە مەبەست نییە لەو بارەدا. هەرچی نووسراو، یان بەڵگەی نووسراوی مەبەست لێرەدایە، ئەوا

ئەوەیە، کە بەڵگەیەکی نوسراوی سەربەخۆ بێت بە خودی خۆی، ئەوەش پێی دەگوترێتجەستەی تاوانەکە[1].

ئێمە وای دەبینین، کە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بەڵگەی نووسراو زۆر جۆرە شێوە و وێنە دەگرێتە خۆی، کە لەوانەیە بەڵگەی دەستخەتی نووسراو، بێت یان وێنە، یان کاریکاتۆر، یان هی دیکە بێت و دەکرێت، ئەو بەڵگە نووسراوە لە ڕێی بڵاوکراوەی فەرمییەوە بێت، وەکوو کتێب، یان گۆڤار، یان ڕۆژنامە، یان هی دیکە. هەروەها دەکرێت، بەڵگەی نووسراو لە سەر کاغەز و لافیتە و دیوار و هی دیکەش بێت. هەروەها دەکرێت بەڵگەی نووسراو ئەلیکترۆنی بێت لە سەر ئامێری کۆمپیوتەر و لاپەڕەی ئینتەرنێت. تێبینی دەکرێت، کە زەحمەتی لە لای دەسەڵاتی تۆمەتبارکەر لەو جۆرە تاوانانەی دەربڕیندا خۆی لە ناو سەلماندنی لکاندنی جەستەی تاوانەکە بە تۆمەتباری ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکەوە ببینێتەوە. سەبارەت بە یاساکانی، کە مەرجیان ئاشکراییە بۆ پەیدابوونی ئەو تاوانە، ئەوا سەرباری ئەوەی پێشتر قورسایی ئاشکرایی تاوانەکەشە، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو ناوزڕاندنە لە ڕێی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەوە نەبووبێت.

نموونە لە سەر بەڵگەی نووسراو هەستانی کەسێک بە وێنەکێشانی وێنەی ناشیرینکردنی یەکێک لە سیمبوڵە ئایینیەکان.

---

(١) د. محمد زكي ابو عامر، الاثبات في المواد الجنائية، ط١، الفنية للطباعة والنشر، الاسكندرية، ١٩٨٥، ص٢١.

ئەوکاتە ئەو بەڵگەیە دەگیرێت لە ناو دانیشتێکی بەرزەفتی فەڕمی کە لە لایەن نووسەرەوە مۆرکرابێت و پێشکەشی دادوەری لێکۆڵەر دەکرێت، لەگەڵ کاغەزەکانی لێکۆڵینەوە و بەمەش دادوەر ڕێکارەکان دەگرێتە بەر بۆ دەرکردنی بڕیاری گونجاو.

٣- ڕۆڵی هاوبەڵگە لە سەڵماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانهاوبەڵگە بەوە پێناسە دەکرێت، کە (کۆپیکردنی ڕووداوێکی نادیارە لە ڕووداوێکی زانراو) هەروەها بەوەش پێناسە دەکرێت، کە (ئەو پەیوەندییە پێویستەیە، کە یاسا دروستی دەکات لە نێوان ڕووداوە دیارکراوەکاندا، یان ئەنجامێکە، کە وا لە دادوەر دەکات، کە هەڵیبێنجێت لە ڕووداوێکی دیاریکراودا) [١] .

هاوبەڵگەش دوو جۆرەجۆری یەکەمهاوبەڵگەی یاساییە، کە ئەویش ئەو بارانەیە، کە تێیدا یاسادانەر وا لە دادوەر دەکات، کە هەستێت بە کرداری کۆپیکردنی کارێکی دیاریکراو لە سەڵماندنی ڕووداوێکی دیاریکراوەوە، کە یاسادانەر دیاریدەکات، وەکوو ژماردن و دەیسەپێنێت بە سەر هەردوو دادوەر و دژبەر. هەرچی هاوبەڵگەی دادگاییەئەوا بەڵگەی ناڕاستەوخۆیە، کە دادوەر هەڵیدێنجێت لە ڕووداوێکدا، کە بەڵگەی سەڵماندنی لە

---

(١) د. محمود محمود مصطفى، شرح قانون الاجراءات الجنائية، ط١١، مطبعة جامعة القاهرة، القاهرة، ١٩٧٦، ص٤٠٢.

سەر بێت لە ڕووداوێکی دیکەدا، کە لەتوانیاندا پەیوەندییەکی هۆکاریی لۆجیکی هەبێت[1].

هاوبەڵگەی دادی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا بە بەڵگەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ سەڵماندن، چونکە دادگا دەتوانێت لە حوکمداندا بە تەنیا پشتبەبەستێت لە بەر ئەوەی هاوبەڵگەکان لە ڕێگاکانی سەڵماندنی بنەڕەتین لە ماددە سزاییەکاندا و خەملاندنی بەهایەکەشی پرسێکی بابەتییانەیە، کە تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ قەناعەتکردنی کەسیی دادوەری سزایی[2]. بۆ نموونەهەستانی کەسێک (س) بە فڕێدانی بڵاوکراوە، کە تێیاندا بەرکەوتن، یان ناوزڕاندنی یەکێک لە سیمبوڵە ئایینیەکانی تێدابێت و لە کاتی پشکنیندا لە شوێنی کارکردنی (س) ئەو نموونە بڵاوکراوانە بدۆزرێنەوە. لێرەدا ئەو بڵاوکراوانە، وەکوو هاوبەڵگە وان، کە دەتوانرێت بۆ سەڵماندنی کارەکەی (س) بە بڵاوکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانە وەربگیرێن.

٤- ڕۆڵی بەڵگە ماددییەکان لە سەڵماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانبەڵگە ماددییەکان ئەو بەڵگانەن، کە لەو توخمە ماددییانەوە هەڵدەقوڵێن، کە بە خۆیان قسەکە دەکەن و کار لە

---

(١) د. محمود نجيب حسني، شرح قانون الاجراءات الجنائية، المرجع السابق، ص٥٠١.

(٢) د. محمود محمود مصطفى، شرح قانون الاجراءات الجنائية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٨، ص٤٣٧.

قەناعەتی دادوەری سزایی دەکەن بە حوکمی هۆش و لۆجیک[1]. وای دەبینین، کە سەبارەت بە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکان شیاون، چونکە وێنای بەڵگە ماددییەکان دەکەن بۆ سەڵماندنیان، تەنیا بەڵگەی نووسراو نەبێت، کە بە دەورەی ماددەکەدا دەخولێتەوە، ئەوەی کە وەکوو دەفرێک وایە بۆ تاوانەکە خۆی، یان ئەوەی کە پێشتر بە جەستەی تاوان ناسرابوو، ئەویش وەکوو دەنگە تۆمارکراوەکان، یان وێنە، یان دەنگ و وێنە پێکەوە، ئەوەی کە پێی دەگوترێت بەڵگەی دیجیتاڵی، یان ئەلیکترۆنی.

دووەم/ڕێگا تازەکان لە سەڵماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکانلەو تەوەرەدا ژمارەیەک بابەت وەردەگرین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ڕۆڵی بەڵگە دیجیتاڵییەکان لە سەڵماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبولّە ئایینیەکانبەڵگەی دیجیتاڵی بەوە دەناسێنرێت، کە (زانیاریەکە، کە لۆجیک و هۆش پێی قایلدەبن و زانست پشتیپێدەبەستێت، کە بە ڕێکاری یاسایی و زانستی دەستدەکەوێت بە گۆڕینی داتا ژمارەییەکانی هەڵگیراو لە ناو ئامێری کۆمپیوتەر و پاشکۆکانی و تۆڕی پەیوەندی کردن، کە دەکرێت لە هەر قوناغێک لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا، یان دادگاییکردندا بەکاربهێنرێن بۆ سەڵماندنی ڕاستیی ڕووداوێک،

---

(١) د. احمد فتحي سرور، الوسيط في قانون الاجراءات الجنائية، المرجع السابق، ص٣٠.

یـان شـتێک، یـان کەسـێک، کە پەیوەنـدیی بە تـاوانەکە، یـان تاونکارەکە، یان تاوانلێکراوەکەوە هەیە) [1].

هەروەهـا بەوەش پێناسـەکراوە، کە (ئەو بەڵگە وەرگیـراوەیە لە ئامێرەکانی کۆمپیوتەر کە لە سەر شـێوەی کایە، یـان شـەپۆلی موگناتیسـی، یـان کارەبـایی، یـان ئەلیکتـرۆنیە Electric Impulses، کە دەکرێـت، کـۆبکرێنەوە و شـیبکرێنەوە بە بەکارهێنـانی بەرنـامەی جێبەجێکـاری و تەکنۆلۆجیـایی. ئەوەش پێکهـاتەیەکی دیجیتـاڵیە بە شـێوەی جیـاواز، وەکـوو دەقـی نووسـراو، یـان وێنە، یـان دەنـگ، یـان شـێوە و فۆتـۆ، ئەویش لە پێناو پشتپێبەستن لە لایەن دەزگاکانی جێبەجێکردن و سـەپاندنی یاسا) [2].

بەڵـگە دیجیتاڵیەکـان زۆر جۆریـان هەیەیەکەم/ بەڵـگەی یاسـایی، کە ئەو بەڵگـانەن، کە یاسـادانەر هێـزە یاسـاییەکەی بـۆ دیاریکردووە بە جۆرێک، کە بەبێ ئەوان سەڵماندن ناکرێت و بۆ دادوەر نییە هیچ بەڵگەیەکی بەهێزتر لە بەڵگەی یاسادانەر دابنێت. دووەم/ بەڵگەی تەکنیکیئەو بەڵگەیەیە، کە پشت بە ڕای شـارەزا دەبەستێت، لەو کاتەی کە ڕاپۆرتەکەی خۆی لە سەر ڕووداوێکی

---

(١) د. رامي متولي القاضي و د. عمر سالم، شرح قانون مكافحة جرائم تقنية المعلومات رقم (١٧٥) لسنة ٢٠١٨ مقارنة بالتشريعات المقارنة والمواثيق الدولية، ط١، مركز الدراسات العربية للنشر والتوزيع، مصر ٢٠٢٠، ص٣٢٣.

(٢) د. خالد ممدوح ابراهيم، فن التحقيق الجنائي في الجرائم الالكترونية، ط١، دار الفكر الجامعي، مصر، ٢٠٠٩، ص١٧٦.

دیـــاریکراو پێشکەشـــدەکات و پشـــت بە پێـــوەری دیـــاریکراو دەبەستێت، کە زۆر جار پێی دەگوترێتشارەزایی. سێیەم/ بەڵگەی گوفتـارئەوەی کە لە هـی دیـکەوە دەردەچێـت لە قسـە لە کـاتی ڕووداونـی ڕووداوێـک، کە کردەوەیەکـی لێـدەکەوێتەوە، کە یاسـا سزای دەدات. دادوەر گوێ لە هەموو ئەو زانیاریـانە دەگرێت، کە دەگـوترێن، بە پشتبەسـتن بە یەکێـک لە هەسـتەکانی، وەکـوو گەواهـی. چـوارەم/ بەڵـگەی مـاددیئەو بەڵگـانەن، کە پشـت بە تـوخمە ماددییەکـان دەبەسـتن و ڕۆڵـی ڕاسـتەوخۆیان هەیە لە قەناعەت پێکردنی دادوەر، چونکە ئەو بەڵگانە لە ڕێی گەڕان، یـان پشـکنین، یـان کەسـی شـارەزاوە دەسـتکەون، چـونکە بە زۆریـی تاوانکاران هەندێک شـوێنەوار بەجێدێلن، کە یـارمەتی سـەڵماندن دەدات، وەکـــوو جێـــی پەنـــجە، یـــان ئەو کەلـــوپەلانەی، کە بەکارهاتوون لە ئەنجامدانی تاوانەکە[1].

٢- زەحمەتـــی گەیشـــتن بە بەڵـــگەی دیجیتـــاڵی لە تـــاوانی ناوزڕاندنی سـیمبوڵە ئایینیەکانلە بەر ئەوەی تـاوانی ناوزڕاندنی ســـیمبوڵە ئایینیەکـــان هەنـــدێک جـــار لە ڕێـــی ڕێچـــکە ئەلیکترۆنییەکـــانەوە ڕووەدەن، بـــۆیە بە تـــاوانی ئەلیکترۆنـــی دادەنرێن و بۆ سـەڵماندنی، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕێگا تازەکان.

---

(١) د. خالد حازم ابراهيم، دور الاجهزة الامنية في الاثبات الجنائي في جرائم المتعلقة بشبكة المعلومات الدولية (الانترنيت)، دار النهضة العربية، القاهرة ٢٠١٤، ص١٠٥ وما بعدها.

لەوانەش بەڵگە دیجیتاڵییەکان. چونکە زۆر ئاستەنگ هەن، کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە بەڵگانە دەبنەوە، لەوانە کەمی لێکەوتە ماددییەکانی تاوانەکە، چونکە تاوانی ئەلیکترۆنی بەوە وەسفدەکرێت کە هێمنە، چونکە بۆ ئەنجامدانی پێویست بە بەکارهێنانی تۆندوتیژی، یان خوێنڕشتن ناکات، بەڵکو هەموو ئەوەی پێویست دەبێت، بۆ ئەنجامدانی چەند دەستێوەردانێکی سووکە لە تەختەی کلیلەکان (کیبۆرد) بۆ تەواوکردنی ئەنجامدانەکە و بەزۆریش بەبێ ئەوەی لە دوای خۆی هیچ شوێنەوارێکی دەرەکی دیار بەجێبهێڵێت، یان گەواهیدەر هەبێت، کە بڕوا بەقسەکانیان بکرێت و نە جێی پەنجەش دیاردەبێت و نە بەڵگەی ماددیش، کە بتوانرێت بپشکنرێت، بەڵکوو لە جیهانی گریمانەییدا ڕوودەدات[1]. هەر لەو ئاستەنگانە ئاسانیی سڕینەوەی بەڵگە دیجیتاڵییەکەیە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، چونکە لە باری ئاساییدا تاوانکارانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان پشت بە هۆیەکانی ئەلیکترۆنی دەبەستن بۆ شاردنەوەی تاوانەکانیان و ڕەشکردنەوەی هەموو شوێنەوارەکانی، ئەویش لە ڕێی یاریکردن بە ڕێسای داتاکان لە بەرنامەکاندا و بەبێ ئەوەی هیچ لێکەوتەیەک بۆ تاوانەکە بەجێبمێنێت. بە تایبەتیش کرداری هەڵگرتنی ئەلیکترۆنی نابینرێت و داتاکان بەزمانێکی دیجیتاڵی هەست پێنەکراو دەنووسرێنەوە.

---

(١) جمال ابراهيمي، التحقيق الجنائي في الجرائم الالكترونية، اطروحة دكتوراه، جامعة مولود معمري، كلية القانون، الجزائر، ٢٠١٤، ص١٩٦ وما بعدها.

ئەوەش وا پێویست دەکات، کە بگەڕێنرێتەوە سەر شاشەکە بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت بیانخوێنێتەوە. ئەمە ئاستەنگ دروستەکات لە پێش پەیدابوونی بەڵگە لە سەر تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان[1].

هەر لەو ئاستەنگانە نەتوانینی گەیشتن بە بەڵگە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، ئەوەیە کە تاوانکاری ئەنجامدەری ئەو تاوانە لە ڕێی ڕێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە بە زۆری لە گرووپەی زیرەکەکانن، کە لە باری ئاساییدا ئەو تاوانکارە ئاستەنگی تەکنیکی، یان پەرژینێکی ئاسایشی دادەنێتن بۆ داپۆشینی کردەوە ناڕەوایەکانیان لە ترسی تووڕەبوونی ئەو تایەفەیەی، کە سووکایەتیی بە سیمبوڵەکانی کردووە، بەمەش ئەو تاوانکارە ئاستەنگەکانی پێش ڕێکارەکانی پشکنین و بەرزەفتکردنی بەڵگەکان پتر دەکات، ئەوەی کە چاوەڕێدەکرێت ڕێکاری بۆ بگیرێتە بەر بۆ گەڕان بە دوای ئەو بەڵگانەی، کە تاوانباری دەکەن. ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی وشەی نهێنی و سیستەمی کۆدەوە بە مەبەستی نەهێشتنی هی دیکە بۆ گەیشتن بە داتا هەڵگیراوەکانی، کە ئەو بەڵگانەی تاوانەکەی لێ پێکدێن. پاشا دەست گەیشتن بەو بەڵگانە و سەڵماندنی ڕوودانی تاوانەکە

---

(١) د. خالد حسن احمد، جرائم الانترنيت، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠١٩، ص١٩٦ وما بعدها.

و تاوانبارکردنی ئەنجامدەرەکەی زەحمەت دەبێت بۆ لایەنەکانی گەڕان و لێکۆڵینەوە[1].

لەو ئاستەنگانەی، کە ڕووبەڕووی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان دەبنەوە ئەوانەنلاوازیی هاوکاریکردن لە نێوان وڵاتان و جیاوازیی سیستەمی ڕێکاری لەنێوانیاندا. ڕێککەوتن و هاریکاری نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی سەرەکی گرنگ دەگێڕن لە سەڵماندنی، تاوانە ئەلیکترۆنیەکانی، کە بەر سیمبوڵە ئایینیەکانی تایەفەیەک لە تایەفە ئایینیەکان دەکەون، بە تایبەتیش لە بواری وەدەستهێنانی بەڵگە دیجیتاڵییەکان و بەدواداگەڕانی تاوانباران. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە نەبوونی سیستەمی ڕێککەوتن و هاریکاری لە نێوان وڵاتان لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی و لە بەرانبەریشدا هاوکاریەکی ئاشکرا هەیە، لە نێوان پیشەکارانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، چونکە تاوانکاران لە نێوان خۆیاندا هاوکاری یەکتری دەکەن و شارەزایی و ئامۆژگاری دەگۆڕنەوە سەبارەت بە چاڵاکیەکانیان، ئەوەش لە کاریگەریی مەترسیەکانی ئەو چاڵاکیانە پتر دەکات لە بەرانبەر کورتهێنان و ناکاریگەریی سیاسەتی بەرگریی تایبەت لەوەی، کە دەقی لە سەر هاتووە دژی ئەو جۆرە تاوانانە[2].

---

(١) المصدر نفسه، ص١٧٠.

(٢) د. حاج سودي محمد، اشكاليات الاثبات في الجرائم الالكترونية، بحث منشور في مجلة افاق علمية، المجلد ١١، ع١، صادرة عن الجامعة الاسمرية الاسلامية، ليبيا، ٢٠١٨، ص٢٧٨.

٣- ڕێگا تازەکان بۆ هەڵمالینی بەڵگەی دیجیتاڵی لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان:

ژمارەیەکی زۆر لە ڕێگا هەن، کە پشتیانپێببەستریت لەو ڕووەوە، ئەوانیش ڕێگریکردن لەنامەگۆڕینەوە. ئەمە ڕێکارێکی لێکۆڵینەوەییە، کە بە دزیەوە دەکرێت و نهێنیی گفتوگۆیە تایبەتیەکان دەبەزێنێت و دەسەڵاتی دادوەریی تایبەت فەرمانی پێدەکات بەو شێوە دیاریکراوەی یاسا داینـاوە بە مەبەستی دەستکەوتنی بەڵگەیەکی ناماددی بۆ تاوانەکە. لە لایەکی دیکەوە گوێڕاگرتن لە گفتوگۆی تێدایە، کە بە ڕێگایەکی گرنگ دادەنرێت لە ڕێگا تازەکانی، کە دەسەڵاتە دادییەکان بەکاریدێنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، ئەویش لە ڕێگای پەیوەندیی تەلی و بێتەلیەوە دەبێت[1].

هەروەها هاوکاریی ئەوانەی خزمەتگوزاریەکە پێشکەشدەکەن لەگەڵ لایەنەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. مەبەست لە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکان ئەو لایەنەیە، کە خزمەتگوزرایی ئەلیکترۆنی دەداتە جەماوەر بە شێوەیەکی گشتی لە بواری پەیوەندیی ئەلیکترۆنییەوە، ئەوەی کە نەک هەر بە تەنیا بۆ تایەفەیەکی دیاریکراوە لەوانەی، کە بە پێی گرێبەست مامەڵەیان لەگەڵدا

(١) د. یاسر الامیر فاروق، مراقبة الاحادیث الخاصة في الاجراءات الجزائیة، ط١، دار المطبوعات الجامعیة، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٥٠.

دەکات[1] هەروەها ڕێگای پاراستنی خێرای داتاکان لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، کە مەبەست لێی دەرکردنی فرمانێکە لە لایەن لایەنی تایبەتەوە بۆ ئەوانەی خزمەتگوزاری پاراستنی داتاکان دەکەن، لە لای خۆیان و لە میانەی داکردن و مانەوەی لە ئەرشیفدا، وەکوو گارانتیەک بۆ ئەوەی دەستکاری نەکرێت، یان لە ناو نەبرێت، بۆ ئەوەی لایەنی لێکۆڵەر بتوانێت سوودی لێ ببینێت و بەکاری بێنێت لەبەرژەوەندیی لێکۆڵینەوەکە[2]. لە ڕێگایەکانی دیکەی ئاشکراکردنی داتاکان بۆ لایەنەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

لەوەی پێشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دوو جۆرە ڕێگای سەڵماندنی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان هەیە، کە ڕێگای کلاسیکیە، کاتێک کە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان ئەنجامدەدرێت بەبێ هۆیەکانی ئەلیکترۆنی، بەڵام ئەو ڕێگایانە لە پاشەکشەدان لە بەرانبەر گواستنەوە بۆ جیهانی گریمانەیی، کە تێیدا تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان زۆرتر و بە شێوەیەکی گەورەتر ڕوودەدەن، لە ڕێی سەکۆ ئەلیکترۆنییەکانەوە، بۆیە ئەمە وا پێویست دەکات ڕێگەی سەڵماندنی نوێ هەبن، کە بگونجێن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەی، کە لە ئەنجامدانی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵەی ئایینی بەرپابووە.

---

(١) عائشة بن قارة مصطفى، حجية الدليل الالكتروني في الاثبات الجنائي، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، ٢٠١٠، ص٩٨.

(٢) نعيم سعيداني، اليات البحث والتحري عن الجريمة المعلوماتية في القانون الجزائري، رسالة ماجستير، جامعة الحاج لخضر، باتنة، كلية الحقوق، الجزائر، ٢٠١٣، ص١٠١.

خواستی دووەم

حوکمە خۆپارێزییەکان لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان

تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینییەکان، وەکوو هەر تاوانێکی دیکە، لێکەوتەی گەورە و جۆراوجۆری دەبێت لە سەر ئاستی نیشتمانی و یەکێک لەو لێکەوتە یەکەمانە و دیارترینیان لە ڕووی ئەو مەترسیەی، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەو بەرکەوتنەیەتی بە ئاسایشی ناوەوەی دەوڵەت[1] چونکە بەرکەوتن بە سیمبوڵە

---

(١) ئاسایشی دەوڵەت بەوە پێناسە دەکرێ کە: پاراستنی ئەو قەوارەیە کە دەوڵەت پێکدێنێ دژی جۆرەها مەترسیی ناوخۆ یان دەرەوە کە خۆی و بەرژەوەندیەکانی دەخاتە ژێر هەڕەشەوە. لەمەوە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و ئامادەکردنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گونجاو بۆ بەجێهێنانی ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە گوزارشت لەرازیبوونی گشتیی تاکەکانن لەناو کۆمەڵگا دەکا. هەیە وای دەبینێ کە چەمکی ئاسایشی دەوڵەت دوو واتا لەخۆ دەگرێ: ئەوانەش: واتایەکی تەسک کە مەبەست لێی ئەو ڕێکارە جیاوازانەن کە دەوڵەت دەیانگرێتە بەر و پەیوەندیان بە دڵنیاکردنی تاکەکانەوە هەیە لەناوچەیەک دژی ئەو مەترسیانەی کە بەر گیانیان دەکەوێ یان بەر ماڵ و موڵکیان. سەرباری دانانی یاسای جیاواز کە مەبەست لێیان هێنانە کایەی پاراستنی کۆمەڵگایە و پاراستنی پیرۆزیەکانیەتی ئەویش لەمیانەی دامودەزگا ئاسایشیەکانی ناوخۆی وڵاتەوە و سنوور دانانە بۆ ڕوودانی تاوانە جیاوازەکان، سەرباری دامەزراندنی دامودەزگا دادوەری و سزایی، ئەوانەی کە سەرپێچیی یاسا دەکەن. هەرچی ئەوەی بەندە بە واتا فراوانەکەی ئاسایش، ئەوا مەبەست لێی ئەو ڕێکارە جیاوازانەیە کە دەگیرێنە بەر بۆ ڕێگریکردن لە مەترسیە

ئایینیەکـــان، بەرکەوتنـــی بە سیســـتەمی ئاسایشـــی دەوڵەتـــی لێدەکەوێتەوە، ســەرباری قەوارە و هەبـوونەکەی. لە بەرکەوتنـی سیمبوڵە ئایینیەکانی تایەفەیەکی ئایینیی دیاریکراودا، ئەو تـاوانە هەر تەنیـا لە لێکەوتەکـانی بـۆ ســەر دەوڵەت کـورت نـاکرێتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی دڵنیانەبوونی هاونیشتمانیان لە ناو کۆمەڵگادا و تووندوتیژییەکی گەورەی لێدەکەوێتەوە لە ناو کۆمەڵگایەکاندا[1]. لە لێکەوتەکانی ئەو تاوانە پێشێلکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتییە[2]، چـونکە یاســا هەوڵـدەدات پاراسـتنی سیســتەمی کـۆمەڵایەتی فەراهەمبکـات لە میـانەی پاڵپشـتی و بەهێزکردنـی پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتییە جیاوازەکـان، ســەرباری ئەوەی ئەو پەیوەنـدییانە پشتیانپێدەبەستریت لە بەها سەرەکی و دابونەریتەکان. هەروەها فەراهەمکردنی پاراستنی تاوانی بـۆ ئەوپەیوەندییانە دەبێتە هـۆی دامەزراندنی ئەو ڕێسـایانەی، کە ئامانجیـان تونـدکردنی یەکگرتنە لە نێـوان پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی خەڵکـدا، لە نـاو خۆیـان.

دەرەکـیە جیاوازەکـان. کـارەکە هەر تەنیـا سـەربازی نـیە، بەڵکـو کـۆمەڵایەتی و ئابووریشە. ئەو تێگەیشتنە درێـژدەبێتەوە بـۆ ئەوەی واتـا تەسکەکەش بگـرێتەوە. د. ابراهيم محمود اللبيدي، الحماية الجنائية لامن الدولة، دار شتات للنشر والبرمجيات، القاهرة، مصر، ٢٠٠١، ص٤.

(١) سجى محمد جواد، جريمة التحريض على العنف واثارة شعور الكراهية، رسالة ماجستير، معهد العلمين للدراسا العليا، النجف الاشرف، العراق، ٢٠٢٠، ص٢٦.

(٢) بەپێی گشتاندنی ئەنجومەنی بـاڵای دادوەری عێـراق لە ڕۆژی دووشـەم ١٧ی تەممـوز ٢٠٢٣ کە داوا دەکـات بە تونـدکردنی سـزای ئەو کەسـانەی هەڵدەسـتن بە تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبولە ئاینییەکان و بیروباوەڕی ئاینی.

سەرباری پاڵپشتی و بەهێزکردنی بناغە پێویست و بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگـا، کە لە هەموویـان گرنگتـر بەجێهێنـانی ئاسایشـی کۆمەڵایەتییە، چونکە نەبوونی بەها و ڕێزنەگرتنی هەستی خەڵک و بیروباوەڕیان وا لەکۆمەڵگا دەکات ببێتە دارستانێک کە تێیدا بەهێـز لاواز دەخـوات[1] هەر لە سـەر ئەو بنـاغەیەوە تـاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان پێویستیی بە کۆمەڵێک میکانیزمی خۆپـارێزی هەیە، لە پێنـاو بەرەنگـاربوونەوەی، بـۆ ئەوەی شارەزای پێداویستییەکانی ئەو بابەتە بین، دەبێت دابەشبیکەینە سەر دوو لقلە لقی یەکەمدا میکانیزمە خۆپارێزییەکانی ناو یاسای ناوخۆ وەردەگرین دژی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان.

---

(١) د. جاسم العبودي، التجريم والعقاب في اطار الواقع الاجتماعي، دار الحكمة، اربيل، دون سنة نشر، ص١٢٥.

لقی یەکەم

میکانیزمە خۆپارێزییەکانی ناو یاسای ناوخۆ لە دژی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان

زۆر لە میکانیزمی خۆپارێزی هەیە، لە ناو یاسای ناوخۆدا، کە دەکرێت پەنای بۆ ببەی بۆ سنووردانان بۆ تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. ئەو میکانیزمانە لەوانەیە بریتی بن لە ڕێکاری میکانیزمی یاسایی دیکە و لەوانەشە نایاسایی بن.

یەکەم/ڕۆڵی میکانیزمە یاساییەکان لە خۆپاراستن لە تاوانەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانڕێگا یاساییەکان خۆیان دەنوێنن لە چاکسازییە جیاوازەکانی یاسایەکان لە ناو ئەو دەقانەی، کە بابەتی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانی چارەسەرکردووە لە میانەی یەکگرتنەوەی سیاسەتی یاسادانان بۆ ئەو تاوانانە. هەروەها چارەسەری تاوانە نوێیەکان، سەرباری چارەسەرکردنی کورتهێنانە یاساییەکە. کێشەی پەرتبوونی دەقە یاساییەکانی سەر ئەو تاوانە. لەمەوە ڕوون دەبێتەوە، کە تەوەری ئەو ڕێگایانە لەو دەقانە کۆدەکرێتتەوە، کە ئەو تاوانانەیان لەخۆگرتووە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵ ١٩٦٩ی هەموارکراو. ئەو میکانیزمانەش بەو شێوەیەی خوارەوەن:

١- میکانیزمە خۆپارێزییەکانی پەیوەست بە نوێکردنەوەی سیاسەتی تاوانیی، لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانکە چەمکی نوێکردنەوە لە سیاسەتی تاوانی بابەتی دەگرێتەوەپەرەسەندن و نوێبوونەوەی بەردەوام، کە هاوتەریبی پەرەسەندنی تاوانەکان بێت. چونکە هەر پەرەسەندنێک لە تاوان دەبێت نوێبوونەوەی بە دوادا بێت، لەگەڵ پەرەسەندنی تاوانی و پاشۆیەکانی و سنووردانان بۆی. وادادەنرێت کە سیاسەتی تاوانی بەندبێت بە تاوان، کە خێرا پەرەبسەنێت و وەڵامی سیاسەتە تاوانییەکان بۆ ئەو پەرەسەندنە بەردەوام بێت. هەروەها وا دادەنرێت، کە ئەو سیاسەتە مایەی پێداچوونەوەی بەردەوام بێت بۆ هەڵوەستەکردن لە سەر سەلامەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان و بەمەش نوێکردنەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام[1].

(١) د. عادل يحيى، السياسة الجنائية في مواجهة الجرائم المعلوماتية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٤، ص٢٥.

هەروەها نوێکردنەوەی سیاسەتی تاوانیی بۆ ئەوەیە، کە لەگەڵ ڕەوتی بۆچوونە هەزرییە نوێیەکان لە جیهانی یاسای تاوانیدا بڕوات. ئەوەش بۆ پلاندانانی سیاسەتێکی تاوانیی پێشکەوتوو، کە ئامانجی دامەزراندنی سیستەمێکی یاسایی بێت، کە تەنیا لە سەر مەبەستێکی جێگەیی نەوەستێت، بەڵکوو ببێتە پاڵپشتی سیستەم و بەرگریکردن لە کۆمەڵگا لە دژی تاوانکاری، بەڵکوو ئامانجێکی دیکەی هەبێت، ئەویش باشترکردنی کۆمەڵگاکان و چاکترکردنیان لە میانەی باشبوونی تاک و گونجاندنی و پەرەپێدانی. بە دەستەواژەیەکی وردتر، شیاوکردنی بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتییانە[1] . نوێکردنەوەی ئەو سیاسەتە، تایبەتمەندییەکە بەندە بەو سیاسەتەوە، کە واتای جوواڵە و نەوەستانی دەگەیەنێت. بە نوێبوونەوەی بەردەوام دەناسرێت، بە هۆی پشتبەستنی بە ئەنجامەکانی (کۆمەڵناسی) سەرباری تاواناسی و سزاناسیش لە خوێندنەوەی کەسایەتیی ئەنجامدەری تاوانەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان. سەرباری کارتێکراویی ئەو سیاسەتە لە لایەن ڕژێمی سیاسییەوە بە شێوەیەکی گشتی. بۆیە کارابوون و سەرکەوتنی

---

(١) د. اكرم نشاة ابراهيم، حركة الدفاع الاجتماعي الحديث ودورها في السياسة الجنائية المعاصرة، بحث منشور في مجلة الفكر الشرطي، القيادة العامة لشرطة الشارقة، مركز بحوث الشركة، المجلد الرابع عشر، العدد الثاني، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٥، ص٢٦٦.

سیاسەتی تاوانی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانانەدا خۆی لە نوێبوونەوەدا دەبینێتەوە[1].

لەمەوە دەردەکەوێت، کە سیاسەتی تاوانی بابەتی، لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکاندا لە عێراق، پێویستیی بەنوێکردنەوە هەیە، ئەوەش لە بەر ئەوەی ئەو میکانیزمانەی دەگیرێنە بەر لە دیاریکردنی ئەو تاوانانە و کۆڵەگەکانی و سەپاندنی سزا بە سەر ئەنجامدەرانیدا، وای لێهاتووە ناگونجێن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی ئێستا هاتوونەتە پێش. ئەوەش دەبێتە هۆی کێشەیەکی گەورە، چونکە سیاسەتی تاوانی بابەتی، لە تاوانەکانی بەرکەوتنی هەستی ئایینی، بە شێوەیەکی گشتی و لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە شێوەیەکی تایبەت نەگۆڕە، بەڵام لێکەوتەکانی ئەو تاوانانە لە نوێبوونەوە و پەرەسەندنی بەردەوام و خێرا دان. لەمەوە ئەنجامی ئەو جیاوازیە دەبێتە هۆی نانەوەی کێشەی گەورە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا و پێویست دەکات یاسا بە خێرایی و ڕاستەوخۆ دەستوەردان بکات بۆ دووبارە پێداچوونەوە بە سیاسەتی تاوانی بابەتی و ئەو میکانیزمانەی دەگیرێنە بەر لەو تاوانانەدا، چونکە ئەو جۆرە تاوانە پەرەسەندنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیووە لە

---

(١) د. احمد فتحي سرور، اصول السياسة الجنائية، دار النهضة العربية، مصر، ١٩٧٢، ص٣٤-٣٥.

سەر ئاستی واقیعی[1] بە تایبەتیش تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، کە وای لێهاتووە لە سەر سەکۆ ئەلیکترۆنییەکان ئەنجامدەدرێن و ئەوەش پێویست بە چارەسەریەکی خێرا و ڕاستەقینە دەکات.

٢- میکانیزمە خۆپارێزییەکانی پەیوەست بە پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی پەروەردەی یاسایی تاوانی، لە تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکانپەیوەندیی ئەو میکانیزمە بە بابەتەکەی ئێمە ئەوەیە، کە ڕۆڵی پەروەردە لە ناو کۆمەڵگادا دامەزرێت، لە ڕێی دەقی تاوانییەوە، وەکوو جۆرێک لە سیاسەتی خۆپارێزی، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تاوانەکانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی ئەوانی دیکە.

لە بەر ئەوەی وشەی (گەشەسەندن، یان پەرەسەندن) لە لایەنی زمانەوانییەوە کرداریکی سروشتیە، کە بە زۆر قۆناغدا دەڕوات، یان بەواتایەکی دیکە، پەرەسەندنە لە قۆناغەکان بە شێوەی یەک لە دوای یەکەوە. لە بەر ئەوەی پەرەسەندن بە پێی هەردوو ئاستی نەتەوەیی و ناوچەیی ڕوودەدات، بۆیە لە فیقهدا بە شێوەیەکی گشتی دوو زاراوە بۆی پەیدابوون. ئەو دوو زاراوەیەش لە ڕووی جێبەجێکردنیانەوە جیاوازنیەکەمیان بەو پەرەسەندنەی کۆمەڵگای خۆجێیی دەگوترێت، واتا پەرەسەندنی

---

(١) خالد رمزی محمود ابراهیم، مستقبل السیاسة الجنائیة التشریعیة، اطروحة دکتوراه، جامعة عین شمس، کلیة الحقوق، ٢٠١٦، ص٣٤.

لۆکاڵی، بەڵام زاراوەی دووەم جەخت لە سەر هەموو کۆمەڵگا دەکات. لە بەر ئەوەی بەکارهێنانی بە شێوەیەکی گەورە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی یەکسەر باو بوو، کە مەبەست لێی (پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە) ئەویش پڕۆسەیەکی گۆڕانکارییە. لە لایەنی یەکەمەوە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی پلان بۆ دانراو و بەمەبەستە و بەپێی سیاسەتێکی دیاریکراو دەبێت، یان بە هۆی سەپاندنی ڕژێمی کۆمەڵایەتیی نوێیە. دیسان گۆڕانێکە لە خۆوە دەبێت بە هۆی گۆڕان لە ڕژێمی کۆمەڵایەتی و شێوە جیاوازەکانی ڕەفتارکردن. ئەمە واتا پەرەسەندن بە هەموو جۆرەکانییەوە و بە تایبەتیش لە یاسای تاوانی، سروشتێکی مەبەست ئاسا لەخۆدەگرێت، کە گەڕانەکە پشت بە چەمکی پەیوەست بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، یان نەتەوەیی بە شێوەیەکی تایبەت دەبەستێت، ئەوەش لە بەر ئەوەی گشتگیریی لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی یاسا تاوانییەکانە. بەو پەرەسەندنە، واتا لە چوارچێوەی ئاڕاستەی دەقی ئەو یاسایەدایە، بە شێوەیەکی ورد ڕووەو پەرەسەندنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی ڕوودانی گۆڕانکاری لە ناو ڕژێمە کۆمەڵایەتییەکاندا و شێوەکانی ڕەفتارکردن بەو شێوەیەی، کە ڕەنگبداتەوە و بە سوود بگەڕێت بۆیان، چ لە ڕووی نەهێشتنی تاوانان بێ پێش ئەوەی ڕووبدەن، یان بەرەنگاربوونەوەی، لە کاتی ڕوودانیدا، یان سەپاندنی سزای گونجاو بە سەر تاوانکار، ئەویش لە میانەی سزایەکی دادپەروەرانە. سەرباری تاوانبارنەکردنی بێتاوان، یان

قوتاربوونی ئەنجامدەرانی تاوان لە سزاکان. هەروەها ئەو رۆڵە خۆی لە پاراستنی تۆمەتباران دەبینێتەوە لە رێکارێک، کە شکۆی مرۆڤایەتیی بشکێنێت[1].

لە سەر ئەو بناغەیەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان، تەنیا پەنابردن بۆ توندکردنی سزایەکان بەس نییە، بەڵکوو پێویستە بەوە دەکات تاکەکان پەروەردە بکرێن بە بەهای بەرز، لە میانەی دەقی یاسای تاوانی، هەر وەکوو لە تاوانەکانی بیروباوەڕ بە شێوەیەکی گشتی و تاوانی ناوزڕاندنی سیمبوڵە ئایینیەکان بە شێوەیەکی تایبەت، لە میانەی دیاریکردنی گفتوگۆ زانستیە ڕێپێدراوەکان لە لایەنی ئایینیەوە و بە تاوان ناساندنی هەی دیکە لە میانەی دانانی بەرزەفتی ڕوون و ورد.

